# ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان
# لە بەڵگەنامەی سۆڤیێتیدا
( ١٩٤٥-١٩٤٧ )

وەرگێڕان و لەسەرنووسینی

**د. ئەفراسیاو هەورامی**

پێشەکی و پێداچوونەوەو پەراوێز بۆ نووسینی

**د. یاسین سەردەشتی**

بنکەی ژین
سلێمانی ٢٠٠٧

٩٥٥,٠٥٣
ﻫ ٩٢٣ هەورامی، ئەفراسیاو
ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە چەند بەڵگەنامەیەکی شووڕەویدا (١٩٤٥-١٩٤٧)/ وەرگێڕان و لێنووسینی ئەفراسیاو هەورامی؛ پێشەکی و پێداچوونەوەو پەراوێز بۆ نووسینی یاسین سەردەشتی.
سلێمانی: بنکەی ژین، ٢٠٠٦.
١٦٩ل: ٢١ سم. (زنجیرە ٥٨)
١- کوردستانی ڕۆژهەڵات- مێژوو (١٩٤٥-١٩٤٧)
٢-ناونیشان ٣- زنجیرە ٥٨
کتێبخانەی گشتیی سلێمانی زانیاریی سەرەتاییی پۆلێن و پێرستی ئامادە کردووە

**سەرپەرشتی لەچاپدراوەکانی بنکە: سدیق ساڵح**

زنجیرە: ٥٨
کتێب: ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بەڵگەنامەی سۆڤێتیدا (١٩٤٥-١٩٤٧)
نووسەر: د. ئەفراسیاو هەورامی
پێداچوونەوەو پەروێز بۆ نووسین: د. یاسین سەردەشتی
مۆنتاج: سیروان خەلیل محەمەد
بەرگسازی: قادر میرخان
خەتی بەرگ: ئەحمەد سەعید
تیراژ: ١٠٠٠
نرخ: ٢٠٠٠ دینار
ژمارەی سپاردن: ١٦٨ی ساڵی ٢٠٠٧
شوێنی چاپ: سلێمانی، چاپخانەی شڤان

لە بڵاوکراوەکانی
**بنکەی ژین**
بۆ بووژاندنەوەی کەلەپووری بەڵگەنامەیی و ڕۆژنامەوانیی کوردی
هەرێمی کوردستان: سلێمانی، ئەندازیاران، گەڕەکی ١٠٥، کۆڵانی ٥، خانووی ٢٣
نۆرماڵ: ٣١٨٣٦٣١ ئاسیا: ٠٧٧٠١٥٦٥٨٦٤ یا ٠٧٧٠١٤٦٤٨٣٣ سانا: ١١٢٨٣٠٩
سنووقی پۆست: ١٤ E. Mail: bnkaizhin@yahoo.com

# ڕوونکردنەوە

ئەم چەند بەڵگەنامەیە کە بەڕێز دکتۆر ئەفراسیاو هەورامی لە ڕووسییەوە کردوونی بە کوردیو قسەی لەسەر کردوونو هەڵی سەنگاندوون، کەلێنێکی دیار لە مێژووی ئەو ساڵانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پڕئەکەنەوە.

بنکەی ژین، لەکاتێکدا پێویستی بینیوە لەچاپی بداتو بڵاوی بکاتەوە، لەبەر ئەوەی هاوڕای بەشێکی بۆچوونەکانی دکتۆر ئەفراسیاو نەبوو، سەرباری ڕێزی بۆ بۆچوونەکانی، لەلای خۆیەوە بە باشو بەسوودی زانی، بۆ زیاتر دەوڵەمەندکردنی بابەتەکە کە هەڵئەگرێ پشت بەستوو بە سەرچاوەو بەڵگەنامەی جیاوازی تر زۆرتری لەبارەوە بنووسرێ، بیخاتە بەرچاوی بەڕێز دکتۆر یاسین سەردەشتی، کە پسپۆڕی ئەو سەردەمەی مێژووی کوردستانی ئێرانە، تا پێیدا بچێتەوەو هێندێ پەراوێزی لێ بدات.

هیوامانە هەم کارێکی چاك کرابێو زانیارییەکی نوێ خرابێتە سەر دیوە ناڕۆشنەکانی ئەو قۆناغە، هەم دکتۆر ئەفراسیاو بەگوڕترو پشوو درێژترو پڕبەرهەم تر بێ بۆ درێژەدان بە سۆراخو پەیداکردنو کۆکردنەوەی بەڵگەنامەی گرانبەهاتر لە ئەرشیڤی ڕووسی.

بنکەی ژین

www.zheen.org

## پێشەکی

ئاشکرایە کە داگیرکردنی ئێران لەلایەن هێزە هاوپەیمانەکانی ڕوسیای شورەوی‌و بەریتانیاوە لە ٢٥ی ئابی ساڵی ١٩٤١دا، گۆڕانێکی لەناکاوو سەرەتای قۆناغێکی مێژوویی بوو لە ناوچەکەدا کە دیارترین دەرەنجامی نەمانی دیکتاتۆریی بیست ساڵەی ڕەزا شاو هەڵوەشاندنەوەی لەشکری شاهنشاهی، دەستپێکردنەوەی ژیانی ڕێکخراوەیی‌و ململانێی حیزبە سیاسییەکان لە تاران‌و بوژاندنەوەی چالاکیی نەتەوەیی گەلانی غەیرە فارسی بوو لە ئێراندا، بە تایبەتی کوردو ئازەر کە لە قۆناغی دیکتاتۆری بیست ساڵەی ڕەزا شادا بە هەموو شێوەیەك هەوڵی تواندنەوەیان درابوو لە بۆتەی نەتەوەی فارسی سەردەستدا.

بەدرێژایی ساڵەکانی جەنگی دووەمی جیهانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دوو هێزی کۆمەڵایەتی‌و سیاسی لەسەر شانۆی ڕووداوەکان چالاکانە هەڵدەسووران، هێزێکیان ئەو خێڵە کوردییانە بوون کە لە قۆناغی پێشوودا چەکەکانیان داماڵرابوو، سەرکردەکانیان بە بارمتە لە زیندانەکاندا گیرابوو. پادگانی سەربازی لە ناوچەکانیاندا جێگیر کرابوو، ئەمانە پاش ڕووداوەکانی خەرمانان (ئابی ١٩٤١) شوێنی پێشووی خۆیان وەدەستهێنانەوەو چەکداربوونەوەو سەرکردەکانیان لە زیندان هەڵاتن‌و گەڕانەوە لایان‌و پادگاکانیش پاش هەڵوەشاندنەوەی ئەرتەش تا ماوەیەکی درەنگ نەیانتوانی ئەو ڕۆڵەی پێشوویان ببیننەوە. ئەو خێڵانە خۆیان لە مەوقعییەتێکی وادا ئەدی کە دژایەتی هەر هەوڵێکی حکوومەتی ناوەندی ئێران بکەن بۆ گێڕانەوەی دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی بۆ

ناوچەکانیان هەرلێرەوە ڕاپەرینەکانی بانەو ورمێو هەورامانو مەریوان دژی حکوومەتی ناوەندی هەڵگیرساو ڕووداوی بەرچاوی ساڵەکانی جەنگ بوون.

هێزی دووەم، بریتی بوو لە ژیاندنەوەی ڕێکخراوە سیاسیو نەتەوەییە کوردییەکان لە شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەك حیزبی ئازادی کوردستانو کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان (ژ. ك) کە ڕۆڵێکی دیاریان لە بوژاندنەوەی گیانی نەتەوەیی لە ناوچەکەدا بینی. بە تایبەتی کۆمەڵەی ژ. ك کە ڕێکخراوێکی هوردە بۆرژوازیی ناسیونالیستی کورد بوو، توانیبووی چالاکانە لە بواری ڕۆشنبیریو تەنانەت مۆرالیشەوە کاریگەری هەبێ. ئەو (ژ. ك)ـەی بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی پەیوەندی بە لێپرسراوانو نوێنەرانی هێزە هاوپەیمانەکانی ناوچەکە دەکرد، بەتایبەتی ڕووسیای شورەوی کە پاش هاتنە ناوەوەیان بۆ ئێران، بەشی باکوورو باکووری ڕۆژاوای وڵاتەکەیان لەبەر دەستدا بووە، بەوردیش چاودێری ڕووداوەکانی ئەو ناوچانەیان دەکردو بەشێوەیەك مامەڵەیان لەتەکدا کرد کە کاریگەری مەنفیانە نەکاتەسەر مەسەلەی ئاسایشو ڕێگای گواستنەوەی هاوکارییەکانی بریتانیاو ئەمریکا بۆ شورەویو دەرفەتیش نەدرێتە دەستنێژەکانی ئەڵمانیای نازی تا بەدژی هێزەکانی شورەوی لە ناوچەکە گرفت بنێنەوە. ئەو مەسەلەیەی زۆربەی جار هانی دەدان دژی بەرژەوەندییەکانی کوردو بە قازانجی حکومەتی ناوەندی لە ناوچەکەدا هەنگاو باوێژن.

لەگەڵ دەرکەوتنی ئاسۆی شکستی ئەڵمانیای نازیو سەرکەوتنی هاوپەیمانان لەدوا ساڵەکانی جەنگدا، هەریەك لە زلهێزەکانی وەك شورەویو بەریتانیاو هەروەها ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا،

بەتایبەت لە ئێران کەوتنە خۆیان تا ڕۆڵیان لە دیاریکردنی تان وبۆی دەسەڵاتی سیاسیی و کۆمەڵایەتیدا هەبێ. بریتانیەکان خوازیاری ئەوە بوون کە لە ڕێگای چینی سوونەتی فیودالّو بۆرژوازی وابەستەو کۆمپرادۆری ئێرانەوە کە چەند سیاسەتکارێکی وەك "ضیاءالدین طباطبائي"و حیزبەکەی "حیزبي اراده‌ء ملی" ڕێبەرایەتی دەکران و هاوبیرو هاوکاریشیان لە ناو ئەرتەشی شاهەنشاهیدا بوو. بە بەرژەوەندییە هەنوکەییو ئایندەییەکانیان لەو وڵاتەدا بپارێزن. شورەویش کە تا ئەودەمە دەستکەوتێکی نەبوو لە ئێراندا لە دەست بدات، لە پێناوی چەند ئامانج و پاراستنی بەرژەوەندییەکانیدا کەوتە مانۆڕ، کە مەسەلەی هاتنە سەرکاری دەسەڵاتێکی دۆستو سازشکار، یاخود وەدەستهێنانی جیاوکی نەوتو ڕێگرتن لەچەسپاندنی نفوذی زلهێزە سەرمایەدارەکان لە باکووری ئێران بەشێکی بوون. دیارە ناکرێ لەم لایەنەوە ڕۆڵی "جەعفەر باقرۆڤ"و سەرکۆماری ئازەربایجانی شورەویو خواستی فراوانخوازی وناسیونالیستییانەی سەبارەت بە هەڵلوشینی هەرێمی باشووری ئازەربایجانو دابڕین لە ئێرانو یەکخستنی لەگەڵ دەسەڵاتەکەی باکووردا لەبیر بکرێ. هەر بۆیە لێرەوە ململانییە نێو دەوڵەتیەکان کاریگەری خۆیان لەسەر ڕووداوەکانی نێوخۆ هەبوو بە چەشنێك هێندێك بایەخدار پێیان وابوو ئێرانی پاش جەنگی دووەمی جیهان خاڵی سەرەتای جەنگی ساردی نێوان هەردوو کەمپەکەی جیهانی پێشووی پێك هێناوە.

هەر بۆیە لەو هەلومەرجەی پاش کۆتایی هاتنی جەنگی دووەمی جیهانیدا، سەرانی جووڵانەوەی نەتەوایەتی کوردی ڕۆژهەڵات هیوایەکی ئەوتۆیان لا دروست ببوو کە تێکۆشانی ئەو قۆناغە ئەگەری

بنکەی ژین
www.zheen.org

وەدەستهێنانی ماف و لابردنی ستەمی مێژوویی سەر گەلەکەیان لێدەکەوێتەوە. بەتایبەتی بلاۆکردنەوەی "مەنشووری ئەتلانتیک"، لەلایەن هاوپەیمانەکان و بەڵێنی ئازادی گەلانی چەوساوەو داگیرکراو تا ڕادەیەکی زۆر دڵی ئەوان بە ئایندەیەکی گەش خۆشتر دەکرد. جیا لەوەی کە جولاَنەوەی گەلی ئازەری دراوسێ بەدەر لەوەی هاندەرێك بوو بۆ وەخوکەوتنی ئەو ڕێبەرایەتییە، ترسی ئەوەش لا دروست بوون کە ئەمجارەیان لەلایەن دەسەلاَتێکی لاوی هەراشەوە قووت بدرێن و چارەنووسێکی ڕەشتر لەوەی هەبوە چاوەڕێیان بکات. بەتایبەت هەرێمی موکریان کە مێژوویەکی درێژی ناکۆکی و دژایەتی لەگەڵ دەسەلاَتدارانی سەپێنراوی تورکی ئازەردا هەبوە.

لێرەوە سەرکردایەتی سیاسیی ڕۆژهەلاَتی کوردستان بە ڕابەری پێشەوا "قازی محەمەد" نەیاندەتوانی لە ئاستی ئەو هەلومەرجە سیاسییەی ئێران و ناوچەکەدا دەستەپاچە بووەستن. ئەوان ئەو ڕاستییەیان دەزانی هاوپەیمانان پێشترو لە کۆنگرەی تارانیشدا لە سەربەستی خاکی ئێران و پاراستنی سنووری ئەو ولاَتە ئیمزایان کردبوو. هەر بۆیە لەسەر دارو پەردووی کۆمەڵەی ژ.ك.، حیزبی دیموکراتی کوردستانیان دامەزراندو وەك دیفاکتۆیەك بۆ پڕکردنەوەی نەبوون دەسەلاَتی ناوەندی لە مەهابادو دەوروبەری وەك ڕاگەیاندن سەربەخۆخوازی خۆیان لەبەرامبەر حکوومەتی ئازەربایجاندا، "حکوومەتی دیموکراتی کوردستان"یان ڕاگەیاند. کە دووەمین دەسەلاَت و حکوومەتی کوردییە لە مێژووی هاوچەرخی گەلی کورددا. ئەو حکوومەتەی کە لە ماوەیەکی کەمی تەمەنیدا کە ساڵێکی پڕ نەکردەوە، چەند دەستکەوتی بەدەست هێناوە کە تا ئەوکاتە لە مێژووی ڕۆژهەلاَتی کوردستاندا بێ وێنە بوو.

www.zheen.org

ئەم بەرهەمەی بەردەست، هەوڵێکی دکتۆر ئەفراسیاو هەورامییە بۆ نیشاندانی بەشێك لە ڕووداوەکانی ئەو قۆناغە کە لەبەڵگەنامەکانی ڕوسیای شورەوەیدا هەڵگیراون. ئەو بەڵگەنامانەی کە لەڕووی مێژووییەوە نرخێکی زۆریان بۆ لێکۆڵەوەرانی بواری مێژووی هاوچەرخی کوردو بایەخدارانی ئەو قۆناغە هەستیارەی جووڵانەوەی نەتەوەیی گەلەکەمان هەیە. دیارە ئەو ڕاستییە هەمیشە خۆی دووپات دەکاتەوە کە بەڵگەنامەکان کەرەستەی خاوی سەرەکی هەرەگرنگن بۆ مێژوو. لەگەڵ ئەو وریاییەی کە پێویستە لەلایەن لێکۆڵەر لەبەرچاو بگیرێ. چونکە ئەو بەڵگەنامانە نووسراوی مرۆڤن، ئەوانەی وەك دیپلۆماتو لێپرسراوی سیاسیی بە قازانجی وڵاتەکانیان لەو شوێنانەدا هەڵسوڕاونو دەگونجێ کە بۆچوونەکانیان نەك هەر دەقاودەق لەگەڵ واقیعدا نەیەتەوە، بگرە هەندێك جار ئامانجی شێواندنیشی لەپشتەوە بێ. ئەوەی وا لە لێکۆڵەری مێژوویی دەکات کە تەنیا لە ڕێگای چەند بەڵگەنامەیەکەوە حوکمی ڕەها بەسەر ڕووداوە مێژووییەکان دا نەداتو لە هەموو ڕوویەکەوە بە قووڵی بە دوای ڕاستییەکاندا بگرێ.

کاکە دکتۆر ئەفراسیاو بە وەرگێڕانی ئەم بەڵگەنامانەی ئەرشیڤی شورەوی، مشتێکی گرنگی دیکەی خستۆتە سەر خەرواری ئەو بەڵگەنامانەی کە سوودی مەزن بە نووسینەوەی ئەکادیمیو زانستیانەی مێژووی کورد دەگەیەنن. چونکە تا ماوەیەکی درێژخایەنو لەبەر زۆر هۆ لێکۆڵەرانی کوردو بایەخدان دەستیان بەو ئەرشیڤە دەوڵەمەندەدا نەدەگەیشتو مێژوومان لەسوود وەرگرتن لەو بەڵگەنامانە بەهرەی وەرنەدەگرت. بەتایبەت بۆ دەوڵەتێکی وەك شورەویو لە قۆناغێکی مێژوویی گرنگی وەك ساڵانی جەنگی دووەمی جیهانیدا کە خودی

شورەوی هێزێکی هەرە گرنگی سەر شانۆی ناوچەکەو فاکتەرێکی دیاری هاوکێشەی ململانێی زلهێزەکان بوو، کە کاریگەری خۆیان چ لە دامەزراندنو چ لە ڕووخاندنی ئەزموونی کوردییەکەی (حکوومەتی دیموکراتی کوردستان)دا هەبوە. هەر بۆیە لەلایەن خۆمەوە دەستخۆشی لە دکتۆر ئەفراسیاو دەکەمو هەوڵەکەی بەرز دەنرخێنم. لەگەڵ ئەوەی کە لەکاتی خوێندنەوەی بابەتەکەیدا هەوڵم داوە لەو شوێنانەی پێویست بە پەراوێز دەکەنو تا خوێنەر بەرچاوی ڕوونتر بێ، یان لەو جێگایانەی ڕای جیاوازم لە وەرگێر لەلا دروست بووە، بە بەڵگەو سەرچاوەی جیاوازەوە سەرنجەکانم تۆمار کردوون کە پێم وایە بابەتەکە دەوڵەمەندتر دەکات. دوا بڕیاریش دەدرێتە خوێنەری ئازیز.

دکتۆر یاسین سەردەشتی
پرۆفیسۆری یاریدەدەر- زانکۆی سلێمانی
١ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٦

بنکەی ژین
www.zheen.org

بنکەی ژین
www.zheen.org

**(١)**

١٩٤٥/٣/٣٠

**ڕاپۆرتی وتووێژی جێگری کونسولی گەورەی یەکێتیی سۆڤیەت لە تەورێز قولییێڤ ن. ک. لەگەڵ سەرکردەی بەناوبانگی کورد "قازی محەممەد"**

**ڕۆژی ٢٠ی فوریەی ئەمساڵ [ساڵی ١٩٤٥، س] قازی محەمەد، سەرکردەی بەناوبانگی کوردو دانیشتووی شاری مەهاباد، لە گەڕانەوەیدا لە تارانەوە بۆ مەهاباد، سەری لە کونسوڵخانەی ئێمە دا. قازی محەمەد، کە لەگەڵ سەرکردەکانی تری کورد، لەلایەن سەرۆك وەزیرانی پێشووی ئێران "ساعید"ەوە بە ناوی دەوڵەتی ئێرانەوە داوەت کرابوون و نزیکەی چوار مانگ لە تاران مابوەوە، لەسەر ئەم گەشتەو ئەو وتووێژانە کە لەگەڵ ڕێبەرانی دەوڵەتی ئێران و هەروەها لەگەڵ خودی شادا هەیانبووە، بەم چەشنەی خوارەوە بۆی گێرامەوە:**

**((بە گەیشتمان بۆ تاران، یەکەم جار چاوپێکەوتنمان هەبوو لەگەڵ سەرۆك وەزیران "ساعید"، وتووێژ لەگەڵ ئەو زۆر درێژەی نەخایاند. "ساعید"، زیاتر پرسیارەکانی سەبارەت بەو دەنگوباسە جۆراوجۆرانە بوو کە کوردەکان بەنیازن کوردستانێکی سەربەخۆ ڕابگەیەنن، بەڵگەی ئەوان ئەوە بوو کە کوردەکان ژەنراڵێکی ئێرانییان دەرکردبوو، کە ڕۆیشتبوو بۆ مەهاباد، ناوی هۆشمەند بوو. من لای خۆمەوە ئەم هەواڵانەی "ساعید"م بە درۆخستەوەو سەرنجی "ساعید"م بۆ ئەوە ڕاکێشا کە دەوڵەتی ئێران هیچ بایەخێك نادا بە گیروگرفتی تەندروستی و پەروەردە لە کوردستاندا. ئەمەش دەبێتە هۆی پەیدابوونی ناڕەزایی لای خێڵە کوردەکان. دوای ئەوە بڕیارمان دا لە چاوپێکەوتنی داهاتوودا بەوردی لەم بارەوە بدوێین، پاشان**

لێك جیابووینەوە. هاورێكانم داویان كرد لە "ساعید"، كە كێشەی دابینكردنی پارە چارەسەر بكات، بۆ ئەو ژاندارمریو پۆلیسانەی كە لە كوردەكان پێك هاتوون. "ساعید"، بەڵێنی جێبەجێكردنی ئەو داواكارییەی دا. دوای چەند ڕۆژ لەگەڵ هاورێكانم، لە ڕۆژی پێشكەشكردنی نیشاندا بە ئەفسەرانی ئێرانی، ناسێنراین بە شا. لەوكاتەدا كە شا خەڵاتەكانی دەبەخشی بە ئەفسەرەكان، بە شێوەیەكی تایبەتی ڕووی لە ئێمە كردو دەستی بۆ ئەفسەرەكان ڕاكێشاو گوتی: ئەم ئەفسەرانە برای ئێوەن، لێیان نزیك ببنەوەو پێكەوە خزمەتی وڵات بكەن. منیش وەڵامم دایەوە، گوتم: بەپێی باوەڕی ئایینی ئێمەی كورد، كە سوننی مەزهەبین، خەڵك دەبێ خزمەتكاری شای خۆی بێ. ئێمە بەپێی یاسای ئایینی خۆمان هەموو كاتێك وەفادارو سەر بە شای خاوەنشكۆ بووین. دوای ئەوە شا ڕووی كردە "ساعید"و فەرمانی دا لەگەڵ هەموو سەركردەكانی كورد، سەبارەت بە پێویستییەكانیان وتووێژ بكاتو هەموو هەنگاوێك بنێ بۆ جێبەجێكردنی ئەو پێویستیو داخوازییانە.

دوای چەند ڕۆژێك لەو چاوپێكەوتنەی شا، كابینەی "ساعید" لەسەر كار لابراو بەو چەشنە نەمانتوانی بۆ جاری دووەم چاومان پێ بكەوێ. ئەو ماوەیەی كە لە تاران بووم، من بە تەنیاو هەروەها لەگەڵ هاورێكانم، چەند جارێك لەگەڵ سەرۆكی ستادی گشتیی سوپای ئێران "ڕەزم ئارا"چاوپێكەوتنمان هەبوە؛ ڕەزم ئارا، لە یەكێك لە وتووێژەكانی خۆیدا لەگەڵ ئێمە، گوتی: وڵاتی ئێمە لەكاتێكی هەرە دژواردا دەژی. لەم ڕۆژە دژوارانەدا، ئەركی هەر ئێرانییەكی خاوێنە كە دەبێ دژی هەموو چەشنە خیانەتكارییەك ڕاوەستێودەرفەتی ئەوە نەدات بێگانەكانی دەرەوە لە لاوازی ئێمەو باری ناخۆشی وڵات كەڵك وەربگرن.

ڕەزم ئارا، لە وتووێژەکەیدا لەگەڵ ئێمە، بەڵێنی دا لە ماوەیەکی نزیکدا ژەنەراڵ هۆشمەندی ئەفشار فەرماندەی لەشکری سنە لەسەر کار لاببات. بەڵام وەك پاشان دەرکەوت، ڕەزم ئارا، سیاسەتێکی دووڕوویانەی لەگەڵ ئێمەدا بەکارهێنا. ئەو نەك هەر هۆشمەندی لەسەر کار لانەبرد، بەڵکوو بەپێچەوانەوە هەڵیانبژارد بۆ نیشانە وەرگرتن. دوای چەند ڕۆژێك، هۆشمەند، لەلایەن شاوە خەڵات کرا، بە بۆنەی ئەو چالاکییە سەرکەوتوانەی کە لە ناوچەی سەقز ئەنجامی دابوو دژی حەمەڕەشید خانی بانە.

ڕەزم ئارا، جگە لەوە، لە تاران دەیویست دووبەرەکی بخاتەوە نێوان من و هاورێکانم، چونکە پێشنیاری کردبوو بۆ هاورێکانم کە لە ڕێگای سنەوە (نەك تەورێز) بگەڕێنەوە بۆ مەهاباد، تاکوو لە سنە لەگەڵ ژەنراڵ هۆشمەند هاوکاری بکەن، بەڵام هاورێکانم پێشنیارەکەی ڕەزم ئارایان پەسند نەکردبوو.

کاتێك چوومە لای وەزیری جەنگ (زەند) [ئیبراهیم زەند–س]، لەکاتی وتووێژدا، ڕەزم ئارا هاتە ژوورەکەو من وەك پێویست گوێم نەدایە. زەند، هەستا ڕەزم ئارای پێناساندمو بەسەرسوڕمانەوە پرسیی: ئایا ئێوە یەکتر ناناسن ؟!! من وەڵامم دایەوەو گوتم: من لەمێژەوە ڕەزم ئارا دەناسمو چەند جار چاوم پێکەوتووەو ڕێزی لێ دەگرم، بەڵام نازانم ئەو بۆچی لەگەڵ من بێمەیلو بێڕێزە. ڕەزم ئارا یەکسەر تێگەیشت کە مەبەستم چییەو لەبەرچی سەبارەت بەو نارازیبوون دەردەبڕم؛ هەروەها ئەوەشی بۆ دەرکەوت کە هەوڵەکەی بۆ خستنەوەی دووبەرەکی لەنێوان من و هاورێکانم بێئەنجام بوون، بەڵام لەبەر چاوی زەند دەیوست واپێشان بدات کە لە من نەگەیشتووەو بە شێوەیەکی ماقووڵانە بۆ ڕۆژی دوایی چاوپێکەوتنی لە ژوورەکەی خۆی دیاری کرد.

پاش ڕۆیشتنی ڕەزم ئارا، زەند لێی پرسیم چ دەنگوباسێك هەیە لەسەر سەربەخۆیی کورد لە کوردستان‌و ئەو ڕۆژنامەیە چییە کە بە نهێنی لە کوردستان دەردەچێ‌و بیروڕای سەربەخۆیی بۆ کوردان بڵاودەکاتەوە ؟ بۆچی سەرکردەکانی کورد دان بە دەسەڵاتی کاربەدەستانی سوپای ئێراندا نانێن؟ بۆ نموونە، دەرکردنی هۆشمەند [سەرتیپ هۆشمەند ئەفشار فەرماندەی لەشکری چواری کوردستان–س]ی هێنایەوە لە مەهاباد. منیش وەڵامم دایەوە، گوتم ئێمە دژی دەسەڵاتی سوپای ئێران نین، بەڵکوو دەسەڵاتدارانی سوپای ئێران هەڕەشەی جۆراوجۆر دەکەن دژی کورد. بۆ وێنە، ژەنراڵ هوشمەند لە یەکێك لە قسەکانی خۆیدا بە ئاشکرا گوتبووی کە چیتر خۆی بە ناوی ژەنراڵ هۆشمەند ناو بابات تا ئەوکاتەی تۆڵەی دەرکردنی ئابڕووبەرانەی خۆی لە مەهاباد نەکاتەوە. هەر کاتێکیش بیێ تۆڵەی خۆی دەکاتەوە بە وێرانکردن‌و کاولکردنی مەهاباد.

دوایی من بە زەندم ڕاگەیاند کە کوردەکان نەخوێندەوارن‌و لە باری کەلتوورییەوە دواکەوتوون. ڕاست نییە ئەگەر بێت‌و کوردەکان لە ڕێگای هەڕەشەلێکردن‌و تۆقاندنەوە ناچار بکرێن گوێڕایەڵ‌و ملکەچ بن. ئەگەر دەتانەوێ کوردەکان گوێتان بۆ ڕاگرن‌و بە دڵسۆزی خزمەتی وڵات بکەن، دەبێ دەوڵەت زیاتر گرنگی بدا بە باری تەندروستی‌و لەشساخی‌و چوونە ناویان‌و دۆستایەتیکردن لەگەڵیاندا باشترە لەوەی تانك بەکاربێنن لەدژیان. لە وەڵامدا، زەند گوتی ئێران وڵاتێکی هەژارەو توانای ئەوەی نییە لە هەموو ناوچەکان قوتابخانە بکاتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا هەموو هەنگاوێك لەو بوارەدا دەنێ‌و هەوڵ دەدا پێداویستیەکانیان بەگوێرەی توانا جێبەجێ بکات.

www.zheen.org

ڕۆژی دواتر لەسەر بانگهێشتی ڕەزم ئارا، منو سەدری قازی کە نوێنەری مەجلیس بوو، چووین بۆ چاوپێکەوتنی ڕەزم ئارا. ئەو گوتی گوایە ئێمەی کورد وەك نیشتمانپەروەری ڕاستەقینە ناجوولێینو لە بەرژەوەندی بێگانەدا کار دەکەین. من وەلاٌمم دایەوە گوتم: من موسلٌمانمو دەتوانم بیسەلمێنم کە پێشینانی ئێمە تا دەگا بە من ئێرانی بووینو لە ئێران لە دایك بووینو کەس ناتوانێ گومان لە ئێرانی بوونی بکات. بەلاٌم ئەگەر ئێوە بەپێی وتەی هۆشمەند ئێمەی کورد بە خۆفرۆش دەزانن، داوا دەکەم هۆشمەند ئێرانیبوونی ڕاستەقینەی خۆی بسەلمێنێ. ئێمە لە ئێرانیبوونی ئەوو لە کەسایەتی ئەو گومانمان هەیە.

دوای ئەوە من گوتم ماوەیەك لەمەوبەر لە ڕۆژنامەی "کیهان"دا نووسرابوو گوایە من لەگەلٌ حەمەڕەشید خان سەبارەت بە جیاکردنەوەی کوردستان لە ئێرانو ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان وتووێژم کردووە. من سەرتاپای ئەم هەوالٌە ناڕاستە بە درۆ دەخەمەوەو داوا دەکەم: یا دەبێ ڕۆژنامەی ناوبراو بەلٌگە بێنێتەوە لەسەر قسەکانی خۆی، یاخود دەبێ سەرنووسەرەکەی ڕەوانەی دادگا بکرێ. بە گشتی دوای گفتوگۆی دووردرێژ لەگەلٌ ڕەزم ئارا، لەکۆتاییدا دیسان دەستی کردەوە بە ئامۆژگاریکردنی منو گوتی: دەبێ ئێمە لەگەلٌ کاربەدەستانی سوپایی بە ئاشتی بژینو مافیان پێشێل نەکەینو نابێ کەس ڕێ بگرێ لە کاربەدەستانی سوپا، سەبارەت بەوەی کە کوێیان پێخوشەو بۆ کوێ دەیانەوێ بڕۆنو لەکوێ کەرتەکانی سوپاکەیان جێگیر دەکەن. پاشان چاوپێکەوتنەکەمان کۆتایی هات.

بۆ جاری دووەم من لەگەلٌ شادا کۆبوومەوەو دیدارم کرد، شا بەوردی دەستی کرد بە وتووێژ لەگەلٌمداو پرسیاری کرد دەربارەی ڕووداوەکانی کوردستانو بیروڕای کوردانو جیاکردنەوەی کوردستان لە ئێرانو

دروستکردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردستان. دوای ئەوە ئامۆژگاری منی کرد کە لەگەڵ کاربەدەستانی سوپا پەیوەندی نزیکم هەبێ‌و گوێڕایەڵی ئاموژگارییەکانیان بم‌و پەیوەندی دوو لایەن تێك نەدەم. لە وەڵامدا، گوتم ئێمە بەڕێزەوە سەیری کاربەدەستانی سوپا دەکەین، بەڵام ئێمە تەنها لەگەڵ هۆشمەند، چونکە سیاسەتێکی ناڕاستی گرتۆتە بەر لەگەڵمان، ناکۆکین. لە درێژەی وتووێژەکاندا، پێشنیارێکم خستە بەردەم شا سەبارەت بە مەسەلەی پەروەردەو بارهێنانی کوردستان‌و لەش‌ساغی، داوام لێ کرد لە ڕێگای خاچی سوورەوە یارمەتیمان بدرێ. هەرچەندە شا بەڵێنی دا لە ڕێگای خاچی سوورەوە یارمەتیمان بدرێ، بەڵام ئەم بەڵێنەش جێبەجی نەکرا. لەکاتی سەردانمدا بۆ تاران، زۆر جار لەگەڵ وەزیر فەهیمی چاوپێکەوتنم هەبوە. ئەو لە مەجلیسی ئێراندا پشتیوانی لە کوردان کردووە، کاربەدەستانی ئێرانی تاوانبار دەکرد کە شتی خراپیان زۆر کردووە، کاتی شەڕکردنیان لەگەڵ حەمەڕەشید خاندا وێرانکاری زۆریان کردووە. هەروەها جارێك لەگەڵ سەرۆك وەزیرانی ئێستا "بەیات" چاوپێکەوتنم هەبوە، بەڵام وتووێژی درێژم نەبوە لەگەڵیدا؛ ئەو ئامۆژگاری دەکرد کە لەبەر بەرژەوەندی وڵات‌و پاراستنی تەواوی سەربەخۆیی ئێران، نابێ دەرفەتی هەندێ کەس بدرێ بۆ جیابوونەوەو ئاژاوەنانەوە لە کوردستان. لە ئەنجامی چاوپێکەوتنەکانمدا لەگەڵ نوێنەرانی سوپاو کارەبەدەستانی تری دەوڵەتی ناوەندیدا، توانیم ئەم کێشانەی خوارەوە چارەسەر بکەم:

١. لابردنی فەرماندارى سوپای مەهابادو دانانی یەکێکی تر لە جێگای ئەو کە سوپایی نییەو ناوی "سەریعول قەلەم"ە. دانانی ئەم کەسەیش لەڕێگای وەزارەتی ناوخۆوە بوو. ئەم کابرایە وەك کاربەدەستێکی

دەوڵەتی کەسێکی بێدەسەلاتو بێتوانایە، پێشتر وەك فەرمانداری مەهاباد کاری کردووە. کەسێکی بێلایەنە، بەگشتی مرۆڤێکی چالاك نییە، تلیاك دەکێشێ. بەڵام ئێمەی کورد مرۆڤێکی وەك "سەریعول قەلەم"مان دەوێ کە نەتوانێ پیلان بنێتەوە.

٢. من توانیم مەهاباد لەباری بەشی پەروەردەو بارهێنانەوە ڕاستەوخۆ ببەستمەوە بە تارانەوە، لەوێشەوە لە ڕێگای پەروەردەو بارهێنانەوە بودجەی بۆ دابین بکرێ، کابرایەکی کوردی محەمەدی موکری ناو دابنرێ بە سەرۆکی پەروەردەو بارهێنان. محەمەدی موکری لە تاران دەژیو خوێندنی باڵای تەواو کردووە.

٣. هەر لەسەر داواکردنی من بەڵێنیان دا کۆمیسیونێکی تایبەت بە لەشساغی بۆ چاودێریو چارەسەرکردنی دانیشتوانی کورد بنێررێتە کوردستان، هەروەها دکتۆرێکی زیادەشیان بۆ ناردین کە بەردەوام لەوێ بمێنێتەوە.

لەگەڵ ئەوەدا هەوڵێکی زۆرم دا لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ناوەندی بۆ ئەوەی کە مەهاباد ڕاستەوخۆ سەر بە تاران بێ، بەڵام ئەوان ئامادە نەبوون ئەو داخوازییەم جێبەجێ بکەن، من تەنیا توانیم پەروەردەو بارهێنانی مەهاباد ببەستمەوە بە تاران.

ئێمەی کورد لە باری سیاسیو ئابوورییەوە بە قازانجمانە ئەگەر ببینە ناوچەیەکی سەربەخۆو سەر بە تاران بین. لە بەرژەوەندی ئێمەدا نییە ئەگەر سەر بە ئوستانی چوار بین. هەروەها لە تاران سەردانی باڵوێزخانەی سۆڤیەتیم کردو لەگەڵ باڵوێز وتووێژم کردو ئەم داوایانەی خوارەوەم خستە بەردەمی:

بنکەی ژین
www.zheen.org

(١) كردنەوەی بەشی کۆمەڵەی پەیوەندییە کەلتوورییەکانی سوڤیەت لەگەڵ ئێران لە شاری مەهاباد.
(٢) كردنەوەی خولی فێربوونی زمانی ڕووسی.
(٣) بۆ بەهێزكردنی پەیوەندی بازرگانی لەگەڵ یەکێتیی سوڤیەت بۆ فرۆشتنی بەرهەمی پیشەسازی سوڤیەت لە مەهاباد، هەروەها کڕینی کەلوپەلی ئێمە لەلایەن دەزگا بازرگانییەکانەوە بوار بدرێ بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بێ.
(٤) دەزگایەکی چاپخانەمان پێبدرێ.

لە ئەنجامدا باڵوێز بەڵێنی دا داخوازییەکانی سەرەوەمان بەگوێرەی توانا بۆ جێبەجێ بکاتو یارمەتیمان بدات.

جێگری كونسوڵی یەکێتیی سۆڤیەت لە تەورێز

قولییێڤ

(ئەرشیڤی وەزارەتی کاروباری ڕوسیای فیدڕاتیڤی ٠٩٤، ئۆپیسی ٣١، دیدی ٦٤، باپكای ٣٥٣، ل١٢٩-١٣٣)

**(٢)**

**لە یاداشتەکانی سەرکونسوڵی یەکیەتی سۆڤێت لە ڕەزائیە، هاشومۆڤ، ن. س ١٩٤٥/٥/١**

بۆ ڕێکخستنی بەشی کۆمەڵەی پەیوەندییە کلتوورییەکان، منو هاوڕێ شەریفۆف ڕۆژی هەژدەی نیسان ڕۆیشتین بۆ مەهاباد. یەکەمجار سەردانی فەرماندار "سەریعول قەلەم"مان کرد. لە چاوپێکەوتنەکەدا ناڕازیبوونی خۆی لە بارودۆخی مەهاباد دەربڕیو گلەیی لەوە دەکرد کە

ئەو هەر تەنیا بەناو فەرمانداره‌و هیچ دەسەڵاتێکی نییە، چونکە کوردەکان لەدوای ڕووداوی مانگی فۆرییەی ١٩٤٥[١]ەوە، خۆیان هەموو کاروبارێك دەبەن بەڕێوە. لەبەرئەوە چەند جار داوام کردووە لە تاران ڕێگام بدات مەهاباد بەجێبهێڵم، بەڵام کاربەدەستانی تاران داواکەیان ڕەت کردوومەتەوە.

لە وەڵامی پرسیارێکمدا کە لێم پرسی، بە ڕای تۆ کێ ڕێبەرایەتی ئەم بزووتنەوەیە دەکات ؟ گوتی: من ڕێبەرایەتی ناناسم، بەڵام ڕێبەرایەتی بزووتنەوەی کورد پارتێکە بەناوی ( ژ . ك ) و نزیکەی هەموو دانیشتوانی کورد ناوی خۆیان نووسیوە لەم پارتەدا. یەکێك لە ئەندامانی ڕێبەرایەتی (ژ. ك) قازی محەمەدە، هەروەها گوتی قازی محەمەد ئەو کەسەیە کە بەکردەوە کاروباری فەرمانداری بەدەستەوەیە. پاشان ئەوەی باس کرد کە کوردەکان لە دەوری پارتی (ژ. ك) کۆبۆتەوەو هەمیشە باسی پشتیوانیکردنیان دەکەن لەلایەن یەکیەتیی سۆڤیەتەوە.

پاشان لە وەڵامی پرسیارێکدا کە ئایا هیچ بەڵگەیەکی بەدەستەوەیە لەم بارەوە، گوتی: عەزیز خانی گەنجەوی بەگ لە خێڵی فەیزوڵڵا بەگی، زۆرجار لە کۆبوونەوەدا داوای لە کوردەکان کردووە بۆ سەربەخۆیی کوردستان خەبات بکەن. هەروەها گوتی گوایە پێش ڕووداوەکان لە مەهاباد لە خۆپیشاندانێکی گشتیدا لەناو شار دوو ئەفسەرەکەی ئێمە

---

[١] چەککردنی شارەبانی مەهاباد لە ٢٦ بەهمەنی ١٣٢٣ه (١٥ شوباتی ١٩٤٥) ڕووی دا، پاش ئەوەی حوسێنی فروهەرو عەزیز خانی کرمانج ڕێبەری خۆپیشاندانێکیان کرد. لەدوای وتارخوێندنەوە پەلاماری شارەبانی درا. لەو پەلامارەدا ٢ سەرپاسەوان و ٣ ژاندارم کوژران، لە کوردیش "عەولاّی مینە خاڵندی" پێکراو دواتر گیانی سپارد (بڕوانە: کوهستان "هەفتەنامە"، شمارە ١، ٧ أسفند ١٣٢٣ش).

چوونەتە ماڵی فەرماندارو داوای ڕەخساندنی هەلومەرجێکی باشیان کردووە بۆ پێشکەوتنی کەلتوری‌و ئازادی بۆ کوردەکان. فەرمانداریش لە وەڵامی ئەو داخوازییەی ئەواندا، پێی ڕاگەیاندوون ئەو دەسەڵاتی جێبەجێکردنی ئەو داخوازییانەی نییەو کوردەکان دەبێ داوا لە دەوڵەتی ناوەندی بکەن لەم بارەیەوە.

وەك پێشتر باسمان کرد، دوای پەرەسەندنی ڕووداوەکانی مەهاباد، من‌و هاوڕێ شەریفۆف هاتینە ئێرە بە مەبەستی کردنەوەی لقێك بۆ کۆمەڵەی پەیوەندییە کەلتوورییەکان. بەڵام فەرماندار لەم بارەوە، گوتی: قازی محەمەد، ئەو کۆمەڵەیەی پێك هێناوەو ناوی ئەندامەکانی نووسیون کە لەخۆیەوە نزیکن‌و لەژێر ئەو ناوەدا کاری ڕەش دەکرێ.

جێی سەرنجە لەکاتێکدا ئێمە لای فەرماندار بووین، کوردەکان لە هەموولایەکەوە دەوری ماڵەکەیان دابوو، هەوڵیان دەدا گوێیان لە گفتوگۆکانمان بێ‌و بزانن چی ڕوودەدا.

کاتژمێر دوانزە چووینە لای قازی‌و بۆ نانی نیوەڕۆ لەوێ ماینەوە، لەو ماوەیەدا کە ئێمە لەوێ بووین هاتوچۆی پیاوە بەناوبانگەکانی کورد بەردەوام بوو. قازی محەمەد هەموو کاتێك وتوێژەکانی بەرەو سەربەخۆیی کوردستان دەبردو باسی دواکەوتوویی کوردانی دەکرد؛ بەگوێرەی قسەکانی، هۆی ئەو دواکەتنەکەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هەموو کاتێك لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئێران‌و تورکیاوە چەوسێنراونەتەوەو ئێستا لە حاڵێکی نیوە برسیدا دەژین. لەم بارەوە سوپاسی سوپای سووری کرد کە بە هاتنی ئەوان بۆ ئێران، کوردەکان بەتەواوی گەیشتن بە سەربەخۆیی خۆیان‌و لە باری ئێستایان زۆر ڕازین. بۆ وێنە، ئەم مەسەلانەی خوارەوەی باس کرد:

– هەموو گەلانی سەر زەوی هەوڵ دەدەن هەرچی زووتر کۆتایی بە شەڕ بێ، بەڵام کوردەکان نیگەرانن بە کۆتایی هاتنی شەڕ؛ ترسی ئەوەیان هەیە کە دوای شەڕ هێزی هاوپەیمانان ئێران جێدێڵن‌و دەسەڵاتدارانی ئێران سەرلەنوێ دەست دەکەنەوە بە چەوساندنەوەو سووکایەتیکردن بە کورد. لەبەر ئەوەیە کورد ئێستا دژی هاتنی سوپای ئێرانە بۆ مەهاباد.

– کوردەکان وا تێگەیشتوون کە تەنیا یەکیەتی سۆڤیەت یارمەتییان دەدا لە خەباتیاندا بۆ سەربەخۆیی. لەم بارەوە نموونەیەکی هێنایەوە: ماوەیەك لەمەوبەر شانۆنامەیەك لە مەهاباد نمایش کراوە [مەبەستی شانۆی "دایکی نیشتمان"ـە–س] ناوەڕۆکەکەی بەم چەشنە بووە: کوردستان لە سیمای ژنێکی دیلدا خراوەتە ڕوو کە بە زنجیر بەستراوەتەوە. لاوێکی کورد بەرگێکی سووری پۆشیوە– دەبێ نیشانە بێ بە یەکیەتی سۆڤێت– بە چەقۆ ئەو پەت‌و زنجیرە دەپچڕێنێ کە وڵاتەکەی پێ بەستراوەتەوە. دوایی کەسێك دێت بە جلوبەرگی ژەنراڵییەوە کە دیمەنی داپۆشراوە، نوێنەرایەتی‌و ڕابەرایەتی کوردستان دەکات.

قازی محەمەد، لەپێش چاوی هەموان داوای لە من کرد کوردەکان بە تایبەتی هەوادارانی (ژ. ك) نوێنەرێکی ڕۆشنبیری بەدەسەڵاتی دەوڵەتی سۆڤێتیان دەوێ لەلایان بێ، تاکوو دەوڵەتی سۆڤێت لەبارەی ڕووداوەکانی کوردستان‌و پارتی (ژ. ك) ئاگادار بێ. (ژ. ك)، ڕێکخراوێکی تازە پێگەیشتووەو لەوانەیە تووشی هەڵەی زۆر بێ‌و پێویستی بە ڕێنوێنی‌و چاودێریکردن هەیە.

قازی محەمەد، هەروەها گوتی، ئەو شارەزایی تەواوی هەیە لە بنەمای دروستکردنی یەکیەتی سۆڤیەت؛ سەرەڕای ئەوەی کە خۆی خاوەن موڵکێکی گەورەیە، دەیەوێ لە کوردستانیش دەسەڵاتێکی وەك کۆمەڵگای

سۆڤیێت بنیات بنرێ، هەرچەندە ئەوکاتە دەبێ دەست لە هەموو موڵکەکانی خۆی هەڵبگرێ.

ئەم وتانەی قازی محەمەد کاریگەریەکی تاڵو خراپی هەبوو لەسەر ئەوانەی کە لەوێ ئامادە بوون. هەروەها قازی محەمەد گوتی: بۆ بەجێگەیاندنی ئەم کارە، سەبارەت بە یەکگرتنی کوردەکان، کۆمیتەی (ژ. ك) پێی وایە پێویستە پەیوەندییە خێڵایەتیەکان لەناو بنرێن.

سەبارەت بەو نووسینەی ڕۆژنامەی "کەیهان" کە ڕەخنەو توانج دەگرێتە (ژ. ك)و کوردەکانو دەنووسێ فیل هەرچەندە بچووکیش بێ هەر گەورەترو بەرزترە لە کەر، قازی گوتی: ئەم جۆرە نووسینانە نابێ ببنە هۆی تووڕەیی کوردەکان، بەپێچەوانەوە دەبێ کوردەکان شانازی بکەن بەوەوە کە ئەو شتانەیان لەسەر نووسراوە، چونکە مانای وایە کوردەکان بەهێزن و ئەوان لێیان دەترسن.

پاش ئەم هەموو باسانە، قازیو هەموو ئامادەبوان چاوەڕێی وەڵامی ئێمەیان دەکرد، من گوتم: ئێمە بەتەما نین لەسەر ئەو کێشانەی وا ئەوان باسیان کرد، بڕیارێك بدەین. هەموو گەلان مافی ئەوەیان هەیە بگەنە سەربەخۆیی خۆیانو گەشە بە کەلتووری خۆیان بدەن. مەبەستی هاتنی ئێمەش بۆ مەهاباد بریتییە لە پێکهێنانی بەشی پەیوەندییە کەلتوورییەکانی سۆڤیێت. من وا هەستم کرد کە وەڵامەکەی من بە دڵی قازی نەبوو.

لەو کۆبوونەوەیەدا، چەند مووچەخۆری دەوڵەت کە یەکێکیان بەرپرسی داراییو ئەوی تریان سەرۆکی بەشی پەروەردەو بارهێنانی مەهاباد بوو، لەگەڵ دوو نەفەری تر کە لەتەورێزەوە هاتبوون بە میوانی بۆ



بنکەی ژین
www.zheen.org

مەهاباد، ئەمانە زۆر هەستیان بە ئازادی دەکرد؛ ئەمانە خێرا نانی نیوەڕۆیان بۆ دروست کرا، پاشان دەرکەوت کە ئەوانە بە ماشینی فەرمانداری تەوریێز هاتوون.

پاشان ئێمە ئامادەی ئەو کۆبوونەوەیە بووین کە دەستەی سەرۆکایەتی کۆمەڵەی پەیوەندییە کەلتوورییەکانیانی تێدا هەڵبژارد، قازی محەمەد بە سەرۆك‌و محەمەدی کەیوانپوور بە جێگری ئەو هەڵبژێردران. لە کۆبوونەوەکەدا چەند شاعیری کورد، بە زمانی کوردی شیعریان خوێندەوە لەسەر یەکیەتی سۆڤیەت‌و ڕابەرەکانی. کۆبوونەوەکە دوو ڕۆژی خایاند، لە ژووری یەکەم سەرکردە بەناوبانگەکانی کورد بەساردییەوە پێشوازییان لە شاعیرانی ناوبراو کرد، بەڵام لە ژوورەکەی تر کە جێگای هەژارەکان بوو، بە چەپڵەلێدانی گەرم پێشوازی کرا لەو شاعیرانەو شیعرەکانیان. بەدوای ئەوەدا هاوڕێ شەریفۆف سەبارەت بە ئەرکەکانی کۆمەڵە دەستی بە قسەکردن کرد. پیاوە گەورەکانی کورد وتەکانی ئەویان بەدڵ نەبوو، چونکە کۆمەڵەی پەیوەندییە کەلتوورییەکان دەست دەخاتە کاروباری سیاسی کوردەکانەوە، بە تایبەتی کاروباری ( ژ. ك ).

بە کۆتایی هاتنی کۆبوونەوەکە، قازی محەمەد داوای لێ کردین بچینە ژوورەکەی تەنیشتمان، بۆ ئەوەی لەگەڵ کاك محەمەدی مامەش، مارف ئاغای مەنگوڕ، پیرۆت ئاغای مەنگوڕ، بایز ئاغای گەورك، کاك عەبدوڵڵای گەورك، کاك قادر ئاغای گەورك دانیشتنێك بکەین؛ لە دانیشتنەکەدا ناوبراوان بە ناوی (ژ. ك) ـەوە داوای ئەم شتانەی خوارەوەیان لێ کردین:

(١) تیپۆگرافی (دەزگای چاپکردن).
(٢) دەزگای وەرگرتن‌و بڵاوکردنەوەی ڕادیۆیی.

www.zheen.org

جگە لەوە، ئەوان دووبارە داوایان کرد ڕاستەوخۆ نوێنەری ئێمە بۆ کاروباری بازرگانی نێوان کوردەکان‌و سۆڤیەت دیاری بکرێ، هەروەها دەرفەتی ناردنی سێ دەستەی نوێنەری لەلایەن گەلی کوردەوە بۆ باکۆ بە بۆنەی ساڵرۆژی دامەزراندنی کۆماری ئازەربایجانی سۆڤێتی‌و داوای کردنەوەی خولی زمانی ڕووسیان کرد لە مەهاباد.

من پێم ڕاگەیاندن ئەم داوایانەی ئێوە کە بە ناوی (ژ. ك)ـەوە ڕاتانگەیاندوون، تەنیا لە دەسەڵاتی کۆمەڵەی پەیوەندییە کەلتوورییەکاندایە کە تازە دامەزراوە، لەبەر ئەوە پێویستە ڕووبەڕووی ئەوان بکرێتەوە. دیار بوو ئامادەبوان هیچ پەیوەندییەکیان نەبوو لەگەڵ کۆمەڵەی ناوبراودا، چونکە ئەوان لەلایەن قازی محەمەدەوە هەڵبژێردرابوون کە بەناوی کۆمەڵەوە وتووێژمان لەگەڵ بکەن. لەوکاتەدا کە ئێمە خەریکی ئەم وتوێژانە بووین، قازی محەمەد خۆپیشاندانێکی لەسەر شەقام ڕێکخستبوو، هەندێ کەسیان هەڵبژاردبوو دەیانویست وێنەی ئێمە بگرن. ئێمە کە ئەوەمان زانی، بە خێرایی ماڵئاواییمان لە هەموان کردو ڕۆیشتین. بۆ ڕۆژی دوایی‌و پاش ڕۆیشتنەکەی ئێمە، پیاوە بەناوبانگەکانی کورد مەهابادیان بەجێ‌هێشتبوو.

کوردەکان هەوڵیان دەدا (قەرەپاپاخ)ـەکان ڕابکێشن بۆلای (ژ. ك)، بەڵام ئەوان ئامادە نەبوون بۆ ئەم کارە. لەبەر ئەوە لەلایەن کوردەکانەوە تەنگیان پێ‌هەڵچنرابوو. ئێستا کوردەکانی سوڵدوز چاوەڕێی دەستورو فەرمانی نوێن لە مەهابادەوە سەبارەت بە هەڵسوکەوت کردنیان لەگەڵ قەرەپاپاخەکاندا.

من بە چاوی خۆم هەستم بە بوونی پارتی (ژ. ك) کردووە و زۆربەی خەڵك پارتی (ژ. ك) بە (کۆمەڵە) ناودەبەن. زۆربەی کوردەکان‌و پیاوە

بەناوبانگەکانیان لایەنگری سۆڤێت دەکەنو بەهیوان لە خەباتیاندا بۆ سەربەخۆیی لە سۆڤێت یارمەتی وەربگرن. کومیتەی کوردی (ژ. ك) خەڵك دڵنیا دەکات کە لە ئیشوکارەکانی خۆیدا پەیوەندی دەکات لەگەڵ یەکیەتی سۆڤێت، بەڵام لەنێوان ئێمەو (ژ. ك)دا هیچ پەیوەندییەك نییە[٢].

پێویستە ئەوە بگوترێ پیاوە بەناوبانگەکانی کورد لە هەموولایەکەوە هەوڵ دەدەن پەیوەندیمان پێوە بکەن، بەڵام کەس ناوی تەواوی سەرکردایەتی کومیتەی (ژ. ك) نادات و کەس باسی پەیوەندییەکانی ئەو پارتە ناکات لەگەڵ پارتەکانی تری ئێرانو تورکیەو عیراقو سووریادا، ئەمەش پاڵمان پێوە دەنێ کە زۆر ئاگادار بین.

ڕۆژی (٢٧)ی ئاپریلی ئەمساڵ، شێخ سەیید عەبدوڵڵا گەیلانی هاتە کونسوڵگەری، گوتی نوێنەری فەرماندەی (سوپای سۆڤێت یارمەتی دوژمنەکەی دەدات کە ناوی ئەحمەدەو پیاوەکانی ئەو لە گوند دەردەکاتو زەویوزارەکانیان دەداتە پیاوەکانی سەیید ئەحمەد. ئەو

---

[٢] ئەم وتەیەی هاشمۆف، دانپیانانێکی ڕاستگۆیانەو بەڵگەیەکی ئاشکراو بنەبڕە بۆ ئەو نووسەرانەی کە بێ هیچ بەڵگەیەك لە نووسینەکانیاندا هەوڵ دەدەن کۆمەڵەی ژ. كو جووڵانەوەی پەرەگرتووی نەتەوەیی کورد لە هەرێمی موکریاندا لەو مەودایە بە دەستکردی شورەوییەکان بدەنە قەڵەم. هەژار لەو ڕووەوە نووسیویە: "زۆر کەس لایان وایە کە حیزبی ژ. ك ڕووسان دورستیان کردووە. کە خواهەڵناگرێ ڕاستی بۆ نەچوون، کاتێ کە حیزب بۆ هەوەڵجار لە سابلاغ دامەزرا، ڕووس هیچ ئاگایان لێ نەبوو، دەمانویست بە ڕەسمی بمانناسنو یارمەتیمان بکەن، بەڵام هەرچی کۆششمان دەکرد جوابیان نەدەداینەوە" (بڕوانە: هەژار"عەبدوڵرەحمان شەرەفکەندی"، چێشتی مجێور، ئامادەکردنو سەرپەرشتیکردنی چاپ، خانەی شەرەفکندی، چاپی یەکەم، پاریس، ژ٩٩٧، ل ٦٥).

گومانی هەیە لە ئێمە کە لێی و گوایە بە ئاگاداری ئێمە ئەو کارە دەکات. من پێم سەلماند کە ئەمە وانییەو بەڵێنم پێ دا لەم بارەوە لێکۆڵینەوە بکەمو هەنگاوی پێویست بنێم، پرسیاری ئەوەشم لێ کرد کە کاری ئەو سەبارەت بە وەرگرتنو ناونووسینی خەڵك لە پارتی (ژ. ك) چۆن دەچێتە پێش ؟ لە وەڵامدا گوتی لەبەر گێرەوکێشەی لەگەڵ سەید ئەحمەددا، ناتوانێ لە گوندەکەی خۆی دووربکەوێتەوەو بۆ هیچ کوێ بچێ.

لە وتووێژەکانی نێوانماندا، توانیم بەم ئەنجامانە بگەم:

١- شێخ سەید عەبدوڵڵا گەیلانی ئەندامی کۆنی پارتی (ژ. ك)ـەو درێژەپێدەری نەریتی بنەماڵەکەیانە کە بەشداری دەکا لە خەبات بۆ سەربەخۆیی کوردستان. لەبەر ئەوە لەلایەن سەرکردە کوردەکانەوە ڕێزی لێ دەگیرێ.

٢- لە عیراقدا حزبی هیوا هەیەو پەیوەندی ئەم حزبە لەگەڵ پارتی (ژ. ك)دا لە ڕێگای کەسانێکی بڕواپێکراوەوەیە، بە تایبەتی لە ڕێگای کوڕەکەی ئەوەوە کە ناوی سەید عەزیزەو ئێستا لەناو سوپای عیراقدا بە پلەی کاپیتانە.

٣- کاربەدەستانی عیراق متمانە بە سەربازو ئەفسەرە کوردەکان ناکەن، لەبەر ئەوە ئەفسەرە کوردەکانیان گواستووەتەوە بۆ سنوورەکانی عیراقو ئێران لە باشووری عیراق، واتە بۆ شاری (سەماوە). ژمارەی سەربازو ئەفسەرە کوردە هەڵهاتووەکانی ناو سوپای عیراق کە لە دەوری مەلا مستەفا ڕابەری بەناوبانگی کوردی عیراق کۆدەبنەوە، بەرەو زیادبوون دەڕوات. مەلا مستەفا ئەندامی کۆمیتەی هیوایەو لە ڕابردوودا سەرکردایەتی ڕاپەڕینی چەکدارانەی دژی دەسەڵاتدارانی عیراق کردووە. ئێستا کاربەدەستانی عیراق هەوڵ دەدەن مەلا مستەفا ناچار بکەن خۆی

بدا بەدەستەوەو گوێڕایەڵی دەوڵەت بێ. ئینگلیزەکانیش هەروا لەسەر ئەو ڕایەن، بەڵام مەلا مستەفا هیچ بڕیارێکی نەداوە. بارزانی ئێستا لە گوندی بارزان دەژی. شێخ گوتی ئەو بەتەواوی نازانێ، بەڵام دەڵێن کۆمیتەی هیوا لە گوندی بارزانە. لەنێوان شێخ و مەلا مستەفادا پەیوەندی هەیە. بە وتەی شێخ (هیوا) بڕوا بە ئینگلیزەکان ناکات، لەبەرئەوەی ساڵی ١٩٢٥ لەکاتێکدا کوردەکان خەباتیان دەکرد بۆ سەربەخۆیی، ئینگلیز بەڵێنی پێ دان، بەڵام پاشان پەیمانێکیان بەست لەگەڵ تورکیادا، بەپێی ئەو پەیمانە ناوچەیەك بە شاری مووسڵەوە خرایە سەر عیراق‌و بەم جۆرە کوردەکان لەو پشتیوانییەی کە بەڵێنیان پێ دابوون بێبەش کران. لە سەردەمی ئێستادا، ئەرکی سەر شانی کومیتەی هیوا وەك کومیتەی (ژ. ك) بریتییە لە پێکهێنانی کوردستانێکی سەربەخۆ- جگە لەوە ئەو دوو کومیتەیە بڕیاریان داوە تەنیا لایەنگری سۆڤیێت بن.

شێخ لەسەر داوای من کارت‌و نەخشەی سنوورەکانی کوردستانی وەك چۆن (ژ. ك) دەیخاتە بەردەست، پیشان دام.

بە قسەی شێخ، قازی محەمەد لای کوردەکان جێی متمانەو بەناوبانگ نییە، چونکە چەند جار بۆچوون‌و هەڵوێستی خۆی گۆڕیوەو ئیشی بۆ ئینگلیز کردووەو پەیوەندیی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ئێراندا هەیە. لەم کاتەدا قازی محەمەد پارەیەکی زۆر خەرج دەکات بۆ چەکدارە کوردەکان‌و نازانرێ ئەم پارەیە لەکوێوەی دەهێنێ. ٢٩ی نیسانی ئەمساڵ کوڕەکانی قەرەنی ئاغای مامەش "عەزیز ئاغاو عەلی ئاغا" سەریان لێ دام‌و لەکاتی گفتوگۆدا ڕایانگەیاند کە:

www.zheen.org

(١) قەرەنی ئاغای مامەش، ڕۆیشتنەکەی خۆی بۆ باکۆ زۆر بەدڵ بووەو وتەکانی ڕێبەری بەلشەویکەکانی ئازەربایجان، هاوڕێ باقرۆف کە

گوتبووی کوردەکان دەبێ لە ئاشتیدا بژین، هەر لەبیریەتی. ئەمە یەکێکە لەوانەی کە لەگەڵ سەرکردەکانی کورددا ڕۆیشتوون بۆ باکۆو وەفاداری ئامۆژگارییەکانی هاوڕێ باقرۆفە. ئێستا لە کوردستان، پارتی ژ. ك دامەزراوەو قەرەنی ئاغا نازانێ ئەم پارتە چییەو چۆنەو لە ڕێگای کوڕەکانیەوە داوای ئامۆژگاری لە کونسوڵی سۆڤێت دەکا کە بچێتە ناو ئەم پارتەوە یا نا ؟

(٢) قەرەنی ئاغای مامەش متمانە بە (ژ. ك) ناکات لەبەرئەوەی وتەو کردەوەی جیاوازە. بە بیروڕای ئەو (ژ. ك) ڕێکخراوێکی سیاسییەو مەبەستی ڕزگارکردنی کوردستانە، جگە لەوە ئەندامانی (ژ. ك) خەریکی گێرەو کێشەو تاڵانکردنی گەلانی ترن، بەگوێرەی بیروڕای قەرەنی ئاغا (ژ. ك) ئامانجێکی وا گەورەی هەیە دەبێ هەموو گەلانی دانیشتووی کوردستان لە دەوری خۆی کۆبکاتەوەو یەکیان بخاتو پشتگیری لە تاڵانکردن و ئاژاوەنانەوە بکات.

(٣) قەرەنی ئاغای مامەش، پەیوەندییەکی باشی هەیە لەگەڵ قازی محەمەد، بەڵام لەم ماوەی دواییەدا لێی نارازییە، چونکە وەك ئەو دەڵێ زۆر شتی لێ دەشارێتەوە. قازی محەمەد لە پارتی ژیانەوەی کورددا کار دەکاتو هەموو پیاوە ئایینییەکانی مەهابادی هێناوەتە ڕیزی (ژ. ك)ەوەو خۆیشی بە گوندەکاندا دەگەڕێو ناوی خەڵك دەنووسێ بۆ ئەندامێتی (ژ. ك).

(٤) قازی محەمەد خەرجی ئەو گەنجە کوردانە دەدات کە خەریکی فێربوونو خوێندنی ئیشوکاری سوپایینو ڕۆژانە هەرەیك لەو گەنجانە ٢٥ ڕیاڵ وەردەگرن. هەروەها قازی پارە دەداتە ئەو پیاوە ئایینیانەی کە بوونەتە ئەندامی (ژ. ك).

(٥) جگە لە قەرەنی ئاغای مامەش، زیرۆ بەگ، نووری بەگو حەسەن تیلوو ڕەشید بەگیش داوای ئامۆژگاریو ڕێنوێنی دەکەن لە کونسوڵی سۆڤێت. ئێمەش باش دەزانین حەسەن تیلو بە ئاشکرا کابرایەکی سەر بە تورکەکانە. قەرەنی ئاغای مامەشیش پیاوی ئینگلیزە، ئەوانی تر ئاشکرایە چۆن لایەنگری لە ئینگلیزەکان دەکەن. کوڕەکانی قەرەنی ئاغای مامەش پێش ڕۆیشتنیان، سی هەزار ڕیاڵیان تەرخان کردبوو بۆ دروستکردنی ستوونێکی تانك بەناوی هۆری باقرۆفەوە .

(٦) سەرگوردێکی سوپای ئێران بە ناوی کەیوانی هاتووە بۆ ناوچەی ڕەزائیەو لە بیستو نۆی ئاپریلدا چووەتە لای قەرەنی ئاغای مامەەشو عەزیز عەلیو ڕۆژی ٣٠ ئاپریل چاوپێکەوتنی لەگەڵ کوڕی بەناوبانگی کورد کەریم ئاغای گوش گەلانی کردووە.

لە چاوپێکەوتنمدا لەگەڵ "ئینتیزاری" کە کابرایەکی خاوەن موڵکە، بۆم دەرکەوت محەمەد باقرخان لە ستادی ژەنراڵ شابەختی ئیشی کردووە، هەشت نۆ ساڵ لەمەوبەر پاسپۆرتی بۆ ڕەشید بەگ و زیرۆ بەگ جێبەجێ کردووە. ناوبراو هەمیشە بە کێشەی کوردەوە خەریك بووەو لای ڕەشید بەگو زیرۆ بەگ ڕێزی هەیە. محەمەد باقرخان لە ڕەزائییە خزمی هەیەو پێم وایە ناردوویانە بۆ ئیشکردن لەناو کوردەکاندا.

لە گفتوگۆ لەگەڵ شێخ عەبدوڵلادا گەیشتمە ئەو ئەنجامەی کە ئێمە بۆیە پێویستە، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکەی لەگەڵ سەید ئەحمەدو ئیشە تایبەتەکانی تر یارمەتی بدەین، ئاشکرایە کە دەیەوێ باوەڕی پێبکەین.

لە ڕۆژی یەکی مانگی مایسی ئەمساڵدا، دوو نامە لەلایەن کۆمیتەی (ژ. ك)ـەوە هاتووە بۆ کونسوڵی سۆڤێت؛ لە نامەی یەکەمدا کۆمیتەی (ژ. ك) ڕائەگەیەنێ کە قەرەنی ئاغای مامەش خۆی فرۆشتووە بە

دەسەڵاتدارانی ئێرانیو دژی (ژ. ك) و لەلایەن فەرماندەی لەشکری پێنجی ئێران "سەرتیپ هۆشمەندی ئەفشار"ەوە دەستورو فەرمان وەردەگریّ. هەروەها کوڕی قەرەنی ئاغای مامەشو مام عەزیز ئاغا لەگەڵ بایز ئاغا لە خێڵی گەورك ڕۆیشتبوو بۆ ناو خێڵی مەنگوڕانو کۆبوونەوەشیان هەبوەو بڕیاریان داوە لەناو کورداندا دژی (ژ. ك) پڕوپاگەندە بکەن. برای بایز ئاغا ئەحمەدی عەزیزی ماوەیەکی زۆرە لە سەقز دەژیو ئەویش دژی (ژ. ك) کار دەکات.

لە نامەی دووهەمدا کومیتەی (ژ. ك) داوا لە کونسوڵ دەکات کە دوژمنەکانی شێخ سەید عەبدوڵڵا، محەمەد حوسێنو کوڕەکەی محەمەد ئەمین ناچار بکەن سێسەد پەزی دزراوی شێخ سەعید عەبدوڵڵاو سەید کەمال بدەنەوە. هەروەها لە نامەکەدا هاتووە، ئەوانەی لە سەرەوە ناوبران، کۆسپی زۆر دەخەنە بەردەم پارتی (ژ. ك). پارتی (ژ. ك) توانای ئەوەی هەیە ڕووبەڕووی ئەوانە ببێتەوە، بەڵام داوا لە ئێمە دەکەن کونسوڵ لەم بارەوە ناوبژیوانی بکات. سەرکردەکانی کورد هەوڵ دەدەن بۆ دروستکردنی کوردستانێکی سەربەخۆ، بە پشتیوانی هەر کەسو لایەنێك بێ. کوردەکان وا لە سەربەخۆیی گەیشتوون کە لە چەوساندنەوەی دەوڵەتانی ئێرانو عێراقو تورکیا ڕزگاریان بێ. بەڵام تائێستا ئەوانە نازانن چۆن خۆیان ڕێك بخەن بۆ سەربەخۆیی، تائێستا هیچ کاندیدێکی وایان نییە کە شایستەی ڕێبەرایەتیکردنی کوردستان بێ.

کوردەکان لایان وایە یەکیەتی سۆڤێت یارمەتییان دەدات بۆ وەرگرتنی خودموختاری، ئەم هیوایە دەبێتە هۆی ئەوەی کە لەسەرمان حیساب بکەنو بە ئاشکرا بوارمان بۆ بڕەخسێنێ دەوری خۆمان لەناو کورداندا

پەرە پێبدەین. بەڵام دەبێ بزانرێ کە ئینگلیزەکان ساڵەهایە لەناو کورددا چالاکی گەورە دەنوێننو توانیویانە لەگەڵ هەندێ لە سەرکردەکانی کورددا پەیوەندی ببەستنو دەوری خۆیان لە کوردستان پەرە پێبدەن. چۆنیەتی ئەم دەورەیان لە ناوچەکانی کوردستاندا وەك یەك نییە، لە ناوەندی کوردستان (مەهاباد، جەڵدیان، شنۆ)، دەوری ئینگلیزەکان هەڵسوکەوتی ئێمەی لەکار خستووە، بەڵام بەم نزیکانە گوێیان لە دەنگی ئێمەش دەبێ. لە باکووری کوردستان (ڕەزائیە، شاپوور)، دەوری ئینگلیزەکان یەکجار کزەو ئێستا خەریکی هەوڵدانن بۆ ئەوەی لەم ناوچەیەش دەور ببینن. ئەوان دەستیان کردووە بە پەیوەندیکردن بە هەندێ سەرکردەی کوردەوەو خەریکی بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندەن لەدژی سوپای سوورو نوێنەرانی ئێمە، بە مەبەستی دوورخستنەوەی ئەم سەرکردانە لە ئێمە. لەم دواییانەدا هەندێ کەس نازانرێ چ کارەن، خەریکی پڕوپاگەندەکردنن دژی سۆڤێت لەناو خەڵکدا، ئەمانەی خوارەوە چەند کەسێکن لەوانە:

١- سەیید محەمەدی عەلی نەقاب زادە، فارسەو تەمەنی پەنجاوپێنج ساڵە، خوێندەوارەو دانیشتووی تارانە.

٢- کوڕێکی سەیید محەمەد علی بە ناوی سەیید ئیبراهیم محەمەد علی ئوغلی، تەمەنی نۆزدە ساڵەو خوێندەوارە.

٣- سەیید ئیبراهیمی فاتمی عەلی شەکیب زادە، فارسەو تەمەنی ٥٣ ساڵە، خوێندەوارەو ئامۆزای سەید محەمەدە.

٤- عەلی قەرەنی، تەمەنی ٢٢ ساڵە، لە قوتابخانەی ناوەندی دەخوێنێ لە تاران، شیعریش دەنووسێ.

www.zheen.org

٥- محەمەد عەلی ناسری، سەرگوردی سوپای ئێرانە، لە ڕەستورانی ئەستانبوولْ، دژی یەکیەتی سۆڤێت دواوە.
* لە ئەنجامی هەوڵ و هەنگاونانی ئێمە، ئەوانەی لەسەرەوە ناویان برا بە ناچاری ڕەزائییەیان بەجێهێشت.
* دەوری تورکیا لە ناو کوردەکاندا کزە، چونکە کوردەکانی خۆی زۆر دەچەوسێنێتەوە.
* چالاکی (ژ. ک) لەناو کوردەکاندا کزە، چونکە تائێستا کومیتەی (ژ. ک) نەیتوانیوە ڕووبەڕووبوونەوەی نێوان هۆزە کوردەکان چارەسەر بکاتو هێشتا تێکهەڵچوونو ڕووبەڕووبوونەوانەی خێڵو هۆزە کوردەکان زۆر جار پەرە دەستێنیو گەورە دەبن. پێویستە ئێمە چاومان لە پەیوەندی نێوان هۆزە کوردەکان بێو ڕێگا نەدەین ئەو تێکهەڵچوونانە ڕووبدەن، ئەو تێکهەڵچوونانەی ناو هۆزو خێڵە کوردەکان زۆرتر بە پیلانی ئێرانیەکانە بە مەبەستی لاوازکردنیان.

ئیشی ئێمە بۆ چوونە ناو کوردەکان هێشتا ناتەواوە، چونکە ئێمە لە ناوچەی کونسوڵگەریمان، هیچ ڕێکخراو، قوتابخانە، نەخۆشخانەیەکمان نییە، کە بتوانین لە ڕێگای ئەوانەوە پەیوەندی بکەین بە خەڵکەوەو لەناویاندا کار بکەین.

لە مەهاباد کە ناوچەیەکی گرنگە، نوێنەرێکمان نییە بتوانێ لە ڕووداوە سیاسیەکانی ئەم ناوچەیە ئاگادارمان بکاتەوە.

سەرکونسوڵی سۆڤێت لە ڕەزائیە

هاشمۆف. ج. ی.

www.zheen.org

( ٣ )

## وتوویژی سەرنووسەری ڕۆژنامەی فەرمان لەگەڵ ڕێبەری کوردەکان

ڕۆژی ٢٢ی دیسامبری ١٩٤٥، سەرنووسەری ڕۆژنامەی "فەرمان"، ئاغای شاهیندە وتوویژێکی لەگەڵ سەرۆك و ڕێبەری ئایینی ناسراوی کورد "قازی محەمەد" بلاو کردووەتەوە. شاهیندە، لەگەڵ سەرنووسەری ڕۆژنامەی "ایران ما" ئاغای تەفەزولی و هاوکاری ڕۆژنامەی "رهبر" ئاغای بزوورگ عەلەوی، لە گەشتێکدا بۆ ئازەربایجان، سەریان داوە لە مەهابادو چاوپێکەوتنێکیان ئەنجام داوە لەگەڵ قازی محەمەد. لەو چاوپێکەوتنەدا قازی ئەو دەنگوباسانەی بەدرۆ خستووەتەوە کە لە تاران بلاوبوونەتەوە، گوایە کوردەکان بەنیازن لە ئێران جیاببنەوەو ڕایگەیاندووە کوردەکان دەیانەوێ لە چوارچێوەی ئێران و لەژێر ئالای ئێراندا بژین؛ کوردەکان داوای جێبەجێکردنی یاسای بنەڕەتی (قانون اساسی)و دیموکراسی، هەروەها پاراستنی ئەو خودموختارییە دەکەن کە ئێستا هەیانە.

بە وتەی قازی، ئەو خودموختارییە کە لە مەهابادو ناوچەکانی دەوروبەریدا هەیە، ماوەی چوار ساڵە هەیانە، ماوەیەك لەمەوبەر لە کوردستان هەڵبژاردنی نوێنەرانی خەڵك بەڕێوە چووە. لەو کۆنگرەیەدا نوێنەرانی خەڵك هەندێ بڕیاریان داوە سەبارەت بە کاروباری ناوخۆی کوردستان و دیاریکردنی پەیوەندیی لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی. لەو کۆنگرەیەدا نۆ نەفەر هەڵبژێردران بۆ لە ئەستۆگرتنی ئەرکی بەڕێوەبردنی کاروباری کوردستان. قازی محەمەد سەرۆکایەتی ئەم کۆمیتە نۆ نەفەرییە دەکات.

www.zheen.org

لە وەڵامی پرسیاری دەنگوباسی ڕۆیشتنی قازی بۆ باکۆو هێنانی چاپخانەیەك، قازی گوتی ئەم دەنگوباسە درۆیانە لەلایەن تاقمێك لە

کاربەدەستانی سوپای ئێرانەوە بڵاو دەکرێنەوە. چاپخانە لە تەورێز کڕراوەو تاقیکردنەوەیشی زۆر ئاسانە. هەروەها قازی ئەو دەنگوباسەی بە درۆخستەوە کە گوایە لە مەهاباد پارتی کومونیستی دروست دەکەن‌و ڕاگەیاندن لە کوردستان بواری ئازادی هەموو بیروباوەڕێك دەداو لەم کاتەدا تەنها حیزبی دیموکراتی کوردستان هەیە کە دروشم‌و داخوازییەکانی بەم چەشنەی خوارەوەیە:

(١) گەلی کورد دەیەوێ خاوەنی خودموختاری بێ لە چوارچێوەی ئێراندا.
(٢) دەبێ زمانی کوردی لە قوتابخانەو دام‌ودەزگا دەوڵەتیەکاندا بەکاربهێنرێ.
(٣) دەبێ ئەنجومەنی هەرێمی‌و ناوچەیی پێك بهێنرێ.
(٤) کارمەندو مووچەخۆرانی دام‌ودەزگا دەوڵەتیەکان، دەبێ هەموویان لە دانیشتوانی ناوچەکە بن‌و دەبێ هەموو ئەو یاسا دیکتاتۆرییانەی ئێستا بگۆڕدرێن. دەبێ پەیوەندیی نێوان جوتیارو خاوەن‌موڵکەکان پەیوەندییەکی عادیلانە (هاوسەنگ‌و یەکسان) بێ.
(٥) حیزبی دیموکراتی کوردستان هەوڵ دەدات بۆ بەدیهێنانی دۆستایەتی‌و برایەتی لەنێوان گەلانی ئێراندا.

دەربارەی ڕێکخراوی حیزبی دیموکراتی کوردستان، قازی گوتی: لەو ناوچانەی کە دەسەڵاتدارانی کۆنەپەرست‌و دیکتاتۆر ناتوانن کۆسپ بخەنەسەر ڕێگامان، بە ئاشکرا ڕێکخراوە حیزبییەکان دروست کران‌و کاردەکەن. هەروەها گوتی حیزبی دیموکراتی کوردستان هیچ پەیوەندییەکی نییە لەگەڵ کوردەکانی دەرەوەی ئێرانداو یەکخستنی هەموو کوردەکان بە ئەرکی خۆی نازانێ.

www.zheen.org

لەسەر بۆچوونی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەرامبەر بە یاسای بنەڕەتی، قازی محەمەد ڕایگەیاند لەو شوێنانەدا کە جیاوازی لەنێوان داخوازیەکان و یاسای بنەڕەتیدا هەیە، کار بە یاسای بنەڕەتی دەکرێ. لە وەڵامی پرسیارێکدا دەربارەی ئازادی دەنگدانی ژنان، قازی گوتی: هەموو چەشنە پێشوازییەك لەو ڕاستییە دەکا کە دیموکراتەکانی ئازەربایجان بە شێوەیەکی فراوان بەشداریکردنی ژنانیان لە هەڵبژاردندا پاراستووە، بەڵام دیموکراتە کوردەکان لەم بارەوە سەرکەوتنێکی ئەوتۆیان بەدەست نەهێناوە.

لە وەڵامی پرسیارێکدا کە ئایا لەماوەی چوار ساڵی خودموختاریدا لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی وتووێژ کراوە ؟ قازی گوتی: خۆی دووجار ڕۆیشتووە بۆ تاران و هەردوو جارەکە چاوی بە شا کەوتووەو داوای لێ کردووە لەبری ناردنی تۆپ و تانك بۆ کوردستان، پێویستە پێداویستی گەشەکردن و پەروەردەو بارهێنان و لەش ساخی بنێرێ بۆ کوردستان. بەڵام تائێستا هیچ شتێك نەکراوە. ئەگەر دەوڵەتی ناوەندی سەبارەت بە داخوازیەکانی کورد هەروا کەمتەرخەم بێ، ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەی کە دیموکراتەکان لە شوێنەکانی تری ئێران هەنگاو هەڵگرن و ڕووداوەکانی کوردستان لەو شوێنانەش دووپات ببنەوە.

لەسەر پرسیاری کوردە هەڵاتووەکانی عیراق کە گوایە لەو ناوچانەدا دەژین کە سوپای سووری لێ نیشتەجێیەو لەلایەن ئەوانەوە پشتیوانییان لێ دەکرێو چەکیان دەدرێتێ، قازی لە وەڵامدا گوتی: تاقمێکی کورد لە عیراقەوە هەڵهاتوون بۆ لایان و لە مەهاباد نیشتەجێن و سوپای سووریش لە مەهاباد نییە تا پشتیوانییان لێ بکات. لە وەڵامی پرسیارێکدا سەبارەت

به پارتی کۆمەڵە قازی گوتی: پارتێکی لەو جۆرە لە عیراقدا هەیە، بەڵام حیزبی دیموکراتی کوردستان هیچ پەیوەندییەکی نییە لەگەڵیدا.

(٤)

## وتووێژ لەگەڵ سەرۆکی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان

تەورێز، ١٧ی ژانویەی ساڵی ١٩٤٦

هەواڵنێری ئاژانسی دەنگوباسی تاس، لەگەڵ سەرۆکی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان قازی محەمەدو سەرۆکی ئەنجومەنی کوردستان حاجی باباشێخ وتووێژی کرد. قازی محەمەد، گوتی (زیاتر لە ١٥٠ ساڵە، ئێمە لەپێناوی ئازادیدا دژی داگیرکەرانی تورکیەو ئێران خەباتمان کردووە. لەم خەباتەدا، ئێمە قوربانی زۆرمان داوە، بەشێك لە گەلو وڵاتەکەی ئێمە درایە دڕندەکانی عەرەبو ئێرانو بووە هۆی زیاتر خراپبوونی ژیانی ئێمەو ناچارکراین دژی سێ دەوڵەتی عیراقو ئێرانو تورکیا خەبات بکەین. بە دەستورو فەرمانی دەوڵەتی ئینگلیز پێشنیاری یەککگرتنمان کرا لەگەڵ ئەرمەنەکاندا، بەڵام گەلی کورد ئامادەی ئەم کارە نەبوو، دوای بەرپەرچدانەوەی ئەم پیلانە، تورکەکان هێرشیان کردە سەرمان، پاش سێ مانگ گەلی کورد بە ڕێبەرایەتی شێخ سەعید (ڕێبەری شۆڕشی کورد لە تورکیا) لە خەباتێکی نابەرامبەردا کە ئەنجامەکەی زیاتر لە یەك ملیۆنو نیو شەهید کرانو شێخ سەعیدو حەفتاودوو نەفەر لەسێدارە دران، بەڵام ئەم کارەساتە نەبوە هۆی ترساندنی کوردەکان.

www.zheen.org

بە ڕێبەرایەتی ئیسماعیل ئاغای سمکۆو بە بەشداریی هەندێك لە ئامادەبوان لەم وتووێژەدا، وەك عەمەر خانی شەریفی، ساڵی ١٩٢٣ کوردەکان دژی دەوڵەتی ئێران شۆڕشیان کردو شارەکانی ڕەزائییەو شاپوورو مەهاباد ئازاد کران‌و شاری خۆی گەمارۆ درا. ئێرانیەکان، بە هاوکاری ئینگلیز ئەم بزووتنەوەیان سەرکوت کرد، ئیسماعیل ئاغا بە دەستی بە کرێگیراوێك کوژرا. هەندێك لەوانەی بەشداری ئەم شۆڕشەیان کرد چوونە ئارارات‌و لەوێ دەستیان بە خەبات کرد دژی تورکەکان لە ساڵی ١٩٣١دا. سەرەتا ئێرانیەکان یارمەتی ئەم شۆڕشەیان دەدا، بەڵام لەدواییدا خیانەتیان لێ کردن‌و لەپشتەوە هێرشیان کردە سەریان. پاشان بە زۆرەملێ دەستیان کرد بە گواستنەوەی کوردەکان بۆ باشوورو باکووری ئێران‌و لە هەندێ شوێن ژن‌و مێردەکانیان لەیەك جیاکردنەوە. ئەمەش هەر نەیتوانی ئیرادەی گەلی کورد بشکێنێ. ساڵەکانی ١٩٣٠و ١٩٣ هۆزی جەلالی ڕاپەڕین، ئێرانیەکان تا هاتنی وەرزی زستان ڕاوەستان، پاشان هەموو گوندەکانیان وێران کرد. بەڵام سەرەڕای ئەمە، کوردەکان هەر دووسێ ساڵ جارێ سەرلەنوێ ئاڵای ڕاپەڕینیان بەرز کردەوە. هەموو ئەم ڕاپەڕینانە خۆبەخۆیی بوون.

بەدوای ئەم ڕاپەڕینانەدا، کوردەکان دەستیان کرد بە پێکهێنانی پارت‌و ڕێکخراوی جۆراوجۆرو بە شێوەی نهێنی دەستیان کرد بە چالاکی، کە تا ڕووداوەکانی مانگی شەهریوەری ١٣٢٠ واتە ئوگوستی ١٩٤١ درێژەی هەبوو.

www.zheen.org

ئێرانیەکان وایان بڵاودەکردەوە کە کوردەکان بەهۆی هاتنی سوپای سوورەوە بۆ ناوچەکە خەریکی تالانکردن‌و دەستدرێژیکردنن، (هات بە خەیاڵماندا کە تووشی بەدبەختییەکی نوێ بووین).

سوپای سوور پێنج ڕۆژ لای ئێمە مانەوە، ئێمە دەمانگوت ئەم سوپایە لە هیچ سوپایەکی تر ناچێ. فرمێسک بە چاوی خەڵکدا دەهاتە خوارێ‌و دەمانگوت ئەمە چۆن سوپاییێکە، خەڵکەکە ناحەقیان نەبوو، هەموو ڕاهاتبوون کاتێك هێزێکی چەکداریان دەبینی مانای ئەوە بوو هاتوون بۆ سەرکوتکردنەوەی کوردەکان. کاربەدەستان‌و مووچەخۆران لە کوردستان هەڵهاتن‌و ئێمە بێدەسەلات ماینەوە. لەو هەلومەرجە لەبارەدا بۆ یەکگرتنی هێزو خێڵەکانی کورد کەڵکمان وەرگرت.

لەم ماوەیەدا ئێمە ڕێکخراوی پارتی ژیانی کورد (ژیانەوەی کوردستان)مان پێك هێنا کە ڕێکخراوێکی نهێنی بوو و بۆچوونێکی ناسیۆنالیستانەی هەبوو و مەبەستی پێکهێنانی دەوڵەتێکی گەورەی کوردستان بوو. دەسەڵاتدارانی ئێرانی بێگومان هەوڵی چاندنی دوژمنایەتی دەدا لەنێوان خێڵە کوردەکاندا. بەڵام بە کۆتایی هاتنی شەڕ هەموو هەوڵەکان بە ڕێگای دیموکراتیدا دەڕۆیشتن. کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان لەلایەن ئێمەوە هەڵوەشێنرایەوەو لەبری ئەو "حیزبی دیموکراتی کوردستان"مان دامەزراند، بە دروستبوونی حیزبی دیموکراتی کوردستان، ئێمە بە یەکجاری کۆتاییمان بە دوژمنایەتی نێوان خێڵەکان هێناو داخوازی سەرۆك خێڵەکانمان بۆ دەسەلات وەرگرتن لەناوبرد.

www.zheen.org

ڕۆژی شوباتی ١٩٤٥ کۆنگرەی نوێنەرانی باکووری کوردستان بە ڕێبەرایەتیو سەرۆکایەتی حاجی باباشێخ ئەنجومەنیان هەڵبژارد. لە ڕێکەوتی دەی مانگی دیسامبەری ١٩٤٥دا ئاڵای نەتەوایەتیمان لەسەر بینای ئەنجومەنی کوردستان هەڵکردو کوردەکان سوێندیان خوارد کە هەتاکوو کوردێك مابێ کەس ناتوانێ ئەم ئاڵایە لابەرێو ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵا کرا بە جەژنێکی نەتەوایەتی کورد.

ئێمە وەك گەلێك یەکمان گرتەوەو بەهێزتر بووینو بە یەکجاری بۆ گەیشتن بە مافی خۆمان دەستمان بە خەبات کردووەو ئێستا ئێمە لەم بارەوە دەستکەوتی زۆرمان بەدەست هێناوە. ئەگەر لە ڕابردوودا نووسینو ئاخافتن بە زمانی کوردی ڕێگای پێ نەدەدرا، ئێستا ئێمە ڕۆژنامەی "کوردستان"مان هەیە. لە کوردستاندا نزیکەی سێ هەزار زارۆك بە زمانی خۆیان دەخوێنن، چەند ڕۆژ لەمەوبەر دەستووری بە زۆرەملێی خوێندنی سەرەتایی بۆ هەموو کەس بە بێپارە، دراوە. قوتابییە هەژارەکان لە باری جلوبەرگو کتێبەوە، هەروەها خواردنی بەیانیان لە قوتابخانەدا یارمەتی دەدرێن. مەهاباد کۆمەڵە (کەلکتیو)ی لێ هەیە، ژنان بەشداری تێدا دەکەن.

جەژنی نەتەوایەتی دووهەم ڕێکەوتی ٢٥ی ئوکتۆبەرە، ڕۆژی کردنەوەی کۆنگرەی حیزبی دیموکراتی کوردستانە. گەنجەکان لە یەکیەتی لاوانی دیموکراتی کوردستان یەك دەگرن لە قوتابخانەکانو ڕێکخراوی دیموکراتی دامەزراوە، دەوری حیزبی ئێمە یەکجار گەورەیە.

کورد لە خەباتیدا بۆ ئازادی خۆی نزیکەی دوو ملیۆن کەس قوربانی داوە. ئێمە لەو باوەڕەداین لە سەردەمی ئێستادا کۆتایی بە خوێنڕێژی هاتووەو دەتوانین لە ڕێگای ئاشتییەوە داهاتووی خۆمان چارەسەر بکەین.

www.zheen.org

## ( ٥ )

## وتوویژ لەگەڵ جێگری سیاسی و پەرلەمانیی سەرۆك وەزیرانی ئێران
## موزەفەریی فەیروز، ٣ی ژوئییەی ١٩٤٦

داخوازی فەیروز بۆ چاوپێکەوتن لەگەڵمدا پەسەندکراو هاتە لامو ڕایگەیاند: پاش ئەوەی لە ئەنجامی وتوویژەکانی ئەوو قازی محەمەد لە تەورێزو هەروەها لە ئەنجامی ئەوەی کە پێشنیار کرا قازی محەمەد بێتە تاران، وتوویژ دەستی پێکرد. بۆ ئەم مەبەستە دووجار کۆمسیۆنی بەرپرسیار کۆبووەتەوە. بە وتەی فەیروز، قازی محەمەد داوای ئەوە دەکات بانەو سەقز سەر بە مەهاباد بن و بەگشتی باسی کوردستان بە فراوانی دێنێتە کایەوە کە لە سەردەمی ئێستادا بەهۆی دواکەوتوویی کۆمەڵایەتی کوردستانەوە، هەروەها بوونی دوژمنایەتی لەنێوان خێڵ و هۆزو خانەکانی کورددا دەرفەتی بەدیهێنانی نییە.

کاتێك لە فەیروزم پرسی داخوازییە سەرەکییەکانی قازی محەمەد چییە، وتی داوای ئەوە دەکات بانەو سەقز کە سەر بە سنەن، بخرێنە سەر مەهاباد؛ هەروەها داوای دەرچوونی سوپای دەوڵەتی دەکا لە کوردستان بەگشتی. فەیروز، گوتی باشترین ڕێگە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کوردستان بە بیروڕای دەوڵەت بەم چەشنەی خوارەوەیە: بانەو سەقز لە بەڕێوەبەرایەتییەکی جیاوازدا جیا بکرێنەوەو بەم جۆرە لە کوردستاندا سێ فەرمانداری دەبن، لە سنەو بانەو سەقزو لە مەهاباد. سوپای دەوڵەتی، تا ژمارەیەکی هەرە کەم کەم بکرێتەوە، ئەویش بۆ پاراستنی سنووری ئێران و عیراق. ئەو سەربازانەی کە لە سەربازخانەکانی بانەو سەقزدان، ئاگادار بکرێنەوە کە نابێ لەو سنوورانەی کە بۆیان دانراوەو

دیاری کراوه بچنه دەرەوه. سەبارەت بە پاراستنی ڕێگاکان، دەبێ لەلایەن هێزەکانی نیگەهبانەوه (ژاندارمری) بپارێزرێن، هێزەکانی کوردیش بەشداری ئەم پاراستنه بن.

فەیروز، ڕایگەیاند سەبارەت بەم پرسیاره بڕیار درا پێشنیارەکەی دکتۆر جاوید پەسەند بکرێ کە بریتییه لە: لەو ناوچانه ئەوەنده هێزی سوپای ئێران ڕابگیردرێ کە ژمارەیان هێندەی ڕووداوەکانی پێش ئۆگەستی ١٩٤١ (شەهریوەری ١٣٢٠) بێ، بەڵام بۆ مەهاباد جیاوازییەکی تایبەتمان داناوه ئەویش ئەوەیه کە لە شوێنەکانی تر سوپای ئێران هێنده سەقامیگر دەبن کە هەست نەکرێ مەترسییان بۆ مەهاباد هەبێ. بەڵام لابردنی سوپای دەوڵەتی بە تەواوی نابێ بکرێ، لەبەرئەوه ڕێگا دەدا بە هەموو ئاژاوەنانەوەیەك لەلایەن عیراقەوه. جگە لەوه، قازی محەمەد خۆی دەتوانێ بەرپەرچی هەموو هێرشێکی دوژمنانه بداتەوه کە لەلایەن هۆزو خانەکانی سەقزو بانەوه دەکرێتە سەری.

بەپێی ڕاگەیاندنی فەیروز، قازی محەمەد دەبێ ئێستا قەناعەت بەوه بکات کە ڕێککەوتننامەی دەوڵەت لەگەڵ ئازەربایجان ئەویش دەگرێتەوه. سەبارەت بە پێکهێنانی دەزگاکانی بەڕێوەبەرایەتی خۆجێیی کە لەلایەن ئەنجومەنی ناوچەییەوه بەڕێوه دەچێ، ئەویش دەگرێتەوه.

فەیروز، جگە لەوانەی سەرەوه، گوتی کە لە باری ئابووریو پەروەردەوه کەرەسەی دەرمانو ... هتد. بۆ ناوچەی مەهاباد یارمەتی قازی محەمەد دەدرێ. فەیرووز ئەوەیشی دووپات کردەوه کە لە چارەسەرکردنی کێشەی کوردەکانی عیراقو تورکیادا چاوی لێ بکرێ. من بە فەیروزم گوت: پاراستنی سنوورەکان دەبێ لە ئەستۆی سوپای ئێراندا بێ. سەبارەت بە کێشەکە بەگشتی، گوتم لەو بارەوه لێکۆڵینەوەی تایبەتم

نەبوەو پێویستە لەگەڵ ئەواندا بە تایبەت قازی محەمەد ئاشنا بەو گفتوگۆ بکەم تا لەدواییدا بتوانم بیروڕای خۆم سەبارەت بەو دەربڕم.

دوای ئەوەی داوام کرد بیروڕایان چییە دەربارەی دامەزراندنی حیزبی دیموکرات[٣] و ناوەکەی، فەیروز لە وەڵامدا گوتی: ئەوان پێیان باش بووە ناوەکەی پارتی جووتیاران بێ، بەڵام دکتۆر جاوید پێشنیاری کرد کە ناوەکە پارتی دیموکرات بێ باشترە تا بەرەبەرە فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان بچێتە ناویەوە.

ی. سارچیکۆف

ئارشیڤی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ڕووسیا

١- جاوید، ئوستانداری تەورێزو ئەندامی ڕێبەرایەتی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان یەکێك بووە کە هەر لەکۆنەوە بە نهێنی لەگەڵ کاربەدەستانی تاراندا پەیوەندیی هەبوە. ئەو یەکێك بووە لەوانەی کە تەلگرافیان نارد بۆ شاو قەوامو بەڵێنی دا بە هاتنی سوپای ئێران، بەربەرەکانی ناکرێنو ئامادەن پێشوازی بکەن لە سوپا. دژی هەڵوێستی پیشەوەریو دژی کوردیش بووە.

---

[٣] مەبەست لێی حیزبی دیموکراتی ئێرانە، کە قەوامول سەلتەنە وەك مانۆڕێکی چەواشەکارانەو بە مەبەستی ڕاکێشانی دیموکراتیخوازانی ئێرانیو ناکۆکی نانەوە لەناو حیزبی توودەداو کلۆرکردنی بنەمای ڕێکخراوەیی (فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان)و حیزبی دیموکراتی کوردستانو لێ تەکاندنەوەی ئەندامەکانیان، لە ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٤٦ ڕایگەیاند (بڕوانە: محمود سنجابی، قربانیان باور و احزاب سیاسی ایران، چاپ اول، انتشارات آسیا، تهران، ١٣٧٥، ش. ص١٢١-١٢٦).

٢٢ی ئوتی ١٩٤٦

## یادداشتی سەرکونسوڵگەری یەکیەتی سۆڤێت لە ماکۆ

### سەلومین. و. ی

٢ی ئۆتی ئەمساڵ سەرۆکی دەوڵەتی کوردستان قازی محەمەد لەگەڵ نزیکەی چل نەفەر کە زۆربەیان پیاوانی ئاینی بوون، هاتنە ماکۆ؛ بۆ ڕۆژی دوایی قازی محەمەد هاتە کونسوڵگەریو لە وتوویژێکدا بە کورتی مەبەستی گەشتەکەی بۆ ناوچەی ماکۆ ڕوون کردەوەو ڕایگەیاند:

مەبەستی ئەو بەکورتی بۆ ئاشنابوون لە چۆنیەتی کاروباری حیزبی دیموکراتی کوردستانو چارەسەرکردنی ئەو کێشەو ناکۆکییە گەورەیەیە کە لەنێوان سەرکردەی هۆزە کوردەکاندا هەیە، هەروەها چەند کۆبوونەوەیەکی ئامۆژگارییانەی لەگەڵ سەرۆك خێڵەکانو لێپرسراوانی پارتی دیموکراتی کوردستاندا سازکرد. قازی محەمەد، ڕایگەیاند کە بە داخەوە تائێستا زۆربەی پیاوە ناودارەکانی کورد هەست بە ئەرکی سەرشانی خۆیان ناکەنو هەر خەریکی گێرەوکێشەی نێوان خۆیانن لەسەر دابەشکردنی دەسەڵاتو خۆسەپاندن. نەهێشتنی ئەم ناکۆکیانەش پێویستی بە لە خۆبوردنێکی زۆرە، لەبەر ئەوەی ئاسۆی بیرکردنەوەی ئەم سەرکردانە تەسکەو بەگشتی نەخوێندەوارن، ئیشکردن لەگەڵیاندا زۆر گرانە، بەتایبەتی کە لەم کاتەدا هەندێ قسەوباس لەسەر دامەزراندنی کۆماری دیموکراتی کوردستان هاتوەتە گۆڕێ. کۆبوونەوەی ئامۆژگاریانە بۆ ئەوەیە کە بۆیان ڕوون بکرێتەوە، ڕاگەیاندنی خودموختاری لە ناوچەکەدا ناتوانرێ باسی لێوە بکرێو پێویستە ئێمە شێوەی کارکردنمان بگۆڕینو هەوڵ بدەین بۆ ئەوەی ((یەکیەتی هەموو کوردان پتەوترو دۆستایەتی کوردو ئازەربایجان بەهێز بکرێو بەشداری لە

کاروباری دەزگاکانی دەسەڵاتی خۆجێیی بکرێ، بەتایبەتی لە بواری بەرزکردنەوەی ئاستی کەلتووری خۆیاندا، لەوانە گەشەپێدان بە پەروەردەو بارهێنان لەناو گەلی کورددا.

ڕاگەیاندنی وتەکانی قازی محەمەد لە کۆبوونەوەکاندا، بووە هۆی نارەزایی‌و بێباوەڕی لای هەندێ لە گەورەپیاوانی کورد. بەوهۆیەوە هاتبوون بۆ کونسوڵخانەی ئێمە بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی ڕاستی بۆچوونەکانی قازی محەمەد. شتێکی سروشتییە کە کاربەدەستانی کونسوڵخانەی ئێمە ئامۆژگارییان کردبوون کە سەبارەت بەو پرسیارانە دەبێ بچنە لای دەوڵەتی خۆیان‌و وەڵام لەوێ وەربگرنەوە. جگە لەوە، ئێستا سەرۆکی دەوڵەت لە شاری ماکۆیە. دوای نانی نیوەڕۆ ئاڵی خاتونی تەیموری بەشانازییەوەو لەبەر هاتنی قازی محەمەد میواندارییەکی ڕێك خستبوو.

قازی محەمەد، لە چواری ئۆگەستدا ڕۆیشت بۆ شاری (خۆی). لە هاتنی قازی محەمەددا بۆ ماکۆ هیچ هەراوهۆریایەك لەلایەن ئازەربایجانیەکان یا کوردەکانەوە ڕووی نەدا. کاربەدەستانی خۆجێیی ئازەربایجان لەکاتی هاتنی قازی محەمەددا هەموو هەوڵێکی خۆیان بەکارهێنا تاکوو پێشوازی‌و هاتنەکەی قازی بە ڕێزو شکۆوە بێ.

سەرکونسوڵی یەکیەتی سۆڤێت لە ماکۆ

سەلومین

( ٦ )

## تەلگرافی ڕێبەری حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ "قەوامول سەڵتەنە"

ڕۆژنامەی "اطلاعات"، بەپێی سەرچاوەی ڕادیۆی تەورێز، دوێنێ ڕێکەوتی ٥ی سپتامبەر، ڕایگەیاند ڕێبەری حیزبی دیموکراتی کوردستان

بنکەی ژین
www.zheen.org

قازی محەمەد، تەلگرافێکی ناردووە بۆ هەریەك لە "قەوامول سەڵتەنە"ی ڕێبەری پارتی دیموکراتی ئێران‌و پارتی گەل (توودە)و حیزبی ئێران‌و فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان؛ ڕایگەیاندووە حیزبی دیموکراتی کوردستان دەیەوێ بەشداری بکات لەو بەرەیەدا کە ئەو حیزبانەی کۆکردووەتەوە[٤].

(٧)

## وتوویژی قازی محەمەد لەگەڵ ڕۆژنامەی "ایران ما" و ڕۆژنامەی "رهبر"

هەردوو ڕۆژنامەی "ایران ما"و "رهبر"، ناوەڕۆکی وتوویژی ڕۆژنامەوانی خۆیان لەگەڵ ڕێبەری حیزبی دیموکراتی کوردستان قازی

---

[٤] ٢٥ی نۆڤەمبەری ١٩٤٦ حیزبی دیموکراتی کوردستان لە تەلەگرافێکدا کە "کوهستان" بلاوی کردۆتەوە، ڕایگەیاند: ((لەمەڕ ئەو هاوپەیمانەتییەی کە شەش حیزبەکانی ئازیدیخوازی ئێران پێکیان هێناوە، ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستان کە بۆ خۆی یەکێکە لەو هاوپەیمانێتیە پیرۆزبایی خۆی پیشان دەدات‌و خۆی بە سەربەرز دەزانێ سەرکەوتوانە دەستی خۆی داوەتە دەستی هاونیشتمانانی خۆی‌و شان بەشانی ئەوان لە ڕێگای ئازادی ئێرانی خۆشەویستدا کۆشش‌و فیداکاری دەکات. وێڕای ئەوەی کە شەش مانگە ئیرتیجاع بە تۆپ‌و تانگ‌و بۆمب ئێمە ئاگرباران دەکات، لەسەر شەڕو تێکۆشانی خوێناوی خۆمانین‌و تائێستا نەمانتوانیوە سەبارەت بە ڕێگای ئازادی‌و سەرگەرمی هاونیشتمانانمان گفتوگۆ بکەین، داوای پۆزش‌و هاوکاری دەکەین. ئومێدەوارین لێرەبەدوا هەروەك پێویست دەکات تواناکانی خۆمان لە ڕێگای ئەم هاوپەیمانێتیەدا بە مەبەستی ئازادی وڵاتی خۆشەویستمان بە تەواوی نیشان بدەین‌و لە مەسەلەی کۆنەپەرستیدا بەشداری سیاسیی گەورەمان هەبێ. لەلایەن کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان کەریمی (بڕوانە: کوهستان "هەفتەنامە"، ٤ آذرماه، ١٣٢٥ش. اطلاعات، ١١ آبان ١٣٢٥).

محەمەد، کە لە ڕێکەوتی ڕۆژی ٣ی سپتامبەر ئەنجامیان دابوو، بڵاو کردەوە، قازی لەو وتووێژەدا ڕایگەیاندووە کە گفتوگۆی نێوان ئەوو دەوڵەتی ئێران ڕاگیراوە. ئەو ڕایگەیاند کە بە بیروڕای خۆی پاش دەست لەکارکێشانەوەی ژەنڕاڵ "ئەرفەع" لە ستادی گشتی سوپای ئێران، هیچ ئاڵوگۆڕێك نەکراوە. هەروەها گوتی داروەدەستەی ستادی گشتی دەورێکی باڵایان هەبوە لە ڕاگرتنی وتووێژەکاندا؛ گوتیشی من لەوباوەڕەدام هەر ئەم تاقمەن کە کوردەکان‌و ڕێگرەکانی تر چەکدار دەکەن‌و پاڵیان پێوە دەنێن دژی دیموکراتەکانی کورد ڕاوەستن. بۆ بەڵگە لەسەر ڕاستی ئەم قسەیە ماوەیەك لەمەوبەر لەلای سەقزەوە سێ لۆری پڕ لە چەك‌و نارنجۆك گیراوە کە دەسەڵاتدارانی سوپایی ناردبوویان بۆ دوژمنانی حیزبی دیموکراتی کوردستانە[٥].

---

[٥] دەوروبەری کۆتایی مانگی ئۆکتۆبەری ١٩٤٦ لە ڕێگای سەقز- بانە، چەند پێشمەرگەیەك توانییان دەست بەسەر سێ ئۆتۆمبێلی بارهەڵگری ئێرانیدا بگرن کە بەپێچەوانەی ڕێککەوتننامەی ١٦ی حوزەیرانی ١٩٤٦ی پێشەوا- ڕەزم ئارا، چەك‌و تەقەمەنییان بارکردبوو بۆ پاسگاکانی لەشکری ئێران. دەزگاکانی ڕاگەیاندنی حکوومەتی ئێرانی‌و لەشکری ٤ کەوتنە تۆمەتبارکردنی کورد بەوەی کە ئۆتۆمبێلی سەربازی ئازووخەیان فراندووە. لەوبارەیەوە ڕۆژنامەی "اطلاعات" لە ٢ی نۆڤەمبەری ١٩٤٦دا ڕاپۆرتێکی لە لە شکری ٤ بەدەست گەیشتووە بە ناونیشانی "حمله اشرار به کامیونهای ارتش"، نووسیویە: ((بەپێی ئەو ڕاپۆرتەی کە لە لەشکری ٤ی کوردستانەوە پێمان گەیشتووە، ٨٠ نەفەر لە ئەشرار هێرشیان کردۆتە سەر ٤ نەفەرهەڵگری سەربازی کە لەژێر فەرماندەیی (ستوانی یەکەم سرباز وطن)دا بووە. پێکدادان لەنێوان هەردوولادا ڕووی داوەو ٨ نەفەر لە ئەشرارەکان کوژراون)).

هەر سەبارەت بەو مەسەلەیە قازی گوتی: پێش ئەوەی لە تاران بگەڕێتەوە، بڕیار وابوو دوای پێنج ڕۆژی تر بۆ درێژەدان بە وتووێژ بگەڕێتەوە بۆ تاران. بەڵام لەبەر ئەوەی کە پێی وایە لە ئەنجامی بەشداریکردنی هەندێ لە سەرۆکەکانی سوپا لەو وتووێژانەدا هیچ ئەنجامێکی نابێ، لەبەر ئەوە چاوپۆشی کردووە لە گەڕانەوە بۆ تاران. هەروەها ئەوەشی ڕاگەیاند کە کوردەکان بڕوایان بە نیازپاکی قەوامول سەڵتەنە هەیە، بەڵام هەندێك کەس هەوڵ ئەدەن کوردەکانو قەوامول سەڵتەنە لەیەك دوور بخەنەوەو وتووێژەکان بپچڕێنن تا ئەوکاتەی ئەوانە لەو پۆستانەدا بنو وتووێژ هیچ ئەنجامێکی نابێ، لەگەڵ ئەوەشدا وتووێژەکان بە یەکجاری ڕانەگیراونو بەم زووانە چاوەڕێی هاتنی نوێنەرانی دەوڵەتی ئێران دەکەین.

## (٨)

## ڕاگەیاندنی سەرۆکی کوردەکانی ئێران

تاران، ئاژانسی تاس. ڕۆژنامەی "رهبر" وتووێژی خۆی لەگەڵ سەرۆکی حیزبی دیموکراتی کوردستان قازی محەمەد بڵاوکردۆتەوە. لەو چاوپێکەوتنەدا قازی گفتوگۆی خۆی کردووە لەگەڵ نوێنەرانی دەوڵەتی ئێرانو دەڵێ: چەند جار لەگەڵ موزەفەریی فەیرۆزو ژەنراڵ ڕەزم ئاراو دووجار لەگەڵ سەرۆك وەزیران قەوامول سەڵتەنە چاوپێکەوتنی هەبوە. قازی، دەڵێ هەڵوێستی قەوام بەرامبەر بە کوردەکان باشە، بەڵام بەداخەوە لەبەر نەخۆشکەوتنی ئەو وتووێژەکان دواکەوتن. هەروەها گوتیشی کە ئەو بە گەشبینییەوە دەڕوانێتە پاشەڕۆژو هیوادارە دەوڵەتی ئێران دیموکراسی لە تەواوی ئێراندا بڵاو بکاتەوە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

( ٩ )

## هەڵوێستی قازی محەمەد بەرامبەر بە دەوڵەتی ئێران

تاران– ئاژانسی تاس. ڕۆژنامەی "اطلاعات": بەگوێرەی ئەو زانیاریانەی لە کوردستانەوەو لەسەرچاوەی باوەڕ پێکراوەوە پێمان گەیشتووەو لەلایەن هەندێ کەسایەتیو سەرچاوەی بەناوبانگی تارانیشەوە دانی پێدا نراوە، ڕادەگەیەنێ کە سەرکرایەتی کوردەکان لە مەهاباد قازی محەمەد ! گوایە هەڵوێستی خۆی بەرامبەر بە دەوڵەتی ناوەندی گۆڕیوەو دوای وتووێژەکانیانو گەڕانەوەی سەرکردەکانی کورد لە تارانەوە بۆ مەهاباد، هەڵوێستیان بەرامبەر بە دەوڵەتی ئێران چاکە. بەپێی ئەو هەواڵانەش کە لەسەقزەوە دەگەن، قازی محەمەد دەستووری داوە بە هێزەکانی کورد، ئەوانەی کە گەمارۆی پادگانەکانی کوردستانیان داوە، بگەڕێنەوە مەهاباد[٦].

---

[٦] قازی محەمەد، چونکە بڕوای بە ڕێککەوتنەکەی خۆی لەگەڵ ڕەزم ئارا هەبوو، ترسی لەوە بوو چەکدارە عەشیرەتیەکانی جەبهە سەربەخۆ کارێکی وابکەن ئاژاوەی لێ بکەوێتەوەو بە خراپی کار لە ڕێککەوتنەکە بکات. هەر بۆیە فەرمانی کرد هێزی عەشیرەتەکان بگەڕێنەوە سەرجێو حاڵی خۆیان. لەڕاستیدا مەنگوڕی ئەو لەشکر چۆڵکردنەی جەبهە بە هەڵەیەکی مەزنی قازی محەمەد لەقەڵەم دەداتو وەك هۆکاری سەرەکی لەناوچوونی کۆماری باس لێوە دەکات، چونکە وێڕای ئەوەی هانی لەشکری دا کە کار بۆ تەیارکردنەوەی پاسگا گەمارۆدراوەکانیان بکەن. سەرۆك عەشیرەتەکانیشی گەیاندە ئەو باوەڕەی کە کۆمار ئایندەیەکی دیاری نییەو هێزی دەوڵەت دەگەڕێتەوە ناوچەکە. هەروەها کەسانێکی وەك حەمەڕەشید خانی بانەشی بێزار کردو بەرەو ئەوەی بەلاکە بە تەواوی چەكو جەبهەخانەوە جەبهەی چوڵ بکاتو بەرەو کوردستانی عیراق ڕێگا بگرێتەبەر (بڕوانە: میرزا محەممەد مەنگوری، بەسەرهاتی

## (١٠)

## وتاری قازی محەمەد لە کۆبوونەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان
## تەورێز، ٢٠ی ئاوگوستی ١٩٤٦ (ئاژانسی تاس)

ڕۆژنامەی کوردستان دەقی وتاری سەرۆکی کوردەکان قازی محەمەدی لەو کۆبوونەوەیەدا بڵاوکردووەتەوە. قازی باسی گەشتەکەی خۆی کردوە بۆ کوردستانو بۆ شارەکانی ورمێ، شاپوور، خۆیو ماکۆ، کە لە هەموو شوێنێکدا گوتویەتی:

(لەبەر ئەوەی ئێمە لەگەڵ ئازەربایجانییەکان خەباتێکی زۆرمان کردووە بۆ ئازادی، ئێستا زەمینەو باری گونجاو هەیە بۆ هاوکاری نزیك لەگەڵ هاوڵاتیانی خۆمانداو دەبێ کوردەکانی ورمێ، شاپوور، خۆی، ماکۆ، هاوکاری نزیك لەگەڵ ئازەربایجانییەکان بکەن).

پاشان قازی محەمەد باسی ئەوەی کرد کە لە هەموو ئەو شوێنانەدا کە سەردانی کردوون بە گەرمی پێشوازی لێ کراوەو لە گەشتەکانیدا توانیویەتی هەندێ ناکۆکی نێوان کوردەکان چارەسەر بکاتو ئاگری دوو بەرەکیو ناکۆکی کوژاندووەتەوەو کەش و هەوای دۆستانەی پێکهێناوە. هەروەها باسی چاوپێکەوتنەکانی لەگەڵ (پیشەوەری) لە ورمێو خۆی کردووە، بە گوتەی ئەو پیشەوەری پێویستی بە پەیوەندی برایەتی نێوان ئازەربایجانیو کوردەکانی بۆ خەڵك ڕوونکردووەتەوەو پێی گوتوە: (ئێمە ئامادەین هەموو چەشنە هاوکارییەك بکەین و ئازەربایجانییەکان ئامادەن لە پێناوی برا کوردەکانیاندا خوێنی خۆیان برێژن). منیش لە وەڵامدا پێم

---

سیاسیی کورد لە ١٩١٤ەوە هەتا ١٩٥٨، بەشی یەکەم، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٠، ل١٦٧-١٨٤).

www.zheen.org

گوت: (ئێمە هیچ جیاوازییەك نابینین لە نێوان كوردو ئازەریداو ئێمەش ئامادەین لە پێناوی ئازەربایجاندا هەموو جۆرە قوربانییەك بدەین)، هێزەكانی ئێمە چەند مانگ لە دەوروبەری سەقزو سەردەشت بوون، نەك هەر تەنیا سنوورەكانی كوردستانیان پاراستووە، بەڵكوو سنوورەكانی ئازەربایجانیشیان دەپاراست، ئێستاش سنوورەكانی ئازەربایجان هەر لای ئێمەوە دەپارێزرێن.)

لە كۆتاییدا قازی محەمەد داوای لەو قوتابییە كوردانە كرد كە لە باكۆ بۆ سەردانو پشوو گەڕاونەتەوە، بۆ خەڵك باسی ئەوە بكەن كە چۆن گەلانی پێشكەوتوو بە زانست، ئاسمانو زەویو دەریاكانیان داگیر كردووە.

ئارشیڤی وەزارەتی كاروباری دەرەوەی كۆماری ڕووسیا

( ١١ )

## ڕۆژنامەی كوردستان، بەرپەرچی درۆو دەسەلەی ڕۆژنامە كۆنە پەرستەكان دەداتەوە سەبارەت بە كوردەكان

ئاژانسی تاس ١٩ ئوگستی ١٩٤٦، لە تەورێزە ڕادەگەیەنێ كە ڕۆژنامەی كوردستان، ئورگانی حیزبی دیموكراتی كوردستان كە لە مەهاباد دەردەچێ، وتارێكی دوورودرێژی بڵاوكردووەتەوە بۆ بەرپەرچدانەوەی درۆودەلەسەی ئاژانسی ڕۆیتەرو ڕۆژنامەی "دەیلی تەلگراف"[٧] و "مۆرنینگ پۆست"؛ لە وتارەكەدا هاتووە كە ئەو ئاژانسی

[٧] لە یەكێك لە ژمارەكانی ڕۆژنامەی "دەیلی تەلگراف"دا وتارێك نووسراوە كە دەستكەوتە نەتەوایەتیەكانی كوردی ڕۆژهەڵاتو كۆماری كوردستان بە هەرەشەیەك بۆ

www.zheen.org

ڕۆیتەرو ڕۆژنامانە بە خراپ باسی کێشەی کورد دەکەن‌و بۆچوونەکانیان لە ڕوانگەیەکی ئیمپریالیستانەو چەوسێنەرانەوە سەرچاوە دەگرن‌و باوەڕیان بە پێشکەوتنخوازی‌و ئازادیخوازی گەلی کورد نییە. گەلی کورد باوەڕی بەو بۆچوونە بێ‌بناغانە نییە، هەروەها ئاماژەشی کردووە بۆ خەباتی گەلانی یۆنان‌و ئەندونسیا کە دژی ئیمپریالیزم دەیکەن، چونکە ئەوانیش بۆ ئازادی خۆیان خەبات دەکەن. هەر لە وتارەکەدا ئاماژەی کردووە بە ڕۆژنامەی "ئولوس"ی تورکی کە دژی کێشەی کوردو هاوپەیمانی‌و هاوکاری‌و برایەتی نێوان گەلی کوردو ئازەربایجانی بڵاو دەکاتەوە.

هەروەها وەڵامێکی نووسینەکانی ڕۆژنامەی (اطلاعات)یش دەداتەوە کە کوردە دیموکراتەکان بە ڕێگرو چەتە ناو دەبات و هەوڵی ئەوە دەدا کە لەناو ڕیزەکانی گەلی کورددا دووبەرەکی دروست بکات.

لەکۆتاییدا ڕۆژنامەی کوردستان دەڵێ: ئێمە ئێرانین‌و دانیشتووانی ئێرانی دیموکرات‌و ئازادن‌و لەگەڵ گەلانی تری ئێرانی نامانەوێ کە ئەم وڵاتە بفرۆشرێ بە بێگانە ئیمپریالیستەکان‌و دەوڵەتی ئەمڕۆی ئێران بە پێچەوانەی ڕژێمەکانی پێشوو لەسەر بناغەی ئیرادەی گەلان دامەزراوە.

---

سەر بەرژەوەندی وڵاتانی ڕۆژئاوا لەقەڵەم ئەدات‌و تێیدا هاتووە: ((کوردەکانی عیراق زۆر بەوردی گرنگی بە ڕوداوەکانی ئێران ئەدەن. گومانی تێدا نییە کە هەڵایساندنی جووڵانەوەیەکی کوردی لە عیراقدا زادەی سەرکەوتنی جووڵانەوەی شوڕشگێڕانی کوردستانی ئێران ئەبێ. ئەگەر شۆڕش لە کوردستانی عیراق هەڵگیرسێ، ئەوا ئەو شۆڕشە هەرەشە لە کارگەو چاڵەنەوتەکانی کەرکووك‌و بۆری نەوتی حەیفاو تەرابلس دەکات)) (وەرگیراوە لە: دکتۆر عەزیز شەمزینی، جولانەوەی ڕزگاریی نیشتمانیي کوردستان، وەگێڕانی فەرید ئەسەسەرد، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان، چاپی سێیەم، سلێمانی، ، ١٩٩٨، ل ٢٢٢).

## (١٢)

### ئاژانسی تاس، تاران ٣ی سپتامبەر

بەگوێرەی ئاژانسی تاس، چەند ڕۆژێك لەمەوبەر كۆمسیۆنێك لەلایەن دەوڵەتی ئێرانەوە پێك هاتووە؛ ئەندامەكانی بریتین لە نوێنەری ستادی گشتی سوپای ئێران پالكۆفنیك "مەغرووری"و نوێنەری پێشووی مەجلیسی ئێران "سەدری قازی"، بە مەبەستی وتووێژكردن لەگەڵ كوردەكاندا، كەوتوونەتە ڕێ. بە وتەی ڕۆژنامەی "اطلاعات"ی ڕۆژی ١ی سپتەمبەر ئەم كۆمیسیۆنە گەیشتووەتە سەقزو دەستیان كردووە بە گفتوگۆ لەگەڵ كوردەكاندا.

## (١٣)

### ئاژانسی تاس، تەورێز، ٢٤ی دیسامبری ١٩٤٥

بەپێی ئەو هەواڵەی كە لە شاری مەهابادەوە گەیشتووە، بە هاوكاری دیموكراتەكان قوتابخانەیەك كراوەتەوەو هەموو پێداویستیەكانیشی بۆ دابین كراوە. فێركردنو وتنەوەی وانە بە زمانی زگماكە. لە زمانە بێگانەكاندا تەنیا زمانی ڕووسی دەوترێتەوە. بەشی نوێنەرایەتی بازرگانی یەكیەتی سۆڤێت لەگەڵ ئێران لە شاری تەورێز، بەم بۆنەیەوە دووسەد كتێبی فێربوونی زمانی ڕووسیی پێشكەش كردوون.

هەروەها لەبەر ئەوەی كە دانیشتووانی مەهاباد هیچ خزمەتگوزارییەكی پزیشكییان پێ ناگاتو نەخۆشی بە زۆری لەم شارەدا هەیە،

www.zheen.org

نەخۆشخانەی سۆڤێت لە تەورێز کە تایبەتە بە هێزەکانی سۆڤێت، بڕیاری داوە یارمەتی نەخۆشییەکانی هەناو بنێرێ بۆ ئەوێ. پزیشکەکان لەو نەخۆشخانەیە کە جێگای (٢٥) نەخۆشی لێدەبێتەوە کاردەکەن. ئەم نەخۆشخانەیە لەلایەن دیموکرات‌و دەوڵەمەندەکانی ئەو شارەوە دروست کراوە.

## (١٤)

## ١٣ی ئوکتوبری ١٩٤٦

## ڕاپۆرت لەسەر ڕووداوە سیاسییەکانی ناو هۆزە کوردەکان لە ماکۆ لە ١ی ئابریل تا ١ی ئوکتوبر

لە هەواڵنامەکانی ژمارە ١٧ ڕێکەوتی ١٩٤٦/١/٣٠و ژمارە ٤٩ ڕێکەوتی ١٩٤٦/٣/١٨، سەبارەت بە کوردەکان، هەندێ ڕاستیمان لەسەر بێهێزی زۆرو هەروەها ناڕاستی بەڕێوەبەرایەتی لەلایەن ناوەندی کوردییەوە لە مەهاباد، بۆ ڕێکخراوی حیزبی دیموکراتی کوردستان لێرەو هۆزە کوردییەکانی جەلالی، میلان، زیلان‌و شکاك کە لە ناوچەی ماکۆو خۆی دەژین، دەستنیشان کردبوو. دواتر لەسەر داوای هەندێ لە سەرکردە کوردەکانی ئەو هۆزانە کە لایەنگری دیموکراتن، بۆ باشتر ئەنجامدانی کاروباری ڕێکخراوی حیزبی‌و یارمەتیدانیان لەبارەی ڕێکخستنەوە، هەندێ پرسیارو داواکارییان خستبوە بەردەم کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە مەهاباد، بەبێ ئەوەی هیچ ئەنجامێکی لێ کەوتبێتەوە، ئاگادارمان کردبوونەوە.

ڕێبەرایەتی مەهاباد زۆر جار گوێی نەداوەتە داخوازیەکانی ڕێکخراوی حیزبی دیموکراتی ئێرەو هەندێ جار نوێنەری وایان ناردووە بۆ ئێرە کە

www.zheen.org

نەك تەنیا نەبوەتە هۆی باشبوونی کاروباری ڕێکخراوەیی، بەڵکوو بەپێچەوانەوە خراپتر بووە. لەگەڵ ئەوەشدا لەلایەن ناوەندی کوردییەوە لە مەهاباد، زۆر جار دەستووری ناڕاستیان وەرگرتووە کە بە پێچەوانەی پرەنسیپە دیموکراتیەکان دژی پەیوەندی دۆستانەی نێوان خێڵە کوردەکانو هەروەها نێوان دانیشتوانی کوردو ئازەری بوون؛ هاوکات بووەتە هۆی لاوازبوونی باوەڕ بە یەکترکردنو یارمەتیدانی یەکتری نێوان دوو ڕێکخراوی دیموکراتیکی هەردوو گەلو پاڵیان بە کوردەکانەوە ناوە کە دەست بەرن بۆ تالانکردنو کوشتنی جووتیارە ئازەرییەکان، کە ئەمەش بووەتە هۆی سووك کردنی بزوتنەوەی دیموکراتی لە پێش چاوی خەڵك.

بەگشتی دەکرێ سەبارەت بەو بابەتانەی سەرەوە ئەم ڕاستیانەی خوارەوە بخەینە ڕوو:

١-ڕێبەرایەتی ناوەندی کوردی لە مەهاباد، ئامۆژگاری سەرکردەی هۆزە کوردەکانیان کردووە کە دانیشتووانی ئازەری لە حیزبی دیموکراتی کورد وەربگرن. بۆ جێبەجێکردنی ئەو دەستورەی مەهاباد، لەگەڵ ئەم کەسانەی خوارەوە ئەم چالاکیانەمان ئەنجام داوە: لە شاپوور ڕێبەری هۆزی شکاك عەمەر خانی شەریفی، سەرکردەی خێڵی مەمەدی قوتاس ئاغاو سۆفی مەمەدو ڕێبەری خێڵی عەبدی تاهیر خانی سمکۆ، لە خۆی سەرکردەی خێڵی مامەکانلی سید سوڵتان، سەرکردەی خێڵی دووەکانلی سلیمان ئیسماعیل لە ماکۆ، ڕێبەری هۆزی جەلالی عەمەر ئاغا خالیدو سەرۆکی خێڵی چینیکانلی باقو عەلیو سەرۆکی هۆزی شێخ کانلی عەبدوڵلا ئاغا حاجی کیرامان و... هتد. لەو وتوویژانەدا کە لەگەڵ ناوبراوان ئەنجام دراون لە کاتی جیاجیادا، ئەمانە دەڵێن لەسەر داوای برا

ئازەربایجانیەکان هاتوونەتە ڕیزی حیزبی دیموکراتی کوردستانو بە ویستی ئازادانەی خۆیان نەبوە.

بەڵام لەڕاستیدا وا دەرکەوت کە سەرکردە کۆنەپەرستە ناوبراوەکانی کورد کە هەندێکیان پەیوەندییان بە دوژمنەکانی بزووتنەوەی کوردەوە هەیەو دەستیان کردووە بە کوردانندنی ئازەربایجان بە مەبەستی:

ئ- تاکوو زۆربەی دانیشتوانی ناوچەی ماکۆو خۆیو ڕەزائییە کورد بنو داوا بکەن کە ئەم ناوچانە ببنە بەشێکی کوردستانو لە لایەن مەهابادەوە ببرێن بەڕێوە.

ب- بۆ ئەوەی ئەگەر بێتو فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان بڕیاری لەسەر نەبێ، کوردەکان دەست بکەن بە ئاژاوەنانەوەو سەرپێچی بکەنو کێشە لەنێوان دانیشتوانی ئازەربایجانیو کورد پێك بێننو زیان لە بزووتنەوەی دیموکراتی بدرێ.

بۆ جێبەجێکردنی ئەم ئەرکەش، نوێنەرانی تاقمی کۆنەپەرست لەناو دانیشتوانی ئازەریدا دەست بە پروپاگەندە دەکەن کە (کوردەکان سەرانەو باج لە جوتیارەکان وەرناگرنو داوای خزمەتی سەربازی یان لێ ناکرێو ئازەربایجانیەکان لە هەموو دەستدرێژییەکدا پشتیوانی ئەکرێن، ئەگەر ئەوانە واتە ئازەربایجانیەکان تەنیا ناویان لە پارتی دیموکراتی کورددا بنووسن، هەروەها دەڵێن کە:

ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداری لەنێوان تارانو ئازەربایجاندا هیچ گومانی تێدا نییە ناتوانرێ ڕێگای لێ بگیرێو ڕزگاربوونی ئازەربایجانیەکان تەنیا بە هاتنە ناو ڕیزی حیزبی دیموکراتی کوردە. لەگەڵ ئەم پڕوپاگەندەو ترساندنی دانیشتوانیشدا تەنها بەشێکی کەم لە ئازەربایجانیەکان ناویان لەم پارتەدا نووسیوە، بەڵام کوردەکان بەم

سەرنەکەوتنەش هەر نەوەستاون‌و بۆ ڕاکێشانی ئازەربایجانیەکان بۆ ناو حیزبی دیموکراتی کوردستان پەنایان بردووەتە بەر ئەم ڕێگایانە:

ئ- لە ناوچەی شاپوور، قەرە عەینی، ئاوا جیك‌و زۆراوا، قەرە زەیدین‌و گوندەکانی تر، مەڕومالاتیان کردووەتە لەوەڕگەو کێڵگەکانی ئەو جوتیارە ئازەرییانە کە ئامادە نەبوون ناویان لە پارتی دیموکراتی کوردستاندا بنووسن.

ب- مەڕومالاتی جوتیارەکانیان تالان کردووەو بلاویان کردووەتەوە کە هێرش دەکرێتەر سەر ئەو گوندانەی کە جوتیارەکان ناویان لە پارتی کوردیدا تۆمار نەکردووە.

پ- لە ناوچەی زۆراوا، دەرەبەگ سلیمان ئیسماعیل دەیان نەفەری جوتیاری لە گوندە جیاجیاکانی ئازەربایجان گرتووەو ئازاری داون و داوای هاتنە ڕیزی پارتی کوردی لێکردوون.

ت-ئازەربایجانی کۆنەپەرست‌و تاوانباریان لە پارتی کوردی وەرگرتووەو پشتیوانییان لێ دەکەن‌و لە ڕێگای ئەوانەوە زۆر لە جوتیارەکان دەکەن‌و هەڕەشەیان لێ دەکەن کە ناویان لە پارتی کوردیدا بنووسن.

(١٥)

## کورتە باسکردنێکی هەندێ لە ئازەربایجانیە بەکرێگیراوو کۆنەپەرستەکان

١. حوسێن عەلەم شاهی: نزیکەی ٣٥ ساڵە هاتووەتە ئازەربایجان، دانیشتووی گوندی زەنگەلانی خوارووی سەر بە ناوچەی قەرەزەندی سەر بە شاری (خۆی)ـە؛ جووتیارێکی دەوڵەمەندە، کابرایەکی کۆنەپەرستە، بە

تاوانی دزیو خراپەکاری لە شاری خۆی زیندانی کراوەو پاش ڕاکردن لە زیندان پەنای بردووەتە بەر عەبدوڵڵا ئاغای حاجی قەهرەمانی. ئەویش لەناو پارتی کوردی وەریگرتووەو جلوبەرگی کاپیتانی کوردی لەبەرکردووەو دژی پارتی دیموکراتی ئازەربایجانو کاربەدەستانی ناوخۆیی هانی داوە. عەلە شاهی لە ناوچەی قەرەزەندی گاڵتەی بە جوتیاران کردووەو ئازاری داونو بەرتیلی لێ وەرگرتوونو ناچاری کردوون خۆیان ناونووس بکەن لە پارتی کوردیدا، هەروەها بەیانێکی بڵاوکردووەتەوە بە ناوی (کاپیتان عەلە شاهی) داوای کردووە لە هەموو جوتیارەکان کە دەبێ بەپێی یاسای کۆن (موڵکانە) بدەن بە خاوەن موڵکەکان.

٢. میر حوسێن موسەوی: دانیشتووی گوندی قەرەزەیدین، گەورەی پێشووی ناوچەکەو نوێنەری کۆنەپەرستی بەناوبانگ "کامل پاشاخان"ـە، ئەم کابرایە بە شێوەیەکی دڕندانە لەگەڵ جوتیاران جووڵاوەتەوەو دەست درێژی کردووەتە سەر ناموسی دەیان کچ و ژنی جوتیاران.

عەبدوڵڵا ئاغا، میر حوسێنی لە حیزبی کوردی وەرگرتووەو دەستوری پێ داوە کە لە قەرەزەیدین کۆمیتەی کوردی ڕێك بخات. ئەو لە مانگی ئۆگۆستی ١٩٤٦ لە نزیك گوندی قەرەزەیدین بە دەستی جووتیارێك بە سزای خۆی گەیشت.

٣. حوسێنی بەسیری: خەڵکی تورکیایەو دایك و باوکی لە تورکیا دەژین نزیکەی سێ ساڵە هاتووەتە ئێرانو خۆی بە لایەنگری تورکیا دەزانێ. لە ساڵی ١٩٤٤ لە شاپوور چووە ڕیزی حیزبی توودەی ئێرانەوە، بەڵام دوای ماوەیەك بەهۆی دروستکردنی دووبەرەکییەوە لەناو ئەو حیزبەدا دەرکرا. ساڵی ١٩٤٥ بەسیری لە (خۆی) چووە ڕیزی فیرقەی دیموکراتی

ئازەربایجانەوە، لەوێش بەهۆی دووبەرەکی‌نانەوە دەرکرا. ئێستا سەعید سوڵتان بەرپرسی کۆمیتەی کوردی (قتوور)، بەسیری لە حیزبی کوردی وەرگرتووەو کردوویەتی بە بەرپرسی بەشی ڕاگەیاندن لە کۆمیتەی کوردی شاری (خۆی).

دوای چەند ڕۆژ پاش ئەوەی چووە ڕیزی حیزبی کوردییەوە، بەسیری لە شاری خۆی بەیاننامەیەکی بڵاوکردووەتەوە، تیایدا داوای لە ئاسوریو ئەرمەنەکان دەکات لەو ناوچەیەدا کە بچنە ڕیزی پارتی کوردییەوەو خەباتی شان بەشانی ڕابردووی کوردو ئەرمەن‌و ئاسوریو بیرهێناونەتەوە. (خەباتی پارتی "خۆیبون"ی لایەنگری ئینگلیز بە بەشداری تاشناقەکان ١٩٢٩–١٩٣١).

٤. حاجی ئەکبەر: دانیشتووی قەرەعەینی، تەمەنی نزیکەی پەنجا ساڵە، ئازەربایجانییە، برای دیموکراتی دەرکراو حاجی سوڵتانی قەزازە، کۆنە پەرست و خاوەن موڵکێکی بەناوبانگە، حەیدەر ئاغای حەیدەری ئەوی هێناوەتە ڕیزی پارتی کوردییەوە. حاجی ئەکبەر زۆر چالاکانە خەبات دەکا دژی دیموکراتەکانی ئازەربایجان‌و بە هەڕەشەی جۆراوجۆر، جوتیارەکان دەترسێنێ. هەندێ لە خاوەن موڵك‌و بازرگانانەی کە چوونەتە ڕیزی حیزبی کوردییەوە، ڕایان‌گەیاندووە ئامادە نین سەرانەو باج بدەنە کاربەدەستانی خۆجێیی و گوێڕایەڵی دەوڵەتی ئازەربایجان نابن.

جێگای سەرنجە کوردەکان بە کردەوەو ئاژاوەنانەوەو بە کورداندنی دانیشتوانی ئازەربایجان هەوڵیان‌داوە بە شێوەیەکی یاساییانە پرۆگرامەکەیان جێبەجێ بکەن.

١– ئەوانەی کە دەچنە ڕیزی پارتی کوردییەوە لە ئازەربایجانیەکان، پەیماننامەیەکیان لێ وەردەگیرێ بەم چەشنەی خوارەوە:

www.zheen.org

((من ......... داوا له حیزبی دیموکراتی کوردی دەکەم وەرمگرن‌و پەیمان دەدەم گوێ ڕایەڵی هەموو یاساکانی دەوڵەتی کوردی بم‌و هەموو داخوازییەکانی حیزبی کوردی جێبەجێ بکەم‌و مانگانە بە دەوڵەتی کوردی بدەم‌و خزمەتی سەربازی دەوڵەتیی بکەم. من لەمەولا، (عەجەم و ئازەربایجانی) نیم‌و ڕادەگەیەنم کە کوردم‌و نەوەی کوردم‌و بە ڕەچەڵەك خۆم بە کورد دەزانم‌و منداڵەکانم بە زمانی کوردی دەخوێنن و... هتد)). لەگەڵ ئەم پەیماننامەیەشدا ئازەربایجانیەکان بە قورئان سوێند دەدرێن کە وەفاداری بەجێگەیاندنی پەیمانەکەی خۆیان بن.

٢- بە دەستووری کۆمیتەی کوردی لەم شارانەی خوارەوە پۆستی چەکداری کوردی دامەزراوە، خۆی، شاپور، ماکۆ، لە ناوەندی ناوچەکانی قەرەزەیدین، قەرەەینی، عەرەبلەر، ئاواجیك. هەروەها باج وەردەگرن لە هەموو ئەو شتانەی کە جووتیارەکان دەیهێنن بۆ فرۆشتن لە شارو شارۆچکەکان. کوردەکان ڕایانگەیاندووە کە ئەم پارە کۆکراوەیە دەدرێتە خەزێنەی کوردی لە ناوەند. نزیکەی سێ مانگە پارە لە خەڵك وەردەگیرێ وزیانێکی گەورەیان داوە لە بەڕێوەبەرایەتی شارەکان. دیارە سەرکردەکانی کورد ئەم پارانە بۆ خۆیان کۆدەکەنەوەو نەیان‌ناردووە بۆ مەهاباد.

٣- کۆمیتەی کوردی کەسانێکی ئازەربایجانی گرتووەتە ژێربالی خۆی و پشتیوانییان لێدەکات کە تاوانبارن و لە پارتی کوردی ناونووسیان کردوون و نەیان‌هێشتووە کاربەدەستانی خۆجێیی لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا بکات‌و بە سزای خۆیان بگەن. ئەم کردەوانە بووەتە هۆی پەرەسەندن‌و زیادبوونی تاوان‌وکۆسپ خستنەسەر ڕێگای کاربەدەستانی خۆجێیی بۆ بەڕێوەبردنی کاری ئاسایی.

٤- له سه‌ره‌تای مانگی مایسی ئه‌مساڵ، له مه‌هاباده‌وه نوێنه‌ری کۆمیته‌ی ناوه‌ندی پارتی دیموکراتی کورد "حاجی سه‌یید محه‌مه‌د" هاتبوو بۆ ماکۆ. گوایه بۆ یارمه‌تیدانی کۆمیته‌ی کوردی پارتی دیموکرات‌و چاره‌سه‌رکردنی کێشه‌ی نێوان کوردو ئازه‌ربایجان. هه‌روه‌ها بۆ ڕاستکردنه‌وه‌ی ئه‌و هه‌ڵانه‌ی که کورده‌کان کردوویانه. سه‌ید له‌و ماوه‌ی مانگ‌و نیوه‌دا که له‌وێ مابوویه‌وه، یه‌ك كێشه‌ی چاره‌سه‌ر نه‌كردوه‌و بارودۆخ به باشی به‌ره‌و پێش نه‌چوه. به پێچه‌وانه‌وه ئه‌و ده‌ستی کردوه به په‌یوه‌ندیکردن له‌گه‌ڵ که‌سانی کۆنه‌په‌رست‌و خاوه‌ن موڵك‌و بازرگانه‌کان‌و له‌ڕێگه‌ی به‌یاننامه‌وه ده‌ستی کردوه به پڕوپاگه‌نده‌ی ئیسلامی‌و نێوان کۆمیته‌کان زیاتر تێك چووه، هه‌روه‌ها هه‌وارگه‌کانی به پێچه‌وانه‌ی داخوازی زۆربه‌ی دانیشتوانه‌وه به شێوه‌یه‌کی دوور له یاسا دابه‌ش کردوه‌و به‌م هۆیه‌وه ئاژاوه که‌وتۆته نێوان خێڵه کورده‌کانه‌وه.

به ده‌ستوری ڕابه‌رایه‌تی حیزبی دیموکراتی کوردستان، قازی محه‌مه‌د، حاجی سه‌ید محه‌مه‌د بانگ کرایه‌وه بۆ مه‌هاباد، له‌باتی ئه‌وجاره نوێنه‌ری ڕێبه‌رایه‌تی له مه‌هاباده‌وه نێردرا بۆ یارمه‌تیدانی ڕێکخراوه‌کانی پارتی دیموکرات له ماکۆو خۆی، ئه‌م نوێنه‌رانه‌ش نه‌یانتوانی له کاروباری ڕێکخستندا دڵسۆزی خۆیان نیشان بده‌ن، به‌ڵکوو دژی ڕێکخستن هه‌وڵیانداوه‌و بارودۆخی ناوچه‌که‌یان شێواندووه.

له ١-٦ی ئۆگوستی ئه‌مساڵ قازی محه‌مه‌د له خۆی‌و ماکۆ بووه، قازی به وته‌ی خۆی هاتووه بۆ ئاگاداربوون له کاروباری ڕێکخراوو کۆمیته‌کانی پارتی دیموکرات. دانیشتوانی خۆی‌و ماکۆ چ کوردو چ ئازه‌ربایجانی هه‌روه‌ها ده‌سه‌ڵاتدارانی خۆجێیی به ڕێزێکی زۆره‌وه پێشوازییان له قازی کرد.

بەبۆنەی هاتنی ئەوەوە مەڕیان سەربڕی لەبەر پێیداو تەقەکراو بە مەشقی سەربازییەوە پێشوازی لێ کرا. هەموو لەو باوەڕەدابوون کە قازی محەمەد هێندێ هەنگاوی گرنگی ناوە بۆ سزادانی ئەو سەرۆك خێڵانەی کاری سەرەڕۆیی و ناڕەوایان ئەنجام داوە. هەروەها هێندێ کاری کردووە بۆ نەهێشتن و چارەسەرکردنی ئەو ناکۆکییانەی کە هەبوە لە نێوان کوردەکان و جوتیارەکانی ناوچەکەدا، هەروەها چاکردنی ناکۆکی نێوان کۆمیتە کوردییەکان و دەسەڵاتدارانی ناوەندی.

بەڵام سەرەڕای چەند شکات کردنێك لەلایەن نوێنەری فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان و کاربەدەستانی ناوچەکەو جوتیاران، سەبارەت بە هەڵسوکەوتی نادیموکراتییانەی هەندێ لە سەرۆکە کوردەکان، قازی موحەمەد هیچ هەنگاوێکی هەڵنەگرتووە بەرانبەر بەوان، ئەو لە شاری ماکۆ لەسەر سکاڵای کوردەکان دەستوری گرتنی سەرۆکی خێڵی (جنینکانلی- باقوعەلی) دەرکرد، لەبەر سەرکێشیکردن بەڵام پاش دوو سەعات ئازادیان کردووە.

لە شاری خۆی لەسەر سکاڵای نوێنەرانی ڕێکخراوی ناوچەکە دژی عەلەمشاهی و بەسیری، قازی محەمەد نەك هەر دەستوری دەرکردنی ئەو دووانەی نەکرد، بەڵکوو سێ هەزار ڕیاڵی پێشکەش کرد بە حوسینی بەسیری، وەك خەڵاتێك بەبۆنەی ئەوەوە کە ناوبراو شیعری بە قازی محەمەددا هەڵداوە.

لە هەندێ کۆبوونەوەیدا لەگەڵ سەرۆك خێڵەکان قازی ڕایگەیاندووە کە (لەوانەیە باسی یەکگرتنی کوردستان لەگەڵ ئازەربایجان بێتە کایەوە بەڵام ئێوە نابێ پەسندی بکەن).

بنکەی ژین
www.zheen.org

٣ی ئۆگوستی ١٩٤٦، قازی محەمەد لە کونسوڵخانەی سۆڤێت لە گفتوگۆدا لەگەڵ سەرکونسوڵ نیگەرانی خۆی دەربڕی بەرامبەر بە پێشەوەری‌و گوتبووی پیشەوەری خۆی لە کوردەکان ناگەیەنێ‌و ئاگاداریان نییەو دەستوری وەرگرتنی کوردەکانی داوە لە فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان. هەروەها گوتی: وەرگرتنی ئازەربایجانیەکان وەك ئەندام لە حیزبی دیموکراتی کورددا وەڵامدانەوەی دەستوری پیشەوەرییە بۆ وەرگرتنی کوردەکانی ناوچەی میاندواو بۆ ئەندامێتی لە فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجاندا.

لەگەڵ قازی محەمەددا، محەمەد عەمەر خانی شەریفی‌و قوتاس حەمەدی هاتبوون، لەگەڵ کۆنەپەرستانی سەرۆك خێڵ‌و هۆزە کوردەکان لە ناوچەی ماکۆ چاوپێکەوتنی گوماناوییان کردووە. قازی محەمەد کە لە ماکۆ بووە، پەیمانی داوە بە کۆمیتەی کوردیی لە ماکۆ، بۆ ڕێکخستنی پاسەوانی کورد چەك‌و جلوبەرگیان بۆ بنێرێ. پاش گەڕانەوەی قازی کوردەکان هەستیان بە دەستکراوەیی خۆیان کردووەو هێرشی چەکدارانەیان بۆ سەر گوندە ئازەرییەکان‌و کوردەکانی تورکیا دەست پێ کردووەتەوە.

لە ماوەی ئۆگوست- سپتەمبەر، بەگوێرەی سەرچاوەکان (کە ناتەواون) کوردەکان شەش جار هێرشیان کردووەتە سەر کوردەکانی تورکیاو (١٣٩٠) سەر مەڕو (٧٣) سەر ڕەشەوڵاخ (٢٦) ئەسپیان دزیوە لەم ماوەیەدا. هەروەها کوردەکان (٣١) هێرشیان کردووەتە سەر گوندە ئازەریەکان‌و ئاژەڵ‌و سامانێکی زۆری جوتیارانیان تاڵان کردووەو حەوت کەسیان لەوانەی کە ڕووبەروویان بوونەتەوە کوشتووە.

له زۆر گوندی ناوچەی ئاواجی، قەرەعەینی، زۆرئاوا، قەرەزەیرین و هەندێکی تر. کوردەکان بە زۆر گوندەکانیان داگیرکردووە لە جوتیاران‌و موڵکانەیان لێ دەسێنن‌و دەستیان بەسەر جەواڵە گەنجەکاندا گرتووە. ۳/۱ی دەغڵودانی کۆنەکراوە لە جووتیارەکان دەستێنن لەبری ئیجارە بۆ خۆیان‌و ڕێنادەن لەلایەن کاربەدەستانی خۆجێییەوە دەغڵودان ڕەوانە بکرێ بۆ ئەمبارەکانی دەوڵەت. کوردەکان لە ڕێگای ڕێگرییەوە دانیشتوانی ئەو ناوچە ناوبراوانە تیرۆر دەکەن. جووتیارانی گوندە بچووکەکان لە ترسی هێرشی کوردەکان ئێواران لەگەڵ ئاژەڵەکانیاندا دەچنە گوندە گەورەکان‌و بە ڕۆژ دەگەڕێنەوە بۆ سەر کێڵگەکانی خۆیان.

پاڵ پێوەنەرو ڕێبەری ئەم کردەوە ڕێگرییانەی کوردەکان، ئەو سەرۆک خێڵ‌و هۆزە کوردانەیە کە لە شوێنێکی تری ئەم ڕاپۆرتەدا ناویان هاتووە، هەروەها مستەفا کالە، حوسێن تەئار، سەرۆک خێڵەکانی حەسوخەڵەفی مارون ڕەشو، عەمەر تابو، خێڵی عەلی مەگولی حەمزە حاجی مەحمود ئاخکوو جافر ئاجۆیە. هیچ هەنگاوێك دژی ڕێگری کوردەکان تائێستا نە لەلایەن تەورێزو نە مەهابادەوە نەنراوە.

لە گفتوگۆیەکدا لەگەڵ نوێنەری کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کورد "کازم بگ حەسەنی" لەبارەی سەرکەشی‌و ڕێگریی کوردەکان، گوتی: لەم دواییانەدا کە لە تەورێز بووم باسی ڕێگری‌و تاڵانکردنی کوردەکانم بۆ قازی محەمەد گێڕایەوەو داوام لێ کرد دەستور بدات دژی تاوانکاران هەنگاو هەڵگرێ. قازی محەمەد لە وەڵامدا گوتی: ((تۆ بەس بە کوردەکان بڵێ بێدەنگ بن، ئەگەر بە قسەیان نەکردی، زۆر تەنگ پێ هەڵچنین بەکار ناهێنین)). کازم بەگ درێژەی دا بە قسەکانی‌و گوتی: ((ڕاستە دەڵێن ماسی لە سەرەوە خراپ دەبێ)). دوای ڕاگەیاندنی

www.zheen.org

ڕێبەری ئێمە ئەوە بەسە کە بە کوردەکان بڵێی تاکوو دەست لە تاڵانکردن هەڵگرن، من خۆم کوردم بە تەجروبە ئەوەم بۆ دەرکەوتووە کە کوردەکان هیچ کاتێك لە ڕێگای ئامۆژگاریو پروپاگەندەوەو بەبێ بەکارهێنانی زۆر هیچ شتێك بە دەست نەهێنراوە.

پێویستە ئەوەش بگوترێ کە دەسەڵاتی ناوەندی ئازەربایجان کوردەکانیان پشتگوێ خستووەو ئەمەش بووەتە هۆی درستبوونی ناڕەزایی لە نێو کوردەکاندا. بۆ نموونە لە ناوچەی ماکۆو خۆی هیچ کەس لە کوردەکان لە ئەنجومەنە ناوچەییو خۆجێییەکاندا هەڵنەبژێردراونو یەك کورد لە کاروباری دەوڵەتیدا بەشدار نەکراوە. ئەم جیاوازییە کوردەکان لە ئازەربایجانیەکان دووردەخاتەوەو تاقمی کۆنەپەرستو دوژمن لەم کردەوانە کەڵك وەردەگرن بۆ ڕاپەڕینی کوردەکان دژی ئازەربایجانو دەسەڵاتدارانی خۆجێییو دژی پەرەسەندنی بزووتنەوەی دیموکراتخوازی.

بۆ چارەسەر کردنی کێشەی کورد لە ناوچەی سەر بە کونسوڵی ئێمە پێویستە:

ئـ. هێنانی هەندێ کوردی بەناوبانگی دیموکرات بۆ کارکردن لە ئۆرگانەکانی دەسەڵاتداری خۆجێیی.

ب. کوردە دانیشتوەکانی ناوچە لە باری بەڕێوەبردنەوە بەتەواوی بخرێنە بەردەست دەسەڵاتدارانی ناوچە.

پ. پێکهێنانی دەستەکانی نیگەهبانی کورد دەبێ سەر بە دەوڵەت بن مووچەیان بدرێتێو بەڕێوەبردنیان لەلایەن سەرکردە بڕواپێکراوەکان دەبێ، ئەرکی سەرشانیان دابینکردنی ئارامی ناو کوردانو ڕێگاگرتن لە

تالأنكردن لەلایەن كوردەكانەوە دەبیٚو لەباری عەمەلیاتییەوە سەر بە بەڕێوەبەرایەتی ئیدارەی نیگەهبانی ئازەربایجان بیٚ.

ت. دوورخستنەوەی هەندێك سەركردەی كورد كە خەریكی تالأنكردنو دزینو قەرەبووكردنەوەی ئەو زیانانەی لە جووتیارەكان كەوتووەو تالأن كەرەكان دووربخرێتەوە.

ج. كردنەوی چەند قوتابخانە بە زمانی كوردی.

جگە لەم ڕاپۆرتە ئەم نامانەی خوارەوە پێشكەش دەكریٚ.

١- لیستی ناوی كوردە تالأنكەرەكان لە حەوت لاپەڕەدا.

٢- وەرگێڕانی هەندیٚ نامەی ئالوگۆڕكراو لەنێوان كۆمیتەی پارتی كوردیو خۆیو كاربەدەستانی خۆجێیی لە شەش لاپەڕەدا.

٣- بەیاننامەكانی حاجی سەیید محەمەدی سەعیدی لە سیٚ لاپەڕەدا.

٤- وەرگێڕاوی سیٚ نامەی كۆمیتەی ناوەندی پارتی كوردی لە سیٚ لاپەڕەدا.

(١٦)

## سكرتێری سەركونسولی سۆڤێت لە ماكۆ- ئاموورادیان

سەلومین، سەركونسولی سۆڤێت لە ماكۆ، ڕێكەوتی ١١ی ئەیولی ١٩٤٦ نامەیەك دەنووسیٚ بۆ بەرپرسی سەرۆكی بەشی شالیاری دەرەوەی سۆڤێت "بیلیاییف"، وێنەیەك لە نامەكەشی ناردووە بۆ بەشی كادری شالیاری دەرەوەی سۆڤێتو بالویٚزی سۆڤێت لە ئێران "سلاچیكۆف"، هەروەها كونسولی گەورەی سۆڤێت لە تەورێز "كراسنیخ"؛ لە نامەكەدا هاتووە دەلیٚ كاتی ناردنی ڕاپۆرتەكەم شتێكی گرنگم لەبیر چووبووەوە

سەبارەت بە کەم خوێنەواریو نەزانی دوو سکرتێری کونسوڵی ماکۆ کە بریتین لە مورادیانو ئەڵڵاوەردی. سەبارەت بەوانە دەنووسێ: بە لەبەرچاوگرتنی ڕابووردویان: ئارام قەرە پتوویچ مورادیان کە لە ماکۆ ئیش دەکاتو سی ساڵ کارمەندێکی بەرزی وەزارەتی ناوخۆی سۆڤێتو نوێنەری ئەرمینیا بووە لە شورای بەرزی سۆڤێت؛ ئەی تریان ئەڵڵاوەردی تۆفیق علی حەیدەر ئوغلی کە دەورەی تایبەتی دیوە لە وەزارەتی کاروباری دەرەوەی یەکیەتی سۆڤێتو بە وتەی خۆی سکرتێری ناوەندی کونسولی ئازەربایجانی سۆڤێت بووەو هێندەی نەمابوو ببێ بە یەکەم کەسی بڕواپێکراوی باقرۆف. هەموو ئەم شتانە هەر لە ڕۆژی یەکەمی هاتنمەوە بۆ ماکۆ زانیوە، بەڵام بەهۆی پەرێشانیو دەستەپاچەیی نەمتوانی بە ئاسایی کار بکەم. پاش چەند مانگێك بەتەواوی توانیم لە ڕووداوەکان تێبگەمو لێکۆڵینەوەی ڕاستەقینەیان لەسەر بکەمو پێشکەشتانی بکەم.

## (١٧)

## سەلۆمین سەرکونسوڵی سۆڤێت لە ماکۆ

سەلومین لە نۆڤەمبەری ١٩٤٥ تا ئوکتوبری ١٩٤٦ ڕەئیسی کونسوڵی سۆڤێت بووە لە ماکۆ لەبری وەلامی سەلومینو گۆڕین یا لابردنی ئەڵڵاوەردیو مورادیان کە هەردوکیان پیاوی باقرۆف بوونو دەستێکی گەورەیان هەبوە لە ئاژاوەنانەوە دژ بە کوردان. سەلومین دەگۆڕێنو مورادیان دەکەن بە کونسوڵی سۆڤێت لە ماکۆ چەند جاری تر لەلایەن

کاربەدەستانی سوپایی‌و دیبلوماسی سۆڤێتەوە ڕەخنە لەو دوو کەسە گیراوە، بەلام بەهۆی پشتگیری کردنیان لەلایەن باقرۆفەوە داواکارییەکان پشتگوێ خراون.

## (١٨)

## ئالوگۆڕکردنی تەلگراف لەنێوان "قەوامول سەڵتەنە"و "قازی محمد"دا

ڕۆژی ٣٨ی نۆڤەمبەری ١٩٤٦، قەوامول سەڵتەنە بە تەلگرافێك داوای لە قازی محەمەد کردووە، یارمەتی هاتنی دەستە تایبەتەکانی نێردراوی سوپای ئێران بۆ شارەکانی خۆی، شاپوور، ورمێ‌و مەهاباد بدات[٨]. وەك ئاشکرایە ئەم شارانە سەر بە ئازەربایجانی ڕۆژاوان، وەڵامی قازی بۆ قەوام کە لە ڕێگای تەورێزەوە وەرگیراوە، بەم چەشنەیە:

---

[٨] ئەمە دەقی تەلەگرافەکەی ئاغای قەوامول سەڵتەنەیە:

ئاغای قازی محەممەد

بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە پێویستە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان، هێزی دابینکەری نێردراو لە ناوەندەوە ئامادە بێ، هەروەها پێویستە هەڵبژاردنی ناوچە کوردنشینەکانی ئازەربایجان بە هاوکاری‌و پاڵپشتی جەنابتان ئەنجام بدرێ. بۆیە پێویستە بۆمان دیاری بفەرموون کە لە خۆی، شاپوور، ڕەزائیە، مەهاباد کە ناوچەی کوردنشینن، بە چ شێوەیەك هاوکاری هێزی دابینکەرتان پێ دەکرێ، تا فەرمانی گونجاوتان لەم بارەیەوە بۆ دەربکەین. چاوەڕوانی هاوکاری بێدریغ‌و پاڵپشتی تایبەتی جەنابتانم کەلەم ماوەیەدا تێبینیم کردووەو لەو ناوچەیەدا کە مەسەلەی کورد لەئارادایە بەتەواوی پشتگیریتان بۆ پێشرەوی کارەکان بە پراکتیك بسەلمێنن.

قەوامول سەڵتەنە

سەرەك وەزیر

( بڕوانە: کوهستان "روزنامە"، شمارە ٧٢، ١١ آذار ١٣٢٥)

بەپێی بەندەکانی ١٤، ١٦، ١٧، ١٩ی یاسای هەڵبژاردن، قازی محەمەد لەو بڕوایەدایە کە قەوام دەست لە کاروباری هەڵبژاردنی ناوچە کوردیەکاندا وەر نادات بە هێزی چەکدار، لەبەر ئەوە لە هەڵبژاردنی ڕابردوو ژەنڕاڵ ئەرفەعو هاوڕێکانی لە شارەکانی سەقزو بانە کابرایەکیان بەناوی مەدحەتییەوە نارده مەجلیسی ئێرانەوە کە بوو بەهۆی سووکایەتیکردن بە گەلی کورد، قازی محەمەد ڕادەگەیەنێ لە کوردستان ئارامیی ڕێکوپێك هەیەو لە ڕۆژی هەڵبژاردنیشدا ئەو ئارامیو هێمنییە هەر دەمێنێتەوە. سەبارەت بە شارەکانی ڕەزائییە، خۆی، ماکۆ، قازی محەمەد، دەڵێ: لەو شارانەدا فەرماندار هەیە، ماوەیەك لەمەوبەر قەوام دایناون.

* * *

بەگوێرەی ڕاگەیاندنی ڕۆژنامەی ئێران، دوێنێ واتە ٣٧ی نۆڤەرمبەر، ڕادیۆ تەورێز بڵاوی کردووەتەوە کە قازی محەمەد ڕێبەری دیمۆکراتەکانی کورد، لە وەڵامی تیلیگرافی "قەوام"دا سەبارەت بە ناردنی سوپای ئێران بۆ کوردستان بۆ کۆنترۆڵکردنی هەڵبژاردن بەم چەشنە وەڵامی داوەتەوە: کۆنترۆڵکردنی هەڵبژاردن بەپێی یاسای هەڵبژاردن دەبێ لە ئەستۆی ئەنجومەنی هەرێمیدا بێ‌و بەڵێنی دا بە قەوام کە هەڵبژاردن لە کوردستاندا لە بارودۆخێکی ئازادو دیمۆکراتیدا بەرێوە بچێ. هەروەها قازی گوتی ناردنی سوپای ئێران بۆ ناوچە کوردنشینەکان هیچ پێویست ناکات، چونکە دەبێتە هۆی دووبارەبوونەوەی ڕووداوەکانی هەڵبژاردنی مەجلیسی دەورەی چواردەهەم، سەرەڕای ئەوەی ئامادەبوونی سوپا دەبێتە هۆی سووکایەتیکردن بە کوردان.

www.zheen.org

## (١٩)

## نامەی ڕێبەری دیمۆکراتەکانی کورد بۆ قەوامول سەڵتەنە

٢٩ی ئوکتوبری ١٩٤٦، ڕۆژنامەی "رهبر"، نامەی قازی محەمەد، ڕێبەری کوردە دیمکراتەکانی بۆ قوام بڵاوکردووەتەوە. لەو نامەیەدا هاتووە کە باڵکونیکی سوپای ئێران پزیشکیان بە دەستووریکی نابەرپرسانەی کاربەدەستانی تارانی تاقمێکی کوردی مەهابادی دژ بە دیمۆکراتە کوردەکان هان داوە، باڵکونیکی تر بە ناوی ئیرم ئەم تاقمەی بانگ کردووە بۆ سەردەشت تاکو ڕێگا بۆ ئەم شارە پاك بکەنەوەو بە چوارسەد نەفەرەوە بە تۆپو تانك هێرشی کردووەتە سەر دیمۆکراتە کوردەکانی کورد، قازی محەمەد قەوامول سەڵتەنە ئاگادار کردووەتەوە لە مەترسی بڵاوبوونەوەی نائارامی کە لەوانەیە بێت بەدوای ئەو هەنگاوەدا[٩].

* * *

---

[٩] قازی محەممەد، لە ١ی نۆڤەمبەری ١٩٤٦دا لە تەلەگرافێکدا ئاغای قەوامول سەڵتەنەی لەو پەلامارەی "سەرهەنگ ئایروم" ئاگادار کردۆتەوە، کە بە خۆی و چوار تانك‌و زریپۆشێك‌و چەند ئۆتۆمبێلی پر سەربازو سیخناغ لە چەك‌و تەقەمەنی نیازی بوو لە گوندی (مەکلاوە)ی نێوان بانەو سەردەشتەوە بەرەو پادگانی دەوروبەری سەردەشت بکشێن. لە ئەنجامدا پێکدادان لەگەڵ ئەو هێزە ئێرانیەو پێشمەرگە بارزانیەکان ڕوو ئەدات‌و سوپای ئێرانی بە خەستی تۆپبارانی ناوچەکەی کرد کە ژمارەی خەڵکی بێدیفاعی تێدا کوژران. لە تەلەگرافەکەدا هاتووە: (ئاغای قەوامول سەلتەنە ... پێرێ لە سەردەشت سەرهەنگ ئایروم بە تانك‌و تۆپ‌و ژمارەیەك سەربازەوە پەلاماری پۆستەکانی دیموکراتیان داوە ئەوە دوو ڕۆژە جەنگ بەردەوامە تەکلیف چییە ؟))
١٣٢٥ /٨/١٠ محەمەد قازی

(بڕوانە: کوهستان "روزنامە"، شمارە ٦٨، ١٣ آبان، ١٣٢٥)

ڕۆژنامەی ئاتەش "آتش" لە ١٦ی ڕیکابری ١٩٤٦ دەنووسێ: قازی محەمەد بۆ ماوەی دوو ڕۆژ چووەتە مۆسکۆو دوای وەرگرتنی دەستوراتی پێویست گەڕاوەتەوە ئێران و گوێڕایەڵی خۆی بۆ دەوڵەتی ئێران ڕاگەیاندووە.

(٢٠)

## ڕۆژنامەی "اطلاعات" دەربارەی ئازەربایجان و کوردستان

ڕۆژنامەی "اطلاعات" لە ژمارەی ڕۆژی ١٩٤٧/٣/٨دا بابەتێکی بڵاوکردووەتەوە، تێیدا هاتووە کە سەرۆکی پێشووی دەوڵەتی خودموختاری کوردستان حاجی باباشێخ بە پەیامنێری ئەم ڕۆژنامەیەی ڕاگەیاندووە گوایە کاتێك پێشوەریو قازی لە باکۆ بوون، پێشەوەریو کاربەدەستانی دەرەوە، سوور بوون لەسەر ئەوەی کە کوردستان ببێتە بەشێك لە ئازەربایجانو سەر بە ئەوێ بێ. بەڵام قازی محەمەد زۆر بەتوندی دژی ئەو هەڵوێستە ڕاوەستاوەو بڕیاری لەسەر نەداوەو ڕایگەیاندوە ئەگەر کوردستان بڕیارە سەر بە تەورێز بێ، باشتروایە سەر بە دەوڵەتی ناوەندی تاران بمێنێتەوە. حاجی باباشێخ هەروەها ڕایگەیاندووە کە ڕێبەرانی کورد لە باکۆ لەژێر گوشارێکی زۆردا بوون، تەنانەت قازی محەمەد ئامادەبوو کە خۆی ژارخواردوو بکاتو خۆی بکوژێ. هەروەها ڕایگەیاند کە بێگانەکان سەرئەنجام بەڵێنیان دا قازی محەمەد ببێتە سەرۆکی کۆماری کوردی، بۆ ئەوەی قازی بەکاربێنن دژی پێشەوەری بۆ بەرژەوەندی خۆیان، چونکە ئەم هەڵوێستە جێپێی ئەوانی بەهێز دەکرد.

پەیامنێری "اطلاعات" لەسەر پەیامەکەی خۆی دەڕواو دەڵێ: لە ژوورەکەی قازی محەمەد نەخشەی کوردستانی مەزن دەبینرا بە زمانی ئینگلیزی، لەم نەخشەیەدا ناوچەکانی باشووری ئەرمەنستانی سۆڤێتی، فارس‌و ئەردەهان‌و ناوچەکانی دەوروبەری گۆمی وان‌و ناوچە نەوتاویەکانی عیراق مووسڵ‌و هەروەها دیاربەکرو سلێمانی خرابوونە سەر کوردستان.

لەناو نەخشەکەی کوردستاندا، ئەم شارانەی ئێران ماکۆ، خۆی، شاپوور، ڕەزائییە، میاندواو، تیکاب‌و ناوچەی گومی ورمێ خرابوونە سەر کوردستان‌و سنووری کوردستان دەگەیشتە لای هەمەدان‌و لە باشوورەوە دەگەیشتە بوشەهر کە هەموو ناوچە نەوتییەکانی ئابادان‌و کرماشان‌و سنەو سەقزو مەهابادو بەشێکی خوزستان‌و عیراقی تا کەنداوی فارس دەگرتەبەر.

هەروەها ڕۆژنامەی "اطلاعات" ڕادەگەیەنێ کە قازی محەمەد لەبەرئەوەی بووەتە سەرۆکی کوردستان، چونکە بەرژەوەندی بێگانەکانی تێدایە بەرانبەر بە نەوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەروەها دەڵێ تەنانەت سروودی نەتەوایەتی کوردستان گوایە باسی مافی کوردانی تێدایە لەسەر کانییە نەوتەکانی ئێران‌و عیراق‌و کرماشان‌و موسڵ.

بۆ نەهێشتنی ناکۆکیەکانی نێوان ئازەربایجانیەکان‌و کوردەکان بێگانەکان لە کۆتایی مانگی ئەپریلی ١٩٤٦ دا هەواڵی ڕاگەیاندنی پەیمانی دووقۆڵی نێوان دەوڵەتی خودموختاری کوردستان‌و ئازەربایجانیان ڕاگەیاند.

هەروەها لەدرێژەی بابەتەکەدا کە ٩ی مارت بڵاوکراوەتەوە دەڵێ لەکاتی وتووێژی نێوان ئازەربایجانیەکان‌و دەوڵەتی ئێران لە تاران لە

www.zheen.org

بەهاری ١٩٤٦ جاویدو شەبوسکەری، سوور بووە لەسەر پێکهاتنێکی ئاشتیخوازانە لەگەڵ دەوڵەتی ئێران، بەڵام پیشەوەری‌و غولام یەحیای دانیشیان ڕایان لەسەر کۆتایی پێهێنانی وتووێژ بوو.

ئارشیڤی وەزارەتی دەرەوەی ڕوسیا

**( ٢١ )**

**نامەی (کۆمەڵەی کوردەکان) وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا**

**١٧ی نیسانی ١٩٤٧، بەیرووت، ئاژانسی هەواڵنێری تاس**

**لە فەرەنسییەوە وەرگیراوە**

**بەیرووت ٣١ی مارتی ١٩٤٧**

کۆمەڵەی کوردیی نامەیەکی ناردووە بۆ وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە واشینتۆن، تێیدا هاتووە: گەلی کورد بە نیگەرانییەکی زۆرەوە دەڕوانێتە کێشەی بڕیاری یارمەتیدانی تورکیا لەلایەن وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە کە ئێستا لەلایەن دەزگا یاسادانەرەکانی ئەمریکاوە لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێ. گەلی کورد کە لە ٤٠٪ی کەوتووەتە ژێر دەسەڵاتی تورکیا، سەرنجی ئێوە ڕادەکێشێ بۆ ئەو بارودۆخەی ئێستاو ئەو ئەنجامە شوومەی سیاسەتی ئەمریکا کە لە وانەیە لە پاشەڕۆژدا لێی بکەوێتەوە، پێویست ناکات لێرەدا ئێمە سیاسەتی ئەمریکا ڕوون بکەینەوە بەرامبەر بە هەموو دەوڵەتەکانی تورکیاو گەلانی غەیرە تورکی دانیشتوانی ئەو وڵاتە بە درێژایی مێژوو کە تائێستا بێگۆڕان ماوەتەوە. ئەگەر ئەمریکا یارمەتی تورکیا بدات، دەوڵەتی تورکیا هەست بە

www.zheen.org

پشتیوانیکردنی ئەمریکا دەکاو هەنگاوی زیاتر هەڵدەنێ بۆ دەکردن و کوشتاری کوردان. مێژووی کوشتارو لەناوبردنی ئەرمەن و ئاسوورییەکان پێش و پاش شەڕی ١٩١٤–١٩١٨مان وەبیردێنێتەوە. ڕەوشی ڕەگەزپەرستانەو پۆلیسیی دەوڵەتی تورکیا کە هەموو چەشنە ئازادییەکی لەو وڵاتەدا خنکاندووە، هەروەها هەڵوێستی بەرامبەر کەمایەتییە نەتەوەییەکان زۆر بە باشی ئاشکرا بووە لای کۆمەڵانی جیهان. بەرپرسیاریەتییەکی گەورە دەکەوێتە سەرشانی دەوڵەتی ئەمریکا ئەگەر یارمەتی دەوڵەتی تورکیا بدات. گرتنەبەری سیاسەتێکی لەو جۆرە پێچەوانەی پرەنسیپەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکانە.

ئێمە چەندین جار ئەوەمان دووپات کردووەتەوە کە ئەو کوردانەی لە تورکیا دەژین، کەمایەتییەکی نەتەوەیی نین، بەڵکوو بەتەواوی خاوەنی خاکی سنوور دیاریکراوی سروشتی خۆیەتی، گەلێکە کە ئێستا بەشکراوە بە سەر تورکیاو ئێران و عێراقداو ئەم دەوڵەتانە بە هەموو شێوەیەك ئازاری دەدەن و لە ناویشی دەبەن .

کوردەکان هەم لە شەڕی ڕابوردوو وەهەم لە شەڕی دواییدا باوەڕیان بە سەرکەوتنی هاوپەیمانەکان بووە. لە ئاڵۆزترین کاتی ئەم شەڕەی دواییدا، تەنانەت لەو کاتەشدا لە تورکیا بەگومان بوون، کوردەکان باوەڕی تەواویان بە ئازادی و دیموکراسی هەبوە. ئێمە لەو باوەڕەداین ئەو یارمەتییەی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بە تورکیە دژی پرەنسیپەکانی ڕێکخراوە نێو دەوڵەتییەکان بەکاردەهێنرێ.

ئارشیڤی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ڕوسیا

www.zheen.org

( ٢٢ )

## قازی محەمەد لە نوسراوەکانی ڤیلچیڤسکی، ئو. ل. دا

قازی محەمەد، مرڤێکی داناو دووربینە. دەڵێن نابێ هەمیشە باوەڕ بە قازی محەمەد بکرێ‌و نابێ بەتەواوی باوەڕ بە قسەکانی بکرێ. لەگەڵ هەموو کەموکورتییەکیدا، بە وتەی هاودەنگەکانم ((قازی، هەرە پێشکەوتووترین‌و لێهاتووترین کەسە لە بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد لە ئێراندا)). سەدری قازی برای قازی محەمەد نوێنەری مەجلیسی ئێرانە، مرۆڤێکی زۆر کراوەو ڕووخۆشترە لە براکەی. مرۆڤێکی بە کەلتوورە، تێگەیشتنی لە کێشە سیاسییەکان لاوازە وەك براکەی نییەو کەمتر دووربینە بە پێچەوانەی براکەی کەمتر دەسەڵات پەرست‌و خۆپەرستە. زۆر بەناوبانگەو ڕێزی لێ ئەگرن، گەورەترین کەموکوڕی ئەو ئەوەیە کە زۆر نەرمەو زۆریش بچووك بینە.

یەکێکی تر لە ڕابەران‌و سەرۆك هۆزە بەناوبانگەکانی ناوچەی موکریان بنەماڵەی قازییەکانە. لە سەرەتای ئەم سەدەوە، قازی فەتاح لەبەر دژایەتیکردنی قاجارەکان، بە فرۆفێڵ بانگ کرایە تاران‌و ماوەیەك وەك بارمتە هێشتیانەوە. ساڵی ١٩٠٥، کاتێك سوپای تورك ناوچەکەی داگیرکرد، فەتاحی قازی هێزێکی گەورەی پێك هێنا بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ تورکە داگیرکەرەکاندا. ئێستا کوڕەکانی قازی محەمەدو سەدری قازی کوڕە بچووکی، هەروەها برای بچووکی سەیفی قازی لەناو خەڵکدا زۆر ڕێزیان هەیەو چالاکی سیاسی دەنوێنن. قازی محەمەد، یەکێکە لەوانەی کە ساڵی ١٩٤١ پێشنیاری دروستکردنی ناوچەی کوردستانی ئازادی کرد، ئێستا وەك سەرۆکی دادگا (قازی) و وەك سەرۆك شارەوانی

www.zheen.org

مەهابادە. قازی محەمەد، لە هەڵسوکەوتو چالاکی سیاسیدا، وەك قەرەنی ئاغای زەرزاو یا سەرتیپ ئاغای شکاك نەبوە کە بەیەکجاری دەیانویست لە دەسەڵاتی ئێران جیاببنەوە؛ ئەو داوای خودموختاری بۆ هەموو ناوچەکانی کوردستان دەکاتو دروشمی بەڕێوەبردنی ناوخۆییو خودموختاری کەلتووری بۆ ناوچە کوردییەکان بەگوێرەی بۆچوونی ئەو بەشێکن لە ئێران. لەبەرئەوە قازی محەمەد پەیوەندی خۆی لەگەڵ دەوڵەتو کەسایەتییە کۆمەڵایەتییە ناودارەکانی ناو ئێران نەپچڕاندو لە ساڵی ١٩٤٣دا ئامادەیی خۆی دەربڕی بۆ سەقامگیرکردنی دەسەڵاتی ئێران لە مەهاباد.

لەبارەی سیاسەتی دەرەوە، قازی محەمەد دەیەوێ سەرنجی ئینگلیزەکانو هەروەها سۆڤێتیش بۆ لای خۆی ڕاکێشێو بە باشتری دەزانێ بەلای هیچ لایەکاندا نەڕوات. قازی محەمەد پەیوەندی لەگەڵ هەندێك لە ڕێبەرانی بزووتنەوەی کورد هەیە لە عیراق، بەتایبەتی لەگەڵ بناغەدانەرو کەسایەتی ناسراوی ڕێکخراوی زاری کرمانجی کە خەڵکی مهابادە [مەبەست حوسێن حوزنی موکریانییە-س].

بەدانانی عەمەر خان بە بەخشداری شاپوورو قازی محەمەد وەك سەرۆکی شارەوانی مەهاباد، دەوڵەت توانی ڕەزامەندی ئەوانە وەربگرێ کە سوپاو ژاندرمەکانی خۆی بنێرێتە ناوچە سەربەخۆکانی کوردو دەسەڵاتی دەوڵەت بگەڕێنێتەوە بۆ ئەوێ.

دەوڵەتی ئێران لەگەڵ کوردەکان ڕێك کەوتو سەدری قازی بە نوێنەرایەتی مەهاباد لە مەجلیسی دەورەی چواردە هەڵبژێردرا. سەدری لە مەجلیس لایەنگری لە دەوڵەتی ئێران دەکردو ڕایگەیاند کوردەکانی

بنکەی ژین www.zheen.org

ئێران خۆیان بە ڕۆڵەی ئێران دەزانن‌و دەمانەوێ لە داهاتوودا لە چوارچێوەی دەوڵەتی ئێراندا بمێننەوە. سەدری قازی، دروشمی (ترادیسیونی) سوننەتی کورد بۆ سەربەخۆیی کوردستان ڕەت دەکاتەوە.

ڕووداوەکانی سەردەشت‌و بانەو ئەو جێگایانەی کە سوپای ئێرانی تیادا سەقامگیر بووە، لەکاتی هەڵبژاردندا هێندە دەستیان لە هەڵبژاردنەکە وەردا، دانیشتوانی ناوچەکەیان ناچار کردبوو کە دەبێ بە کاندیدەکانی دەوڵەت دەنگ بدەن، بەشێوەیەك ڕژێم ناچاربوو هەڵبژاردنی سەردەشت هەڵوەشێنێتەوەو نوێنەرایەتی سەردەشت لەلایەن مەجلیسەوە وەرنەگیرێن‌و فەرماندەی تیپی سەردەشت بدرێتە دادگا.

## ( ٢٣ )

## هاتنی ڕێبەری دیموکراتەکانی کوردستان بۆ تاران

قازی محەمەد، ڕێبەری پێشووی دیموکراتەکانی کوردستان هاتووەتە تاران، ڕۆژی ٢٤ی دیسامبەری ١٩٤٦ لەگەڵ "قەوامول سەڵتەنە" کۆبووەتەوە. دوای خۆبەدەستەوەدانی دیموکراتەکانی ئازەربایجان، قازی گوێڕایەڵی خۆی بۆ سوپای ئێران دەربڕیوەو بەبێ هیچ کۆسپێك سوپای ئێران گەیشتووەتە کوردستان. بەگوێرەی بۆچوونی تاقمە سیاسیەکان، دەوڵەتی ئێران دەیەوێ کەڵك وەربگرێ لە قازی محەمەدو خزمەکانی بۆ یەکگرتنی کوردستانی ئێران.

www.zheen.org

**( ٢٤ )**

## سەدری قازی لەسەر هەڵسوکەوتی سوپای ئێران لە کوردستان
## ٢٤ی دیسامبەری ١٩٤٦

بەپێی ڕاگەیاندنی ڕۆژنامەی "اطلاعات"، فەرمانداری مەهاباد سەدری قازی کە ماوەیەك لەمەوبەر لە کوردستان گەڕاوەتەوە، لە گفتوگۆیەکدا لەگەڵ پەیامنێری ڕۆژنامەکە، خۆشحاڵی خۆی دەربڕیوە سەبارەت بە هەڵسوکەوتی سوپای ئێران لە کوردستانو گوتی ئێستا لە سەرانسەری کوردستان ئارامی جێگیر بووەو دانیشتوانی کوردستان خەریکی تەسلیم کردنەوەی ئەو چەکانەن کە هەیانە.

**( ٢٥ )**

دوێنێ ٢٥ی دیسامبەری ١٩٤٦، وەزیری پروپاگەندەو ئیتیلاعاتی ئێران، ڕایگەیاند کە مەلا مستەفای بارزانی لەگەڵ دوو هەزار سوارەی خۆیدا ماوەیەك لەمەوبەر تەسلیم بووبوو، ئامادە بووە لەوێ بمێنێتەوە، بەڵام هێشتا دەوڵەتی ئێران لەم بارەوە هیچ بڕیارێکی نەداوە. وەزیری پروپاگەندەی ئێران گوتی وەك ئاشکرایە کوردستان بەبێ هیچ بەربەرەکانییەك خۆی بەدەستەوە داوە.

**( ٢٦ )**

## تەنگ پێهەڵچنینی دیموکراتەکانی ئازەریو کورد

بەگوێرەی هەواڵی ڕۆژنامەی داد، ٢٨ی دیسامبەری ١٩٤٦ قازی محەمەدو سەیفی قازیو چەند ڕێبەری تری کورد، دەدرێنە دادگای سوپای سەحرایی. چونکە ئەوانە، نەك هەر بەرگری چەکدارانەیان کردووە

www.zheen.org

دژی دەوڵەت، بەڵکوو ئامادەبوون بۆ جیاکردنەوەی کوردستان لە ئێران‌و ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان‌و گوایە تەنانەت سەرۆك کۆمارو وەزیرەکانیش دەستنیشانیان کردووە.

**( ٢٧ )**

ڕۆژنامەی "ئاتەش"، ڕۆژی ١٦ی دیکابر ڕایگەیاندووە کە قازی محەمەد بۆ ماوەی دوو ڕۆژ ڕۆیشتووە بۆ مۆسکۆو دوای وەرگرتنی دەستووراتی پێویست گەڕاوەتەوە بۆ ئێران‌و تەسلیمبوونی خۆی بە دەوڵەتی ئێران ڕاگەیاندووە[١٠].

**( ٢٨ )**

### وتووێژی پەیامنێری ڕۆژنامەی کوردستان لەگەڵ قازی محەمەد

**(١٨ی کانوونی دووەمی ١٩٤٦، ئاژانسی تاس)**

ڕۆژنامەی کوردستان، کە لە مەهاباد دەردەچێ. چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ قازی محەمەد ڕێبەری حیزبی دیموکراتی کوردستان ئەنجام داوەو

---

[١٠] ڕۆژنامەی "آتش"، بەڕێوەبەرەکەی میر أشرەف، بوو کە پاش شۆڕشی گەلانی ئێران ساڵی ١٩٧٩ تیرباران کرا. ئەم ڕۆژنامەیە هاوکاری لە ستادی ئەرتەشەوە وەرئەگرت‌و ئەو ماوەیە هەر خەریکی درۆودەلەسە بلاْوکردنەوە بوو دژ بە کوردو سەرکردەکانی. مەحموودی شفاعی، کە شاعیرێکی خەڵکی ورمێ بوو، لە ساڵەکانی جەنگی دووەمی جیهانیشدا لەلایەن سەدری قازییەوە کرابووە مامۆستای منداڵەکانی‌و ئەوپەڕی هاوکاری دەکرا؛ کەچی هەر ئەو مەحمووده خۆی فرۆشتبوو، لە ڕۆژنامەی "آتش"دا چی شتی ناشیرین‌و درۆیە لەسەر بنەماڵەی قازی‌و خەڵکی مەهاباد بلاْوی دەکردەوە (بڕوانە: خاطرات دکتر هاشم شیرازی، بە کوشش هاشم سلیمی، انتشارات توکلی، تهران، ١٣٧٩، ص١٣٠-١٣٤).

چەند پرسیاری ئاڕاستە کردووە. قازی لە وەڵامی پرسیارەکاندا بەم شێوەیە وەڵامی دەداتەوە:

سەبارەت بە دەست تێوەردانی ئینگلیزو ئاژاوەنانەوە لە کوردستان‌و هەروەها سەبارەت بە کەسایەتی حەمەڕەشید خانی بانە، قازی محەمەد دەڵێ حەمەڕەشید خان کە هاتووەتە لامان بە نووسین دانی بەوەدا ناوە کە ئینگلیزو عەرەبەکان بۆ بەرپاکردنی ئاژاوە ناردویانەتە کوردستان. بەڵام سوێندی خواردوە کە خیانەت نەکات؛ ئێمە کە پلەی ژەنراڵیمان دا بە ناوبراو، دەمانویست بە دوژمنانی خۆمانی نیشان بدەین کە هەڵس‌وکەوتمان لەسەر بنەمای هەستی نەتەوایەتییە کەوا لەلایەن تەواوی گەلی کوردەوە پشتیوانی لێ دەکرێ؛ ئێمە هەروەها دەمانویست بە خەڵك نیشان بدەین کە کەسانی وەك حەمەڕەشید خان ناتوانن زیان بگەیەنن بە هەستی نەتەوایەتیمان. کاتێکیش کە ئینگلیزو عەرەبەکان حەمەڕەشید خانیان بانگ کرد بۆلای خۆیان‌و ئێمە ئاگاداری ئەم شتە بووین، ئێستا دەڵێن ناوبراو گیراوەو ئیمپریالیستەکان تەنانەت بەزەیی‌یان بە هاوکارەکانی خۆیاندا نایێتەوە.

لە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە مەبەست لە هاتنی نهێنی عەبدولباقی کورد لەگەڵ کاپتانێك‌و بە دوای ئەوەدا داوەتکردنی هەندێ سەرۆك هۆزی کورد لە عیراقەوە، قازی محەمەد گوتی: ئینگلیزەکان بە هەموو شێوەیەك دەیانەوێ لە ئێران ئاژاوەو گێچەڵ دروست بکەن‌و ڕێگا بگرن لە هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی ئێران. لە زۆر ناوچەدا ئەوانە هاوکارو لایەنگریان هەیە، بە تایبەت لە تاران‌و شارەکانی دەوروبەری. ئەوان پێیان وایە کوردستان‌و ناوچەکانی باشووری ئێران باشترین شوێنن بۆ ئاژاوەنانەوە. هەروەها بۆ ئەم مەبەستە لە کوردستان زۆر چالاکانە کار

دەکەن بۆ نانەوەی شەڕی جیهانی سێهەمو ڕاگرتنی بزووتنەوەی کورد. هەربۆیە ئەوان کەسانێکی وەك عەبدولباقی خائین دەنێرن بۆ ئێرە کە ئاشکرا بووە، ئینگلیزەکان چاویان بڕیوەتە نەوتی کوردستانو لەوپێناوەدا ئامادەن بۆ ئەوەی لە دەستیان نەچێ دنیای پێوە بسووتێنن. ئەوانە بەرنامەی ڕادیۆییو ناردنی سیخوڕو پیاوەکانیان دەیانەوێ ئێمە بترسێننو دەیانەوێ ئێمە هاوسەنگی خۆمان لەکیس بدەین.

سەبارەت بەو پرسیارە کە بۆچی لە ڕۆژنامەکاندا نووسین لەدژی ئیمپریالیزمی ئینگلیز یاساخ کراوە، قازی گوتی: من پێم وابوو ئەوانە بە بردنی نەوتی کوردستان ڕازی بنو وازمان لێ بهێنن، بەڵام وازمان لێ ناهێنن.

ئارشیڤی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ڕوسیا

(٢٩)

## لە یاداشتەکانی ڕۆژانەی کونسوڵی سۆڤێت لە تەورێز

## هاوی کراسنیخ. ئا. ئا. ١٤ی شوباتی ١٩٤٧

ڕۆژی دەی شوباتی ١٩٤٧ چوومە دیداری ڕۆحیر "ڕۆهیر" کە لە تارانەوە هاتووە بۆ تەورێزو بەشێوەیەکی کاتی کاروباری کونسوڵگەری ئەمریکای پێ سپێردراوە لە تەورێز، پاش ئەوەی کونسوڵی پێشووی ئەمریکا (سوتونی) گوازرایەوە بۆ شوێنێکی تر. ناوبراو گوتی: ئێستا لە باڵوێزخانەی ئەمریکا لە تاران کار دەکەمو کاروباری باشووری ئێرانو کوردەکانم پێ سپێردراوە. هەروەها گوتی تازە لە (ورمێ)وە گەڕاومەتەوە. منیش لێم پرسی: دەنگوباسی ورمێ چییە ؟ ئایا هێمنو ئارامە ؟، ڕوهەر گوتی: ((گوایە هێمنایەتی هەیەو لەڕاستیدا وانییە، ئازاردانو بە دواکەوتنی ئاسووریو ئەرمەنەکان بەردەوامە، بەڵام پێم وایە دوای

سەفەرەکەی من بۆ ئەوێ ئێستا کەم بووەتەوە)). لە کۆتاییدا گوتی: بەداخەوە لە ئێران توندڕەوی سیاسی زۆر زاڵە.

ڕۆهەر لەبەرئەوەی لە کوردستان بوو، هەوڵم دا بزانم هەڵوێستی ڕێبەرەکانی هۆزە کوردەکان لە ڕوانگەی ئەوەوە چۆنە. ڕۆهەر, گوتی بارودۆخی کوردستان هێشتا دیارو ڕوون نییە، هەڵوێستی سەبارەت بە گرتنی قازی محەمەد بە کارێکی خراپ دەزانیٚ و پێی باش نەبوە، چونکە بەگوێرەی بۆچوونی ئەو قازی هەرە پێشکەوتووترین مرۆڤی تەواوی کوردستانە. هەروەها گوتی: بۆم دەرکەوت قازی هەر لەبەر ئەوەی مرۆڤێکی پێشکەوتووەو پێشکەوتوانە بیردەکاتەوە، بڕیاری لە سێدارەدانی بەسەردا دراوەو ئەو بڕیارە کارێکی ناڕەوایە، قازی تاوانێکی نەکردووە. هەروەها گوتی لەگەڵ عەمەر خان قسەم کردووەو عەمەر خان دەیگوت ((نابیٚ تاڵەموویەك لە سەری قازی کەم ببێتەوە، ئەگینا تەواوی کوردستان هەڵدەستیٚ)).

لەم وتووێژانەدا گەیشتمە ئەو ئەنجامەی کە ئەمریکیەکان هەموو کارێك دەکەن‌و هەموو هەنگاوێك دەنێن بۆ ئەوەی سزای لەسێدارەدان بەسەر قازی‌و براکەیدا جێبەجیٚ نەکریٚ. بەڵام پاش ماوەیەك لە (١)ی نیسانی ١٩٤٧دا "ئالین"ی باڵوێزی ئەمریکا دێتە تەورێزو دەرکەوت کە قازی‌و براکەیان ئیعدام کردووە، بە پێچەوانەی وتەکانی سوتون‌و ڕۆهەر کە بڵاویان دەکردەوە گوایە ئەمریکیەکان هەوڵ ئەدەن سزای ئیعدامی قازییەکان بگۆڕن)[11].

## ئارشیڤی وەزارەتی کاروباری ڕووسیای فیدڕاڵ

---

[11] هێندێك کەسی بایەخداو بەم مەسەلەیە، پێیان وایە خودی سەفیری ئەمەریکا لە ئێران کاتی جێبەجێکردنی فەرمانی لەسێدارەدانی قازیەکان لە مەهاباد ئامادە بووەو تا لە هەڵواسینی قازییەکان دڵنیا نەبوە، مەهابادی بەجیٚ‌نەهێشتووە (بڕوانە: هەمان سەرچاوە، ل١٣٠).

( ٣٠ )

## بارودۆخی ئێران

نێوان ٢٨ی نۆڤەمبەر ١٩٤٦، ئاژانسی ڕۆیتەر لەتارانەوە ڕادەگەیەنێ: ڕۆژی ٢٨ی نۆڤەمبەر ڕادیۆی تەورێز ڕایگەیاند کە مەترسی شەڕی ناوخۆیی زیاتر بووە، ئەویش لەبەرئەوەی دەسەڵاتدارانی کوردستان دژایەتی ناردنی سوپای ئێران دەکەن بۆ چاودێری هەڵبژاردنەکان، لەم هەڵوێستەیاندا کۆکن لەگەڵ ئازەربایجانیەکاندا.

هەروەها قازی محەمەد سەرۆکی کوردەکان بەتوندی بە "قەوامول سەڵتەنە"ی سەرۆك وەزیرانی ئێرانی ڕاگەیاندووەو گوتوویەتی: من دەتوانم لە ڕێگای نەفەراتی خۆمەوە چاودێری هەڵبژاردنەکان بکەم. هەر ڕۆژی ٢٨ی نۆڤەمبەر قەوام بە (چاودێر)ی پارێزگاری ئازەربایجانی ڕاگەیاندووە کە سوپای ئێران دەنێردرێتە ئازەربایجانو ((هەموو چەشنە بەرنگارییەك وەڵامێکی چاوەڕوان نەکراوی دەبێ)).

( ٣٢ )

ڤیلچیڤسکی. ئو. ل. کاتی شەڕی جیهانی دووهەمو لە کاتی کۆماری کوردستاندا لە مەهابادو دەوروبەری بووەو لەنزیکەوە ئاگاداری ڕووداوەکان بووە، بابەتی زۆری لەسەر ئەم قۆناغەی بزووتنەوەی کوردو هەروەها کێشەی کورد بەگشتی نووسیوەو بە یەکێك لە کوردناسەکانی سۆڤێت دەژمێردرێ. لە لێکۆڵینەوەکەیدا کە تائێستا بڵاونەکراوەتەوە بۆ کەڵك وەرگرتنی ناوخۆ یا دەزگا تایبەتەکان نووسراوە، هەندێ شتی سەرەنج ڕاکێشی نووسیوە کە لێرەدا بۆ ئەم بەشە ئاماژە بە هەندێکیان

بنکەی ژین
www.zheen.org

دەكەین كە پەیوەندیان بە هەڵسوكەوت و هەنگاوەكانی دەسەڵاتی كوردییەوە هەیە:

حیزبی دیموكراتی كوردستانی ئێران، بە پێچەوانەی فیرقەی دیموكراتی ئازەربایجانی ئێران خەباتی بۆ دەست بەسەرا گرتنی دەسەڵات [مەبەست بە زۆر دەسەڵات بەدەستەوە گرتن، هەورامی] لە ناوچە كوردنشینەكانی باكوور- ڕۆژئاوای ئێران نەكرد، لەبەرئەوە چەند ساڵێك بوو بەكردەوە دەسەڵات بە دەست كوردەكانەوە بوو، تەنیا ئەوە مابوو، یاخود دەبوا ئەم دەسەڵاتە بەشێوەیەكی ڕەسمی بە پێكهێنانی حكوومەتێكی هەرێمی سەربەخۆ لە مەهاباد ڕێك بخرێ و درێژە بە یەكخستنەوەی ناوچەكانی دەوروبەری مەهاباد هەم لە باكوورو هەم لە باشوور لەگەڵ مەهاباد بدات.

یەكەم هەنگاوی حكوومەتی نوێی كوردی لە مەهاباد، ئەوە بوو كە تەواوی كاروبارو ژیانی كۆمەڵایەتی مەهاباد بكرێ بە زمانی كوردی. بۆ چارەسەركردنی ئەم كێشەیە كۆمسیۆنێكی تایبەتی بۆ دانانی بەرنامەو جێبەجێكردنی هەرچی زووتری ئەم بەرنامەیە پێك هات و لە ڕۆژنامەی "كوردستان"ی ئۆرگانی ڕەسمی دەوڵەتی كوردی لە مەهابادو پارتی دیموكراتی كوردستانی ئێران، ئەم هەنگاوانە بەشێوەیەكی بڕیار بەم چەشنەی خوارەوە بڵاوكراوەتەوە :

١- قوتابیانی بێكەس و بێسەرپەرشت و هەژار دەبێ لەسەر حیسابی خەڵك و ڕۆژانە لە قوتابخانەی (گەلاوێژ) بخوێنن و بۆ ئەم مەبەستە پێویستە ژمارەیان دیاری بكرێ و ئەم ئەركەش خرایە سەرشانی حوسینی فەروهەرو مەنافی كەریمی.

www.zheen.org

٢- بەڕێزان فەروهەرو کەریمی ڕاسپێردران ئێواران بۆ نەخوێندەواران قوتابخانە دامەزرێنن‌و خوێندنیش بە زمانی کوردی بێ.

٣- بڕیاردرا ناوی سەر داودەزگاکانی دەوڵەتی‌و قوتابخانەکان بە زمانی کوردی بنووسرێ.

٤- بڕیار درا منداڵانی تەمەن ٦ساڵ تا چواردە ساڵ، دەبێ فێری خوێندن بن یا بنێردرێنە قوتابخانە.

٥- لە کۆتایی کۆبوونەوەکەدا، بڕیاردرا لە کۆبوونەوەی داهاتوودا دەبێ فۆرمی جلوبەرگی قوتابییان دیاری بکرێ.

لە ئاگادارییەکیشدا بۆ دانیشتوانی مەهاباد هاتووە کە بە دەستووری سەرۆکی پارتی دیموکرات کوردستانی ئێران، بە مەبەستی پەرەپێدان‌و گەشەکردنی زمانی کوردی، تەواوی وانەو دەرسوتنەوە دەبێ بە زمانی کوردی بێ. هەروەها لەم ڕووەوە تا دە ڕۆژی تر تەواوی ئەو کوڕو کچانەی تەمەنیان لە شەش تا چواردە ساڵدایە، دەبێ باوک‌و کەس‌وکاریان بیان‌نێرنە قوتابخانە.

جێگری سەرۆکی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان

تەها زادە ١٩٤٦/٩/١١

هاوکات هەندێ هەنگاو هەڵگیرا بەرامبەر بە کێشانی تلیاک‌و شتی تری بێهۆشکەر. ڕۆژی ١٣ی کانوونی دووەمی ١٩٤٦، ڕۆژنامەی کوردستان دەستوورێکی حیزبی دیموکراتی کوردستانی لەم بارەوە بڵاوکردەوە دەربارەی لەناوبردن‌و دەست بەسەرداگرتنی ئەو مادە بێهۆشکەرانە.

هەروەها لەلایەن حکوومەتی مەهابادەوە گرنگییەکی زۆر دراوە بە بەرقەراری ئاسایش‌و ئارامی ناوخۆو ڕێکوپێکی‌و هەروەها دروستکردنی سوپایەکی نەتەوەیی کوردیی. سەرەتای مانگی کانوونی دووەم

www.zheen.org

سەرکردایەتی کورد ئاگادارییەکی بڵاوکردەوە بۆ تەواوی دانیشتوان، تێیدا هەڵگرتنی چەك لە شار یاساخ کرا (جگە لەوانەی پێویستە چەك هەڵگرن)، هەروەها هەر کەس لە شار تەقە بکات سزا دەدرێ. ئەم ئاگادارییە لەلایەن فەرماندەی سوپای دیموکراتی کوردستانەوە "نانەوا زادە" دەرچووە.

لە مەهابادو شارەکانی تری ژێردەسەلاتی کوردیی سوپای میللی کورد دامەزرا. ئەم یەکە سوپایانە جلوبەرگ‌و چەك‌و ڕێکخستنی یەك ڕەنگ‌و یەکسانییان هەبوو (جلوبەرگیان شەڵواری ئاوی یا ئاسمانی، کراسی نیزامی‌و کڵاوی گوێدار) کە بووەتە بناغەی جلوبەرگی سوپای داهاتووی کوردستان.

هەروەها لەلایەن دەوڵەتی کوردییەوە هەنگاوی جیددی هەڵگیرا بۆ دۆزینەوەی سەرچاوەی دارایی، بەتایبەت دەوڵەت هەنگاوی چالاکانەی نا بۆ کۆکردنەوەی باج‌و خەراجی سێ ساڵی ڕابردوو. لەم بارەوە ئاگادارییەکی بڵاو کردەوە بەم چەشنەی خوارەوە:

بەپێی دەستووری ڕابەری حیزبی دیموکراتی کوردستان لەئێستاوە دەست دەکرێ بە کۆکردنەوەی ماڵیاتی گشتی دووساڵ لەمەوبەر، واتە ساڵانی (١٣٢٣و ١٣٢٤) بەرامبەر بە ساڵانی ١٩٤٤و ١٩٤٥. بەپێی یاسای ماڵیات ئەوانەی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە، دەتوانن لە داهاتی خۆیان دوو تا سێ (پیوم ؟) بدەن. هەروەها هەموو خاوەن موڵك‌و زەوی‌و بازرگانان ئاگادار دەکەینەوە کە ئەم یاسایە ئەوانیش دەگرێتەوەو پێویستە بۆ خزمەتکردن‌و باشترکردنی ژیانی خەڵك، ماڵیات بدەن‌و سەبارەت بە پڕکردنەوەی لیستی ماڵیات‌و دیاریکردنی سەروەت‌و سامان‌و ئەندازەی (چەندایەتی) ماڵیات دەتوانن موڕاجەعەی بەڕێوەبەریتی ماڵیات بکەن کە

www.zheen.org

دەکەوێتە تەنیشتی مزگەوتی شا دەرویش. بەپێی ئەم یاسایە هەر کەس ئامادە نەبێ ئەو ماڵیاتە بدات، کۆمسیۆنی ئیدارەی ماڵیات بڕی ماڵیاتەکە دیاری دەکات بۆ هەموانو هەر چەشنە سکاڵایەکیش لەم بارەوە لێکۆڵینەوەی لەسەر ناکرێو دانی ئەو ماڵیاتە حەتمیو گشتییە.

سەرۆکی بەڕێوەبەرێتی ماڵیاتی مەهاباد- عیلمی

* * *

لە مەهاباد چاپخانەیەکی کوردی دانراوە، ئەم چاپخانەیە ڕۆژنامەی ڕۆژانەی کوردستان کە ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان و حکوومەتی دیموکراتی کوردە بڵاو دەکاتەوە. لە لاپەڕەکانی ئەم ڕۆژنامەدا، بەشێوەیەکی بەربڵاو کێشەکانی ناوخۆیی ئەم هەرێمە سەربەخۆیە وە هەروەها بارودۆخی سیاسی ئێرانو جیهان بڵاو دەکاتەوە. لە وتارو بانگەوازەکانو هەروەها ڕێنومایەکانی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران، جەخت دەکاتەوە لەسەر هەوڵدان بۆ پێکەوە کارکردن لەگەڵ بزووتنەوەی دیموکراتی ئێرانو بەتایبەت بزووتنەوەی نەتەوایەتی دیموکراتی ئازەربایجانی ئێران.

حکوومەتی سەربەخۆی کوردی، پەیوەندی نزیكو دۆستانەی هەیە لەگەڵ حکوومەتی دیموکراتیی ئازەربایجان ئێران، سەرەڕای هەندێ کێشەی سنوورەکانی نێوانیان کە ئەویش ئەگەڕێتەوە بۆ ئاڵۆزیو تێکهاڵانی سنوورەکانی نێوانیان لە باری ئیتنۆگرافییەوە.

هەروەها لە سەرەتادا پەیوەندی نێوان حکوومەتی دیموکراتی کوردستانو بارزانییەکان، بەتایبەتی لەگەڵ سەرکردەکەیان واتە مەلا مستەفای بارزانی، هەرچەندە زۆربەی کەسایەتیەکانی بزووتنەوەی بارزانی هەروەك ئەندامانی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستانی

ئێران لە ڕابردوودا ئەندامی کۆمەڵەی ژ. ك بوون، بەڵام قازی محەمەد دیار بوو مەترسی ئەوەی لەبەرچاو بوو کە بەشداریکردنی چالاکانەی بزووتنەوەی بارزانی لە بزوتنەوەی مەهابادد‌ا لەوانەیە لە کەسایەتیو ناوبانگی ئەو کەم بکاتەوەو ئەوان ببنە نەیاری. بەڵام لە ئەنجامدا ئەم کێشەیە بە بەشداریکردنی زۆربەی ڕێبەرانی بزووتنەوەی بارزانی لە بزووتنەوەی مەهاباددا کۆتایی پیٚ هات. مەلا مستەفا کرا بە فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی کوردو پلەی ژەنراڵی سوپای کوردی وەرگرتو لەگەڵ هاوکارەکانی هێزێکی پێك هێناو ئەرکی پاراستنی سنوورەکانی باشووری ناوچەی مەهابادی لە هێرشی هێزەکانی ئێران– کە لە ناوەندی کوردستان مۆڵیان خواردبوو– پیٚ سپێردرا. ئەم نزیکبوونەوەیەی نێوان کەسایەتیەکانی مەهابادو بارزانیەکان هەراو هۆریایەکی زۆری دروست کرد لە لایەن ئینگلیزەکانو دەسەڵاتدارانی تاران وعیراق و تورکیا.

* * *

بۆ: بەڕێز گەورە وەزیری کاروباری دەرەوەی ئەمریکا/ ژەنڕاڵ مارشاڵ واشێنگتۆن

(لە فەڕەنسییەوە وەرگیراوە)

بیروت ٣١ی مارتی ١٩٤٧

گەلی کورد، بە پەرۆشییەکی زۆرەوە دەڕوانێتە ئەو لێکۆڵینەوەیەی دەزگا یاسادانەرەکانی ئەمریکا، سەبارەت بە نیازی یارمەتیدانی ئەو وڵاتە بە تورکیا. وەك دەزانن نزیکەی لە ٤٠٪ی کوردەکان کەوتوونەتە ژێردەسەڵاتی تورکیا. لەوبارەوە سەرنجی بەڕێزتان ڕادەکێشم بۆ چەند لایەنی ئەو بارودۆخەی کە لە تورکیادا هەیە، هەروەها بۆ پاشەڕۆژی

www.zheen.org

کوشندەی ئەو سیاسەتەی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گرتوویەتیە بەر. پێویست بەوە ناکات ئەوە ڕوون بکەینەوە کە سیاسەتی تورکیا بەرامبەر بە گەلانی ناتورك چ موسڵمانو چ مەسیحی بەدرێژایی مێژوو هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نەهاتووە، تەنانەت پاش ڕاگەیاندنی ڕژێمی کۆماریش. ئەم پێشنیارە بێهۆ نییە، مێژووی بەکۆمەڵ کوشتنی ئەرمەنو ئاسووریی پێشوو پاش شەڕی ١٩١٤–١٩١٨، وەبیرمان دێنێتەوە کە خوو ڕەوشتی ڕەگەزپەرستانەو پۆلیسی دەوڵەتی تورکیا نیشان دەداتو هەموو چەشنە ئازادییەك لە ناوەوەی ولات سەرکوت دەکات. سیاسەتی داپلۆسین بەرامبەر بە کەمایەتییەنەتەوەکان وەك دەوڵەتانی تری پێشووی تورکیا، بۆ هەموو دەوڵەتانی جیهان ڕوونو ئاشکرایە. بێسوود نییە ئێمە لێرەدا ئاماژە بکەین بە بەڵگەنامەو دیکومێنتو ئەو ڕاگەیاندنانەی کە لە هێندی سەرچاوەی ئازادو بێلایەنەوە بلاوکراونەتەوەو دەری دەخەن ئەم دەوڵەتە لەم بارەوە چەندە بەرپرسیارو تاوانبارە.

گەورەی بەڕێز، ئەگەر دەوڵەتی ئێوە پشتیوانی دەوڵەتێکی لەو جۆرە بکاتو پاڵپشتێك بێ بۆ ئەو سیاسەتەی کە لەسەری دەڕوات، ئەوە پێچەوانەی پرەنسیپەکانی پرۆگرامی وڵاتە یەکگرتوەکانە. ئێمە چەند جار دەستنیشانی ئەوەمان کردووە کە کوردەکانی دانیشتووی تورکیا لە ڕاستیدا کەمەنەتەوە نین، بەڵکوو گەلێکن خاوەن وڵاتو سنووری دیاریکراویان هەیە، بەلام ئەم گەلە لەگەڵ وڵاتەکەی بەسەر تورکیاو ئێرانو عیراقدا دابەش کراوەو ئەم دەوڵەتانە بە هەموو شێوەیەك هەوڵی تواندنەوەو سەرکوتکردنو ئازاردانی ئەم گەلەیان داوە.

گەلی کورد، لە شەڕی جیهانی یەکەمو لەم شەڕەی دواییشدا باوەڕی تەواوی بە سەرکەوتنی هاوپەیمانان هەبوەو لە ئالۆزترین کاتی ئەم

شەرانەدا باوەڕی بە دیموکراسیو ئازادی هەبوەو باوەڕی وا بووە کە هاوپەیمانان دابینکەری دیموکراسیو ئازادین، کەچی هەڵوێستی تورکیا لەم بارەوە هەموو کاتێك جێی شکو گومان بووەو تەنانەت جێی ڕەخنەو سەرزەنشتی سەرۆك وەزیرانی ئەو دەمەی بەریتانیا بووە.

ئێمە مافی ئەوەمان هەیە بیسەلمێنین کە یارمەتی ئەمریکا بۆ تورکیا بە مەبەستی پاراستنی ئازادیو عەدالەتو مافی مرۆڤ کەڵکیان لیٚ وەرناگرێت، بەڵکوو بەپێچەوانەی مەبەستەکانی ڕێکخراوی وڵاتە یەکگرتووەکانەوەیە، ئەو ڕێکخراوەی لەکاتی دروستبوونیدا، گەلی کورد پێشوازی لیٚ کردو گەلانی چەوساوەش چاوەڕێی ئەوەیان لێدەکرد لە سایەی ئەودا بگەن بە مافەکانی خۆیان.

لە کۆتاییدا ئێمە پێمان وایە بە یارمەتیدانی تورکیا، دەوڵەتی ئەمریکا، وەڵامدەرو بەرپرسیاری هێمنایەتیو ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەگرێتە ئەستۆ بەگشتیو گەلی کورد بە تایبەتی.

بەیرووت- کۆمەڵەی کوردان

مارشاڵ جورج کیتلت ١٨٨٥-١٩٥٩، ژەنراڵی ئەمریکایی لە ماوەی ١٩٣٩-١٩٤٥ فەرماندەی سوپای ئەمریکا بووە، لە ساڵانی ١٩٤٧- ١٩٤٩ وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بووە، لە ساڵی ١٩٥٠-١٩٥١ وەزیری بەرگری ئەمریکا بووەو لایەنگری شەڕی ساردو کیٚبەرکێی چەکی ئەتۆمیو دەست پێشخەری پلانی مارشاڵ بووە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

* * *

بۆ: گەورەو بەڕێز دانیل سولەد- باڵوێزی سۆڤێت لە سووریاو لوبنان

بەیرووت، ١٣ی نیسانی ١٩٤٧

(لە فەڕەنسییەوە وەرگیراوە)

بەڕێزان: کۆمەڵەی کوردان بە شانازییەوە ئەم یاداشتەتان پێشکەش دەکاتو داواتان لێدەکات کە بیگەیەننە دەستی شالیاری دەرەوەتان لە مۆسکۆ.

کۆمەڵەی کوردان

* * *

بۆ: هێژاو زۆر بەڕێز وەزیری کاروباری دەرەوەی یەکیەتی سۆڤێت مۆلۆتۆف/ مۆسکۆ

گەورەی بەڕێزی ئێمە ڕێگا بە خۆمان دەدەین کە سەرنجتان بۆ ئەم خاڵانەی خوارەوە ڕابکێشین: لەسێدارەدانی قازی محەمەد سەرۆکی کۆماری کوردستان لە ئێران لەگەڵ هاوڕێکانیدا نیشانەی چەوساندنەوەی گەلێکە کە بۆ گەیشتن بە مافی سروشتیو مافی سەربەخۆیی خۆی هەوڵ دەدات.

هاتنی سوپای تورکیو عیراقی بۆ ناو خاکی ئێران بە مەبەستی هاوکاریکردنی سوپای ئێران بۆ گەمارۆدانو شەڕە دژی کوردە دیموکراتەکان بە سەرۆکایەتی ژەنراڵ بارزانیو بۆمبارانکردنی شارو گوندەکانی کوردستان لەلایەن فڕۆکەکانەوە کردەوەیەکە دژی ئەو پرەنسیپە دیموکراتیانەیە کە ئێوە لە مۆسکۆ بۆی کۆدەبنەوە.

لەبەر ئەم پرەنسیپانەو لەبەر پاراستنی ئاشتی ئێمە بە پێداگرتنەوە داواتان لێ دەکەین بە زووترین کات دەوڵەتە زلهێزەکان ڕۆڵی خۆیان

بنوێنن بۆ ئەوەی کۆتایی بە ئازارو چەوسانەوە بهێنرێ‌و عەدالەتیش بدرێتە گەلی کورد.

کۆمەڵەی کوردان
(مۆری کۆمەڵە)

*   *   *

بۆ: هێژاو بەرێز سەرۆکی دەستەی سۆڤیەتی بەشدارلە کۆنفرانسی ئاشتی لە پاریس

بەیرووت ٢٨ی تەممووزی ١٩٤٦

سەرۆکی بەرێز

ئەوە چەند جارە کوردەکان پەنا ئەبەنە بەر کۆنفرانسە نێو نەتەوەییەکان بەتایبەتی کۆنفرانسی دەوڵەتە زلهێزەکان‌و گوێیش بۆ یەکێکیان نەگیراوە. جگە لەوە کوردەکان لەو باوەڕەدان کە لەبەر ئاڵۆزبوونی بارودۆخی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست پێویستە کێشەی کوردیش لە کۆنفرانسی ئاشتی باس‌و لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێ. بۆیە ئێمە (کۆمەڵەی ئازادی- کوردی) بەبۆنەی دەستپێکردنی کونفرانسی ئاشتییەوە یادداشتێکتان لەم بارەوە ئاڕاستە دەکەین. هیوادارین ئەم یاداشتە تیشکێك بخاتە سەر بارودۆخەکەو یارمەتی ئێوە بدات هێمنی‌و ئارامی لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست (ئەگەر لە ئاستی جیهانیشدا نەبێ) بەبێ چارەسەرکردنی عادیلانەی کێشەی کورد نایێتە دی.

بەشێکی زۆر لە خاکی کوردستان لەژێر دەسەلاتی بێگانەدایە، دەسەلاتی ئەم ولاتانەش لە دەستی چەند ڕژێمێکی تیروریستیدان، لەبەر ئەوە نوێنەرانی کورد ناتوانن لەم کۆنفرانسەدا بەشداری بکەن. بۆیە لە ئێوەی بەرێز داوا دەکەین کە لە ڕۆڵی خۆتان‌ودەوڵەتەکان کەڵك وەربگرن‌و

کێشەی کورد بخەنەناو پرۆگرامی کۆنفرانسی ئاشتییەوەو نوێنەرانی کورد بۆ ئەم کۆنفرانسە داوەت بکرێن، بۆ ئەوەی داخوازیو داواکاریەکانیان لەو کۆنفرانسەدا بخەنەڕوو و پشتیوانی لە کێشەی ڕەوای گەلەکەیان بکەن. لە جێی خۆیدایە کە بڕیاردانیش لەسەر کێشەی کورد لەم کۆنفرانسەدا جێبەجێ بکرێو سەبارەت بەو گوشارو زوڵمو زۆرە کە لەوانەیە دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان بەرامبەر بە هاووڵاتییە کوردەکانی خۆیان بەکاری بێنن، پێویستە پشتگیرییان لێ بکرێ.

لەگەڵ ڕێز و سوپاسدا.

کۆمەڵەی کوردی

(ئیمزای نافین)

*   *   *

**بەیاننامەی هەیئەتی ناوەندی کۆمەڵە (ژ. ک)،**

**ژمارە ٣١٢، ڕۆژی دووی خەزەڵوەری ١٣٢٣، ٢٤ی ئۆکتوبەری ١٩٤٤**

**بە ناوی یەزدانی گەورەو بەرز**

لەم ڕۆژانەدا ڕادیۆو ڕۆژنامەکانی ئێران ڕایانگەیاند دەوڵەتی یەکیەتی سۆڤێت پێشنیاری بە دەوڵەتی ئێران کردووە کە ئیمتیازی دەرهێنانی نەوتی ناوچەنەوتییەکانی ئێرانی بداتێ، بەلام دەوڵەتی بێشەرمی ئێران بە درێژەپێدانی سیاسەتی پێشووی خۆی لە ماوەی ئەم سێ ساڵەدا، ئامادە نەبوە بە هانای پێشنیارەکەی یەکیەتی سۆڤێتەوە بچێ.

ئێمەی سێ ملیۆن کورد کە بەشێکین لە کوردستانی مەزن، تا ئەو کاتەی لە چوارچێوەی ئێراندا دەمێنینەوەو ئەو سنوورە دەستکردانە کە کوردستانیان دابەش کردووە هەڵوەشێتەوەو نەمێنێوئێمە بگەین بە مافی یاسایی خۆمان. ئێمە ئێستا خۆمان بە بەشێکی (لکێنراو) دەزانین لە

چوارچێوەی دەوڵەتانی ئێرانو تورکیاو عیراق، مافی ئەوەمان هەیە بۆچوونی خۆمان سەبارەت بە کاروبارو کێشە گەورەکان کە بە شێوەیەك لە شێوەکان پەیوەندیان هەبێ بە ژیانی ئێمەوە، دەربڕین. ئێمە بە پلەی یەکەم وەك دانیشتوانی ئەم وڵاتە سەبارەت بەو پێشنیارەی یەکێتی سۆڤێت دەیانەوێ، چەند وشەیەك لەم بارەوە بە دەوڵەتی ئێران ڕابگەیەنن. وەڵامی دەوڵەتی ئێران بۆ یەکیەتی سۆڤێت بە هیچ شێوەیەك لە بەرژەوەندی دانیشتوانی ئێراندا نییە، بەتایبەتی لەم بارەوە بەرژەوەندی سێ ملیۆن دانیشتووی کورد لەبەر چاو نەگیراوە.

دانیشتوانی کورد، کە تائێستاش بە دەست زوڵمو چەوساندنەوەوە دەناڵێنن، دەزانێ ئەم دەوڵەتە نیازی چییەو یەکییەتی سۆڤێتی چی دەوێت، ئەو دەوڵەتەی یەکیەتی سۆڤێت هەمیشە خەمخۆرو بە باشی لەگەڵ گەلانی بچووکدا مامەڵە دەکات، ڕادەگەیەنێ کە "ساعید"ی سەرۆك وەزیرانی ئێران مرۆڤێکی نەزانو لاسارەو دەبێ لەسەر کار لابرێ. لەبەر ئەوە ناوبراو سەرچاوەی کوێرەوەرییە بۆ دەوڵەتێك کە سێ ملیۆن کوردی تێدا دەژی.

کۆمەڵەی (ژ. ك)، بە ناوی نۆ ملیۆن کوردەوە، بە تایبەتی کوردی ئێران، یەکیەتی سۆڤێت ئاگادار دەکاتەوە کە هەڵوێستی دەوڵەتی ئێران سەبارەت بە ڕەتکردنەوەی ئیمتیازی دەرهێنانی نەوت شەرمەزارو مەحکوم دەکات، بەیەکجاری لەگەڵ هەڵوێستی دەوڵەتی ئێراندا نییە[١٢].

ڤیلچیڤسکی. ئو. ی.، بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد، تیبلیس، ١٩٤٦

---

[١٢] بڕوانە: دەقی ڕەسەنی بەیاننامەکە لە: دکتۆر یاسین سەردەشتی، کوردستانی ئێران لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی لە جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد (١٩٣٩–١٩٧٩)، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٠٣، ل ٤٥٦.

www.zheen.org

*   *   *

پاشان نووسەر لەسەر ئەم هەڵوێستەی کۆمەڵەی (ژ. ك) دەنووسیٚ:

لەم بەیاننامەیەی (ژ. ك)دا سەرنج ڕاکێش ئەوەیە بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە کوردەکان کێشەیان چارەسەر بکریٚ یا نا. دەیانەویٚ لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتانەدا بمێننەوە کە تێیدا دەژین، واتە ئەو دەوڵەتانەی کە کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە، بەتایبەتی کوردەکانی کوردستانی ئێران. دووهەم (ژ. ك) چالاکی خۆی دەبەستێتەوە بە چالاکی هەموو هێزە پێشکەوتوەکانی ئەم وڵاتانەوە. ئەمەش بووە بە هۆی ئەوەی کە (ژ. ك) هاتە ڕیزی هێزە پێشکەوتنخوازەکانی ئێرانەوە سەبارەت بە کێشەی دانی ئیمتیازی نەوتی باکوری ئێران‌و هەڵوێستی هاوبەشی دژانەیان بەرامبەر بە کابینەی ساعید.

جگە لەوە (ژ. ك) بەم هەڵوێستەی خۆی بە کردەوە نیشان ئەدات کە خوازیاری ئوتونومییە بۆ کوردەکان لە چوارچێوەی ئێراندا. هەرچەندە لە باکوری ئێران بەکردەوە چەند ناوچەی ئازادو سەربەخۆ هەیە، بووەتە هۆی ئەوەی هەر لە کۆتایی ١٩٤٤ەوە (ژ. ك) هەوڵ بدات لە ناوچەکانی ناوەندیی‌و باشووری کوردستانی ئێران کە لەژێر دەسەڵات‌و نفووزی هێزەکانی ئینگلیزدا بوو لەگەڵ ناوچەو کۆمپانیا نەوتییەکانی ئینگلیز- ئێران هاوسنوورن بزووتنەوەیەکی وەك ئەوەی باکووری کوردستانی ئێران دروست بکات.

بەڵام بەهێزبوونی چالاکییەکانی (ژ. ك) لە ناوەندو باشووری کوردستانی ئێران وای لە سیخوڕە سیاسییەکانی ئینگلیز کردبوو کە بەشێوەیەکی جییدی بڕواننە ئەم مەترسییەی لە ناوەندو باشوور ڕووبەروویان بووەتەوە.

لەژێر سەرکردایەتی ڕاستەوخۆی "بالکوفیك کینگ"ی ئینگلیز کە ڕاوێژکاری سیاسی ئەم دەوڵەتە بوو لە کەرکوك و مووسڵ، سیخوڕە سیاسییەکانی ئەم وڵاتە دەستیان دایە چالاکی بۆ پارچەپارچەکردنی (ژ. ك). ئەوە بوو کە هەندی دەسندەیان خزاندە ناو کۆمەڵەی (ژ. ك)ـەوە وەك سیخوڕ. بەم چەشنە ئینگلیزەکان توانییان باڵی ڕاستی (ژ. ك) کە لە دەرەبەگ و بازرگانە گەورەکان پێك هاتبوون لە حیزبی تودەی ئێران نزیك بوونەوە لە سەرکردایەتی (ژ. ك) لەسەر هەندێ کێشە ناڕوونیو نادیاری (بۆچونی جیاوان) لە چەند خاڵی بەرنامەی ئەم ڕێکخراوە هەر بە دوای خۆبەدەستەوەدانو شکانی ئەڵمانیا، کێشەو مشتومڕو تاکتیکی کۆمەڵەی (ژ. ك) لەدوای شەڕ دروست دەبێ.

مشتومڕەکە لەسەر ئەوە بوو کە ئایا ئیمپریالیزمی ئینگلیز دوژمنی گەلی کوردەو کردەوەکانی ئینگلیز لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ گەلی کورد زیانی هەیە یا نا ؟ باڵی ڕاستی (ژ. ك) لەگەڵ ئەو سیخوڕە سیاسیانەی خزێنرابوونە ناو ڕیزەکانی (ژ. ك)ـەوە، پێیان لەسەر ئەوە دادەگرت کە دەبێ چالاکی نەکرێ لە دژی ئینگلیزەکانو خوازیاری دابرانی (ژ. ك)ـە لە حیزبی توودە.

ئەم کێشەو ململانێیە لە سەرکردایەتی (ژ. ك) دا پەرەدەسێنێو ئەوەبوو لە نیوەی دووهەمی ساڵی ١٩٤٥دا، ژ.ك بەکردەوە هەڵوەشایەوە. هەروەها گیرانی زەبیحی لە کاتی گەشتەکەیدا بۆ ناوچەکانی باکوور-ڕۆژاوای ئێران دەوری هەبوو لە هەڵوەشاندنەوەی (ژ. ك)ی پێ دەگیرێ کە دەبێتە بنەمای تاوانبارکردنی ناوبراو بە دژایەتیکردنی دەوڵەتو نزیکەی ساڵێك لە زیندانی تاران ڕایدەگرن. بۆچوونێکی زۆریش هەیە کە گوایە گیرانی زەبیحی لەلایەن پۆلیسی ئێرانەوە بە هاندان یا ڕاستەوخۆ بەهۆی

www.zheen.org

باڵی ڕاستی (ژ. ك)ـەوە بووە بۆ ئەوەی لە دەستی نەیارەکەیان (واتە زەبیحی) ڕزگاریان بێ.

باڵی ڕاستی (ژ. ك) لەم کاتەدا بۆ ماوەیەکی کورت، پەیوەندییەك لەگەڵ ناسیۆنالیستە ڕاستڕەوەکانی ئازەربایجان دەبەستێ، واتە ئەو ناسیۆنالیستە ڕاستڕەوە ئازەریانە کە هەر لە یەکەم ڕۆژی بزووتنەوەی نەتەوەیی لە ئازەربایجانی ئێران هەوڵیان دەدا کە دەسەڵاتی ناوچە کوردنشینەکانی باکوور- ڕۆژاوای ئێران بە دەستیانەوە بێو سەر بە ئازەربایجان بن. ئەو کەسانەی سەر بە باڵی ڕاستی (ژ. ك)ـن لەوکاتەدا کە (زەبیحی) دەکەوێتە ڕێ بۆ کاروباری ڕێکخستنو بەسەرکردنەوەی شانەکانی (ژ. ك) لە ناوچەی شکاك بە گرتنی دەدەن.

ناسیۆنالیستە ڕاستڕەوە ئازەریەکان، بەتایبەتی نوێنەرانی کۆنەپەرستی بەناوبانگی مەجلیسی ئێران، ستار زادە، خەلعەتبەری، ڕۆژنامەنووس کەسرەوی تەبرێزی، دەتوانن بە یارمەتی کۆنەپەرستانی ئێران زەبیحی بگرنو بەتاوانی کردەوەی دژی دەوڵەتیو هەوڵدان بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئێرانو سەروەری وڵات بیدەنە دادگاو دادگایی بکەن.

دابەشبوونی سەرکردایەتی (ژ. ك)، ئەنجامەکەی ئەوە بوو کە ئەو بزووتنەوەیەی لە نیوەی دووهەمی ساڵی ١٩٤٥دا لە بەشی ناوەندیی کوردستانی ئێران سەری هەڵدابوو، بەبێ سەرکردایەتی بمێنێتەوە.

ئەحمەدی کەسرەوی تەبرێزی کە ماوەیەکی زۆر سەرنووسەری ڕۆژنامەی کۆنەپەرستی "پەرچەم" بوو، لە ماوەی چەند ساڵدا بەتایبەتی لە سەردەمی شەڕی جیهانی دووهەمدا، لە هیچ شتێك دریغی نەدەکرد بۆ بەدناوکردنی کوردو هاندانی ڕژێمە داگیرکەرەکەی ئێرانو بیروڕای گشتی ئێران دژی مافە ڕەواکانی لە ڕێگای ڕۆژنامەکەیو نووسراوەکانی تریەوە.

ئەم كۆنەپەرستە بەدناوە كە وەك نووسەرو مێژووناسو زاناو ڕۆژنامەنووس لەقەڵەم دەدرێ، زیاتر وەك نووسەرێكی دەربارەی بارەگای شا دەژمێردرێو هیچ مافێك بە گەلانی نافارسی ئێران ڕەوا نابینێ. هەر لەبەر ئەوەش دەزگاكانی ڕاگەیاندنی ڕژێم چی بەرهەمی هەیە لە كتێبو ڕۆژنامە لەسەر حیسابی دەوڵەت بۆی چاپ دەكەن، بگرە بەرهەمەكانی چەندین جار چاپ دەكرێن، بۆ ئاشنابوون لەگەڵ بۆچوونەكانی ئێمە لە بابەتێكی تردا شیكردنەوەیەك دەخەینەبەر دەست خوێنەران.

* * *

سەبارەت بەو بەیاننامەیەی كۆمەڵەی (ژ. ك) كە داوا دەكات ئیمتیازی دەرهێنانی نەوتی باكووری ئێران بدرێ بە سۆڤێت، لەگەڵ چەند هەنگاوی تر وەك خۆپیشاندان لەم بارەوەو هەڵكردنی ئالآی سوورو وێنەی لینینو ستالین تائێستا دەرنەكەوتووە كە ئایا بە ڕاستی ئەم بڕیارە لەلایەن زوربەی ئەندامانی سەركردایەتی (ژ. ك)ەوە دراوە یا نا ؟ یاخود وەك نووسەر باسی بوونی دوو باڵی چەپو ڕاست لەناو كۆمەڵدا دەكات، كە بە پێی ئەم بۆچوونە بێ، دەبێ ئەو هەنگاوانە لەلایەن باڵی چەپەوە نرابێ كە زەبیحی نوێنەری ئەم باڵە بووە. بەڵام زەبیحی بەپێی هەموو ئەو بەڵگانەی كە لە ئارشیڤەكانی یەكیەتی سۆڤێت دەرمهێناونو بڵاوم كردوونەتەوە، لە لایەن سۆڤیتەكانەوە جێی باوەڕو متمانە نەبوەو هەمیشە دەستیان ناوە بە ڕوویەوەو دژی بۆچوونەكانی بوون. لەلایەكی ترەوە دوور نییە ئەم بەیاننامەیە بە مەبەستی ڕاكێشانی هەستی سۆڤێتەكانو نەهێشتنی گومان لەسەر خۆیان بووبێو هەروەك ئاماژەكردنێك بە وەفاداریو لایەنگیریكردنو دەربڕینی هیوایان بە سۆڤێت بووبێ.

www.zheen.org

لەلایەکی تروە دوور نییە ئەم بەیاننامەیە لەلایەن بەشێك لە ئەندامانی گوێ لە مستی (ژ. ك)ـەوە، یا لەژێر گوشاری سۆڤیتەکاندا دەرکرابێ. بەهەر حاڵ ڕوونکردنەوەی ئاسان نییەو ئەم کردەوەیە جگە لە وروژاندنێك (پراڤاکاسیۆنێك) کە ڕۆژاواییەکانی (ئینگلیزو ئەمریکا) هاوپەیمانی سۆڤێتی دژی کورد هان داوەو ئەویش نەك تەنیا کوردی ئێران، بەڵکوو بەناوی هەموو کوردەکانی پارچەکانی کوردستانەوە دەدوێو لەم بەیاننامەیەدا (ژ. ك) بێلایەنی خۆی بەرامبەر بە سێ زلهێز (کە هێشتا شەڕ تەواو نەبووەو کۆمەڵەی (ژ. ك) دەیەوێ بە یارمەتی هەرسێ زلهێزەکە کێشەی کورد چارەسەر بکات) بەدرۆ دەخاتەوە. ئەی سەرکردایەتی کۆمەڵە بیری لەوە نەکردوەتەوە کە ئەمریکاش نەوتی ئێرانی دەوێو دەبێ ئەویش بەشی هەبێ. خۆ کۆمەڵەی (ژ. ك) حیزبی توودە نەبوو بە فیتی مۆسکو بجووڵێتەوەو خوازیاری بێبەشکردنی ئینگلیزو ئەمریکا بێ لە نەوتی ئێرانو هەر بەتەنیا بۆ سۆڤێت بێ.

بەهەر حاڵ، پێ دەچێ ئەم بەیاننامەیە لەلایەن زۆربەی ئەندامانی سەرکردایەتی کۆمەڵەوە دەرچووبێو گۆڤاری "نیشتمان"یش کە پاش ئەم بەیاننامەیە دەرچووە هەڵویستی (ژ. ك) لە کێشە ستراتیجیەکان نەگۆڕاوەو لەلایەکی ترەوە زۆربەی سەرکردایەتی (ژ. ك) دواتر لە کاروباری حکوومەتی کوردستان یا سەرکردایەتی سیاسی کورد بەشداری ناکەن. بۆیە دەڵێم ئەم بەیاننامەیە پێناچێ لەلایەن زۆربەی ئەندامانی سەرکردایەتییەوە دەرچووبێ کە بەزەقیو بەڕوونی خوازیاری ئۆتۆنۆمییە.

لەلایەکی ترەوە ئاشکرایە (ژ. ك)و حیزبی توودە لەسەر هیچ کێشەیەك هاوبیرو هاوپەیمان نەبوونو پەیوەندیشیان پێکەوە نەبوە، بەڵام هەندێ لە

www.zheen.org

ئەندامانی هەڵخەڵەتاو کە گوێ لەمستی سۆڤێت بوون‌و بەنهێنی لەگەڵ سۆڤێت‌و توودە پەیوەندییان هەبوەو پاشانیش لەگەڵ ئازەرییەکان پەیوەندی دەبەستن ئەوە شتێکی ترە. بە پێچەوانەی بۆچوونی نووسەر ئەوە دەسەڵاتدارانی سۆڤێت بوون لە ناوچەکەدا، کە نەیانهێشتووە (ژ. ك) لە ناوچەکانی ورمێ، ماکۆ، سەقز بەرەوخوارتر چالاکی بنوێنێ‌و هەمیشە دژی بیروڕای (ژ. ك) بوون‌و کەندو کۆسپێکی زۆریان لەو ناوچانە بۆ دروست کردوەو لەم بارەشەوە من بەڵگەم بلاوکردووەتەوە. سەیر ئەوەیە زەبیحی‌و هاوڕێکانی لە ناوچەی ورمێ دەگیرێن کە لەژێر نفووزی سوپای سوورو دەسەڵاتی سۆڤێتی بەسەر دەسەڵاتی دەوڵەتی ناوەندی‌و هەروەها دەسەڵاتی وردیش لە ناوچەکەدا زاڵتر بووەو هیچ کارو هەنگاوێکیش بەبێ پەسندکردنی فەرمانبەرانی سۆڤێتی لەو ناوچانە نەکراوە. لەلایەکی ترەوە ئەو سەردەمە پۆلیسی ئێران نەیاندەوێرا لە ترسی کوردان بچنە دەرێ لە ورمێ‌و سوپای سۆڤێت پارێزگاری لە ورمێ دەکردو چەندجار کوردەکان دەیانویست ئەم شارە بخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیان، سۆڤێتەکان ڕێگایان پێ نەدەدان. لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە ئاراوە، چۆن سۆڤێتەکان هێشتیان زەبیحی‌و هاوڕێکانی بگیرێن[١٣]، یا

---

[١٣] سەرلەشکر ئەحمەد زەنگەنە، لە یاداشتەکانی خۆیدا سەبارەت بە گرتنی زەبیحی‌و دوو لە هاوەڵانی لەکاتی سەردانی شاری ورمێ‌دا لەژێر سەردێڕی "چگونە اسناد ارتباط قاضی محمد باشوورویها دروست آمد" (چۆن بەڵگەکانی پەیوەندی نێوان قازی محەمەدو شورەوییەکان دەست کەوتن)، باسی لەوە دەکات کە ئەو گیراوانە نامەی قازی محەمەدیان پێ بووە کە بیگەیەننە لێپرسراوانی شورەوی لە تەبرێز. کاتی گیرانەکەش بە سەرەتای آبان/ خەزڵوەری ١٣٢٤و کۆتایی ئۆکتۆبەری ١٩٤٥ دەداتە قەڵەم. لەکاتێکدا کۆمسیونێکی بریتانی کاتی گرتنی زەبیحی‌و هاوڕێیانی لە ٥ی مانگی ئۆگۆستۆسی

ئەگەر ئێرانیەکان گرتوویانن سۆڤێتەکان بۆ ئازادیان نەکردوون؟ بۆچی هێشتویانە بیبەن بۆ تاران، لەکاتێکدا تەواوی ڕێگاوبانەکان (جگە لە هێڵی هەوایی) بۆ کاربەدەستانی ئێرانی بەسترابوون. خۆ ئەم کابرایە بەگوێرەی بۆچوونی ڤێلچیڤسکی سەرکردەی باڵی چەپی (ژ. ک) بووە، زەبیحی چۆن گیراو چۆن برایە تاران‌و بۆ ساڵێك زیاتر لە زیندان مایەوەو هێشتا ئەو لە زینداندا دەبێ کۆمەڵەی (ژ. ک) هەڵدەوەشێننەوە حیزبی دیموکراتی کوردستان دادەمەزرێنن. خۆ زەبیحی سکرتێری گشتی کۆمەڵە بووەو چۆن بەبێ ئاگاداری‌و بەبێ پرس یا بەشداری ئەو حیزبەکە هەڵدەوەشێتەوەو لەلایەن ئەوانیشەوە کە حیزبی دیموکراتی کوردستان دادەمەزرێ هیچ هەوڵێك نادرێ بۆ ئازادکردنی، تەنانەت لە ڕێگای سۆڤێتەکانیشەوە کە ئەودەم قسەیان بێچەندوچوون دەڕۆیشت. لەلایەکی ترەوە هەر فەرمانبەرانی سۆڤێتی بوون کە تەنانەت پاش دامەزرانی حزبی دیموکراتی کوردستان، نەیانهێشت کورد بەرەو سنەو ناوچەکانی تری

---

١٩٤٦ دادەنێ‌و دەنووسێ: ((کاتێ وەفدە سێ کەسییەکەی کۆمەڵە لە پێنجی مانگی ئۆگۆستدا گیران ... کۆمەڵە لە مەهاباد دەستبەجێ فەرمانداری پیرو ژمارەیەکی زۆر لە ئێرانیانی دیکەیان گرت‌و داوایان لە قازی محەمەد کرد ئیجازەی کوشتنیان بدات.

قازی محەمەد، بەرگری کارەکەی لێ کردن‌و کاتێ هەواڵ گەیشت کە سێ کەسیان لێ ئازاد کراون. ئەوانیش بارمتەکانی خۆیان بەرەڵلا کرد. فەرماندار، کە توانی هەڵسەنگاندنی مەسەلەکەی کەم بوو، دەستبەجێ بە سەفەرێکی بێهەست‌و خوست چوو بۆ مەراغە (بڕوانە: سرلشکر احمد زنگنه، خاطرات درمأموریت من درآذربایجان أز شهریور ١٣٢٠ تا دی ماه ١٣٢٥، انتشارات شرق، ٢٥٣٥ شاختاهی، ص٦١؛ ئەنوەر سوڵتانی، ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی بریتانیا، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل٦٦).

باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێشڕەوی بکەن‌و ئازادیان بکەن‌و بگرە توخنی ورمێ، خۆی، ماکۆ، سەقز، بانە، سەردەشت بکەون، خۆ ئەو شوێنانە بە دەستی ئینگلیزەکانەوە نەبوون.

لەلایەکی ترەوە ڤیلچیڤسکی دەڵێت: کۆمەڵەی (ژ. ک) بە نیازبوو لە ناوەندو باشووری کوردستانی ڕۆژهەڵاتیش چەشنی ناوچەکانی باکوور–ڕۆژاوا (واتە ناوچەی موکریان) بزووتنەوەیەك بۆ ئازادکردنی ئەم ناوچانە ڕێك بخات[١٤]. بەڵام لەبەر گیرانی زەبیحی کەس نەبوو ئەم ئەرکە ئەنجام بدا (باسی ئەوە ناکەم کە گوایە ئینگلیزەکان دژ بوون و... ئەم کارە مەترسی گەورەی هەبوو بۆ بەرژەوەندیەکان). ئەی بۆ دەسەڵاتدارانی سۆڤێت ئازادیان نەکردن تا بچنە ئەوێ‌و چالاکی خۆیان بنوێنن.

نووسەر هەروەها دەڵێ: ئینگلیزەکان سیخوڕەکانی خۆیان خزاندە ناو سەرکردایەتی (ژ. ک)ـەوەو بە یارمەتی دەرەبەگ‌و بازرگانەکان‌و ...ی ناو کۆمەڵەی ژێکاف، حیزبەکە بوو بە دوو بەشەوە، (با لەوە گەڕێین کە دەرەبەگ‌و بازرگانانی سەرکردایەتی (ژ. ک) هەموویان [وەرگرتنی ئەم

---

[١٤] کۆمەڵەی ژ.ك، بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی پشتی بە بڵاوکردنەوەی هوشیاریی وگەشەکردنی کۆمەڵایەتی دەبەست نەك چەك و پەلامارو هێرش بردن، هەر بۆیە نەك هەر بەرنامەیەکی نەبوو کە لە ڕێگای خەباتی چەکداری شورشگێرانە ناوچەکانی ناوەند و باشووری کوردستانی ڕۆژهەڵات ئازاد بکاتن بەڵکو دەرکەوتن و گەشەکردنیش لە هەرێمی موکریان لە ئەنجامی بزووتنەوەی چەکدارانەوە نەبوو. چونکە حال و باڵی ئاوەڵای مەهابادو دەوروبەری دەرئەنجامی هەڵوەشاندنەوەی لەشکری شاهنشاهی و ئاکامێکی داگیرکردنی ئێران و هاتنی سوپای سوور بوو بۆ ناوچەکە لەسەرەتای ساڵەکانی جەنگی دووەمی جیهانیدا.

مەسەلەیە بە ڕەهایی جێگای باوەڕ نییە-س] لەگەڵ قازی محەمەد بوون بە هێڵی لایەنگرانی سۆڤێتدا دەرۆیشتن). کەواتە ئەگەر کۆمەڵەی (ژ. ك) بووەتە دوو بەشەوە، دەبوو بەشەکەی سەر بە ئینگلیز لە چالاکی هەر بەردەوام بوایەو لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی ئینگلیز درێژەیان بدایە بە چالاکیەکانی خۆیان. خۆ باڵی ڕاستی (ژ. ك) کە ئەوە بوو حدك‌و کۆماری کوردستانیان پێك هێنا، هەر ئەوانە بوون لەگەڵ ناسیۆنالیستە ڕاستڕەوەکانی ئازەربایجان کەوتنە بەرەیەکەوەو هەر ئەو ڕاستڕەوە ئازەریانە بوون دەستیان گرت بەسەر ناوچەکانی (خۆی‌و ماکۆو ورمێ)داو خستنیانە چوارچێوەی ئازەربایجانەوەو هەر ئەوانیش بوون پەیمانی دۆستایەتییان لەگەڵدا مۆرکرد. واتە بۆچوونەکانی نووسەر لەگەڵ ڕاستی ڕووداوەکانی پاشتر یەك ناگرنەوە[١٥].

پرسیارێکی تر دێتەکایەوە کە ئەگەر باڵی چەپ (واتە لایەنگری سۆڤێت‌و هاوپەیمانی توودە) بە سەرۆکایەتی زەبیحی بۆ پێشتر

---

[١٥] لێکدانەوەی بەو چەشنەو قسەکردن لە راستڕەوو چەپڕەو لە کۆمەڵەی (ژ. ك)و فیرقەی دیموکراتدا بەو بنەبڕییەی وا نووسەر باسی لێوە دەکات، بەڕای ئێمە فاکتەری تێنەگەیشتنی وردی "ڤیلچفسکی"یە لە ڕووداوەکان. قازی محەممەد ئەگەرچی چاوپێکەوتنی لەگەڵ ئینگلیزو ئەمەریکاییەکاندا هەبوو و داوای هاوکاری‌و پشتگیری کێشەی نەتەوەی کوردی لێ دەکردن، هەمان کات سەری پێ بە کۆشی لێپرسراوانی شورەویدا دەکردو ڕای‌دەگەیاند گەر هاوکاری کورد بکەن بۆ ئازادی‌و دامەزراندنی سیستەمێکی وەکوو شورەوی، ئەو ئامادەیە واز لە تەواوی موڵك‌و داراییەکانی بهێنێ‌و دابەشی بکات. دیارە سروشتی فیکری‌و سیاسی فیرقەی دیموکراتیش چەپی ڕادیکال بوو، ئیدی نازانرێ ڤیلچفسکی ئەم دابەشکردنەی لەسەر بنەمای ئیدۆلۆژی داتاشیوە. هەر بۆیە دژبەیەکی بۆچوونەکانی نووسەرو ڕووداوەکان شتێکی سروشتی دێتە بەرچاو.

یارمەتییان نەدان، خۆ گەلێك جار زەبیحی داوای هاوکاری لێ کردوون، لەلایەکی ترەوە بۆچی ئەم باڵە چەپە بەهێز نەکراو بۆچی (ژ. ك)یان هەڵوەشاندەوە، یا بۆچی ئەو باڵە چەپەیان لە سەرکردایەتی حیزبی تازە دامەزراوی دیموکراتی کوردستان دانەنا.

با لەوەیش گەڕێین کە ئەم نووسەرەو هەندێك لە نووسەرانی تر هەر لە سەرەتایی دروستبوونی (ژ. ك)ـەوە، مۆری ئینگلیزی پێوە دەنێن کە لە چەند جێگەدا من ئاماژەم پێ کردووە. ئەگەر (ژ. ك) سەر بە ئینگلیزەکان بوایە، بۆچی خۆپیشاندانیان کردووە بۆ وەرگرتنی ئیمتیازی دەرهێنانی نەوتی باکووری ئێران لەلایەن سۆڤیتەوە ؟ (ئینگلیزەکانیش لە هەمان کاتدا بە دەستەمۆی سۆڤێتی دەزانن)و پاشان ئەم حیزبەش هەر لەلایەن ئینگلیزەکانەوە پارچەپارچە دەکرێ. ئەگەر (ژ. ك) سەر بە ئینگلیز بووە، چۆن لەگەڵ ئەفسەرە ئازایخوازەکانی کوردستانی باشوورو بارزانی دژی ئینگلیز پەیوەندیو هاتوچۆیان هەبوەو پەنابەریو یارمەتی دژمنانی ئینگلیز دەدات.

ڤیلچیڤیسکی کە خۆی لە سەردەمی شەڕی جیهانی دووهەمو دواتریش لە ناوچەی موکریانو ورمێ بووەو شاهیدی گەلێك ڕووداو بووە دەڵێت: (ژ. ك)، دوای دامەزراندنی بەشێکی زۆر لە هێزو کەسایەتییە چەپو پێشکەوتنخوازەکانی کوردی ئێرانو عیراقی ڕێك خست، کۆمیتەی ناوەندی (ژ. ك) لە سەرەتادا لە مەهاباد زۆری پێناچێ دەگوازرێتەوە بۆ عیراق لە شاری سلێمانیو لە مەهاباد تەنیا لقی ناوچەی (ژ. ك) بە سەرۆکایەتی زەبیحی مایەوە کە بەهێزترین کۆمیتەی (ژ. ك) بوو، لە سەرەتادا (ژ. ك) لە گۆڕەپانی سیاسیدا چالاکانە بەشداری ناکاتو

زۆرترین کاروباری چالاکی خۆی لە بواری ڕێکخستندا ئەنجام دەدا، لەگەڵ هەوڵی کۆکردنەوەو ڕێکخستنی زۆربەی هێزەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە ناوەندێکی یەکگرتوودا.

لەگەڵ دەست پێکردنەوەی ڕاپەڕینی کوردەکانی بارزانی، (ژ. ك) چالاکانە بەشداری دەکات لە کوردستانی عیراق، (نووسەر ڕاپەڕینی بارزانیەکان بە ئاژاوەی دەستکردی ئینگلیز دەزانێ، لە جێگایەکی تردا لە سەرم نووسیوە).

ڤیلچیڤسکی، باس لە ڕاپەرینی مەریوانیەکان دژی دەوڵەتی ئێران‌و داخوازیەکانیان دەکات‌و دەڵێ: ئەم ڕاپەرینەیان لە چاپەمەنیەکانی ئێرانیشدا دەنگی داوەتەوەو ئاماژەش بەوە دەکات کە لە ئەنجامی ئەم ڕاپەڕینەدا زەبروزەنگی سەرکوتکەرانی ئێران لە ئوستانی کوردستاندا لاواز یا کەم کرایەوەو دوای ئەوەی داخوازییەکانیان هاتە دی. کوردەکان کۆتاییان بە ڕاپەڕینەکە هێنا، ئەمەش لەکاتێکدا بوو کە لێکهەڵوەشانەوەی (ژ. ك) دەستی پێکردو چیتر نەیتوانی لە ڕاپەرینی مەریوانیەکاندا پشتیوانییان بکات. ڕاپەڕینی مەریوان، ڕاپەڕینێکی جەماوەری بوو، هەموو چین‌و توێژەکانی کۆمەڵ بەشدار بوون تێیداو سەرکردایەتیەکەی خێڵەکی نەبوو[١٦]، بەڵکوو لەلایەن باڵی چەپی کۆمەڵەی (ژ. ك)ـەوە بوو و

---

[١٦] ڤیلچیڤسکی، لەم بارەیەوە زۆر بێ‌ئاگایانە باسی ڕاپەرینەکەی ناوچەی هەورامان‌و مەریوان ئەکات، ئەو ڕاپەرینەی کە لە ٢٣ی تەمموزی ساڵی ١٩٤٥دا بە وتەی هەواڵەکانی "سرتیپ هوشمند افشار"ی فەرماندەی لەشکری ٤ی کوردستان بۆ چەکداماڵین‌و سەرپێدانەواندنی عەشیرەتەکانی ناوچەکە دەستی پێکرد. ڕێبەرایەتی ڕاپەرینەکە تەواو عەشیرەتی بوو لەلایەن حەسەن خانی ڕەزاوی سەرۆك عەشیرەتی ڕەزاوو تایفەی حەسەن سوڵتانی، (عەزیزخانی زادە مەحموود خانی دزلی" سەرۆك

www.zheen.org

دروشمو داخوازیەکانیان وەك لابردنی سەربازگەو کۆتاییهێنان بە تیرۆر، بەپێی پروگرامی (ژ. ك) بوو.

هەڵوەشاندنەوەی (ژ. ك) نە تەنیا بووە هۆی ئەوەی کە بزووتنەوەی کورد لە مەریوان، بەڵکوو لە تەواوی شارو ناوچەکانی کوردستان بەبێ سەرکردە مایەوەو حیزبی دیموکراتی کوردستان بە تەنیا درێژەی بە چالاکیەکانی (ژ. ك) نەدا بەڵکو ئەم حیزبە هیچ پەیوەندییەکی نەکرد بەو ناوچانەوە.

*   *   *

عەمەر خانی شکاك، دەستی ڕاستی سمایل ئاغای شکاك بوو و لەلایەن سمکۆوە دەکرێ بە سەرۆکی وەزیرانو وەزیری جەنگ عەمەر ئاغا. تائێستاش یەکێك لە کەسایەتییە هەرە بەناوبانگو خاوەن دەوری کوردەکانی شکاکەو بیری سەربەخۆخوایش بۆ کوردستان لەناو ئەم هۆزەدا هەتا ئیستاش بە برەوو لایەنگری یەکجار زۆرە. هەر بۆیەش چالاکیو کردەوەکانی سمکۆ بە فیڕۆ نەچوەو بیری نەتەوایەتی لەناو هۆزی شکاکدا ڕەگوڕیشەی داکوتاوەو شکاکەکان تائیستاش سمایل ئاغا بە قارەمانی نەتەوەییو خەباتگێڕی سەربەخۆیی کوردان دەزانن.

---

عەشیرەتی هەورامان مەحموود خانی کانی سانان، محەمەد شەریف ئەڵمانی، موزەفەری ڕەزاوی، عەبدوڵلا قەلاچی.. هتد. لەم بارەیەوە سەرۆك عەشیرەتەکان چەندین جار لە ڕێگای تەلەگرافەوە حکوومەتو مەجلیسو ڕایگشتییان لە ئامانجی سەرلەشکر هۆشمند ئەفشار خستۆتە بەرچاو (بڕوانە: یاسین سەردەشتی، کورتە مێژوویەکی ڕەوشی گشتیی کوردستانی ئێرانو ڕاپەرینی چەکدارانەی عەشیرەتەکانی هەورامانو مەریوان لە سەروبەندی کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانیدا، "پەیڤین"، گۆڤارێکی ڕووناکبیری وەرزییە، ژمارە ١١-١٢، جوولای ٢٠٠١، ٢٨ خردادو ١٨ تیرماه ١٣٢٤).

هەروەها ڤیلچیڤسکی بە پشتبەستن بە ڕۆژنامەی کوردستان لەژێر سەردێری (بارودۆخی ناوخۆ)، دەنووسێ جەنابی عەمەر خان یەکێکە لە سەرۆکە نیشتمانپەروەرەکانی هۆزی شکاك لەکاتی سەردانی بۆ دەزگای چاپ وبلاوکردنەوەدا، سوپاس و پێزانینی خۆی دەربڕی بۆ هەموو کرێکارو فەرمانبەرانی دەزگاکەو لە گیرفانی خۆی بڕی هەزار ڕیالی پێشکەش کرد بە دەزگاکە بۆ پەرەپێدانی کارەکانیان.

زۆر سەرچاوەی تر لەوانە چاپەمەنیە کوردەکان باسی هەڵوێستی نیشتیمانپەروەرانەو بێوچانی ئەم کەسایەتییە بەناوبانگەی کورد دەکەن کە دەوری لە بزووتنەوەو ڕاپەرینەکانی کوردی هەموو پارچەکانی کوردستان بینیوە. گەلێك جار گیراوەو تووشی ناخۆشی دڵتەزێن بووە کە لێرەدا هەموویان باس ناکرێن. تەنیا مەبەستم ئەوەیە بڵێم ئەم مرۆڤە هەموو ژیانی بۆ خزمەتی گەل و نیشتمانەکەی تەرخان کردووەو یەکێکە لەو سەرکردە کوردانە کە لەپاش داگیرکردنی ئێران لەلایەن هێزی هاوپەیمانانەوە لە زیندان ئازاد دەکرێ.

ناوبراو چالاکانە هەوڵی داوە بۆ کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی عەجەم لە بەشێکی زۆری کوردستان لە ماکۆ، خۆی، سەڵماس، ورمێ و دامەزراندنی دەسەڵاتی کوردی. پاشان لە پەیوەندی لەگەڵ ڕێکخراوەکانی خۆیبوون، (ژ. ك)، حیزبی دیموکراتی کوردستان، دەوری ئەندامێکی چالاك و بەرچاوی بینیوە. یەکەم سەرهەڵدانی بزووتنەوەی سیاسی و چەکداریی کوردستانی ڕۆژهەڵات پاش وەدەرنانی ڕەزاشا بە سەرۆکایەتی عەمەر خانی شکاك بووە لە باکوورو ڕۆژاوای کوردستانی ڕۆژهەڵات و لەگەڵ تاهیر خانی سمکۆ هەوڵی زۆر دەدەن کە کوردەکانی ناوچەی موکریانیش لەو بزووتنەوەیەدا بەشدار بن، بەڵام لەبەر چەندبەرەکی عەشایری و

www.zheen.org

بیرتەسكی ناوچەگەری سەر ناكەون، ئەو بۆ نەهێشتنی ئەو چەندبەرەكییەو دوژمنایەتی نێوان خێڵو سەرۆك هۆزەكانی موكریان چارەسەر بكات.

پاش دامەزراندنی كۆمەڵەی (ژ. ك)و بەدوای ئەویشدا ڕاگەیاندنی كۆماری كوردستان دەتوانم بڵێم بارزانی دەوری سەرەكی بینیوە لە بەهێزكردنو پاراستنی ئەو كۆمارەدا، ئەگەر مەهاباد بە هانای بانگەوازەكانی عەمەرخانو تاهیرخانو ژمارەیەكی تر لە ناودارانی ناوچەكانی خۆی، ماكۆ، شاپوور، ورمێوە بهاتنایە، ئەم شارانە لەژێر دەسەڵاتی كوردیدا دەبوون. ئەوان هەستیان بەو مەترسییە كردبوو كە عەجەمەكان نایانەوێو (دواتریش نەیانهێشت) ئەم شوێنانە لە چوارچێوەی كوردستاندا بن. دووركەوتنەوەی عەمەر خان و سەركردەكانی تری كوردی باكوورو ڕۆژاوای ڕۆژهەڵاتی كوردستان لە كۆماری مەهاباد لەسەر ئەم هەڵەیەو چەند هۆی تر بوو كە لە شوێنێكی تردا بەوردی باسیان دەكەین.

عەمەرخان سەرەڕای ئەوەی پاش شەهریوەری ١٣٢٠ (ئۆگوستی ١٩٤١) لەلایەن دەسەڵاتدارانی تارانەوە دەكرێ بە بەخشداری شاپوورو پلەوپایەی تری لەگەڵ پارەیەكی زۆری بۆ پێشنیار دەكرێ، بەڵام لە هەڵوێستی نیشتمانپەروەرانەی خۆی پاشەكشە ناكاتو درێژە دەدات بەو خەباتە پیرۆزەو وەك بارزانی پلەوپایەی حكوومەتیشی پێنادرێ لە كۆماری كوردستانو پێشمەرگەو پارەی خۆی لە خزمەتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی كورددا بووە.

ئەم چەند دێڕەم تەنیا بۆ وەڵامدانەوەی هەندێ نووسەرە كە بۆ پاكانەكردن بۆ هەرەس پێهێنانی كۆماری كوردستان، عەمەر خانو دەیان كەسایەتی تریان بە خیانەت تاوانبار كردووە.

* * *

## بەشێك لە ڕاپۆرتی فەرمانبەرانی سۆڤێت لە ئێران بۆ كاربەدەستانی سۆڤێتی دەربارەی كێشەی كورد

هاتنی كوردەكان بۆ ورمێو خۆیو شاپوورو ... یاساغ كرابوو، هەروەها لەبەركردنی جلوبەرگی كوردیش بۆ كوردەكان یاساغ بوو. ڕەزا شا نەك تەنیا سەركردەكانی كوردی نەخستە زیندانەوە، بەڵكوو ئەو هۆزو خێڵانەش كە گومانلێكراو بوون و باوەڕی پێنەدەكردن، وەك هۆزی جەلالی بەكۆمەڵ گواستەوە بۆ دەرەوەی كوردستان بۆ قەزوێن.

پەیوەندی كوردان لەگەڵ ئێمە (واتە سۆڤێت) زۆر باشە، تەنانەت یەك جاریش هێرشیان نەكردوەتە سەر سوپای سوور یا دژی بجووڵێنەوە، بگرە زۆرجار ئەوانە ڕاكردوەكانی ناو سوپای سووریان گرتووەو تەسلیمیان كردوونەتەوە بە ئێمەو ئەو سیخوڕانەی ئەڵمانیاش كە لە ڕێگای توركیاوە دێنە ئێران دەیانگرنو تەسلیمی ئێمەیان دەكەن.

ڕۆژی ١٩٤٥/١٢/١٠، یەكەمین كونگرەی حیزبی دیموكراتی كوردستان بەسترا، ڕۆژنامەی كوردستان ئۆرگانی ئەم حیزبەیە، یەكەم ژمارەی لە مانگی یانایر (واتە مانگی یەكی ١٩٤٥) بە سەرنووسەری سەیید محەمەدی حەمیدی (تەمەنی ٤٠- ٤٥ ساڵە)، حەفتەیەك دوو جار دەردەچێ، سەد تا پێنج صەد ژمارەی لێ بڵاودەبێتەوە. پارتی (ژ. ك) لە ١٩٤٤ بەم لاوە بەهۆی ئەوەی كە ئینگلیزەكان هەندێ لە دەستنێژی خۆیان خزاندبووە ناویەوە، هەڵوەشایەوە.

ئینگلیزەكان هەمیشە لە مەترسی بزووتنەوەی كوردەكان لە ئێرانو كاریگەری لەسەر كوردەكانی عیراقو توركیاو ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستو پەیدابوونی ئاڵۆزیو ئاژاوەیەكی یەكجار گەورە لە

ناوچەکەدان، بۆ نموونە ڕۆژنامەی دیلی تەلگراف لە ژمارەی ڕۆژی ١٩٤٦/٤/١٣دا دەنووسیٚ:

((کوردەکانی عیراق، چاودێری ڕووداوەکانی کوردستانی ئێران دەکەن و سەرکەوتنی کوردەکان لە ئێران بێگومان کاریگەری خۆی دەبیٚ لەسەر کوردەکانی عیراق. لە ئەنجامدا هەر بزووتنەوەیەك لە کوردستانی عیراق سەر هەڵبدات، نەوتی کەرکوك و لوولە نەوتەکانی حەیفاو تریبولی دەکەونە مەترسییەوە)). هەر بۆیە ئینگلیز هێزەکانی خۆی لەسەر سنووری ئێران- عیراق مۆڵ داوە.

- حاجی سەیید محەمەد نوێنەری حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ماکۆ، کە لە مەهابادەوە نێردراوە بۆ ئەم شارە لە باتی چالاکی حیزبی و سیاسی خەریکی چالاکی ئوسوولی (ئایینی‌یە)، ناوبراو پانزە ساڵ زیاتر لە عیراق ژیاوە و لە قوتابخانەیەکی ئینگلیز خوێندوویەتی و زمانی ئینگلیزی و تورکی باش دەزانیٚ و لە ١٩٤٣دا گەڕاوەتەوە بۆ کوردستانی ئێران.

- ویلسون مایور، ئینگلیز کە لە عیراقەوە بە نیازی چالاکی و هاندانی کوردەکانی ئێران لە ناو هۆزی کەڵهوڕ دژی بزووتنەوەی دیموکراتی مەهاباد لەناو ئەم هۆزەدایەو پارەیەکی زۆریشی بۆ ئەم مەبەستە خەرج کردووە کە دەگاتە (سەد هەزار دیناری عیراقی).

- تورکیاش کە مەترسی هێرشی سۆڤێتی هەیە لە ڕێگای کوردستان و ئازەربایجانی ئێرانەوەو هاندانی کوردەکانی ئەم وڵاتە دژی دەسەڵاتدارانی تورکیا، خەریکی بەکریٚ گرتنی هەندیٚ لە سەرۆك هۆزو خێڵەکانی کوردی ئێرانە کە لە سنووری ئێران و تورکیا دەژین.

- کوردەکانی مەهاباد لە ١٩٤٣دا دەچنە لای کونسوڵی ئینگلیز (ئورکات) لە تەورێزو پێی دەڵێن کە باوەڕیان بە ئینگلیزەکان نەماوە سەبارەت بە

بیرۆکەی سەربەخۆیی کوردستان لەم دەوڵەتەدا، چونکە تائێستا بۆ ئەم مەبەستە هیچ کارێکیان نەکردووەو داوا دەکەن ئەگەر بەڕاستی دژی سەربەخۆیی کوردستان نین، با بە ڕەسمی ئەوە ڕابگەیەنن‌و پارەو چەك بدەن بە کوردەکان‌و هەنگاو بنێن بۆ جیاکردنەوەی بەشەکانی کوردستان لە ئێران‌و عیراق‌و تورکیا. لە وەڵامدا ئورکات پێیان دەڵێ: کێشەی سەربەخۆیی کوردستان دەبێ پاش کۆتایی هاتنی شەڕی جیهانی دووهەم بێتە کایەوەو ئێمە (ئینگلیزەکان) ئێستا تەنیا لایەنگری کردنەوەی قوتابخانەو خوێندن بە زمانی کوردی‌و بەڕێوەبردنی کوردستان بە دەستی خودی کوردەکانین. لەمەودوا دەوڵەتی ئینگلیز لەباتی سەربەخۆیی کوردستان لە کێشەی ئوتۆنۆمی بۆ کوردەکان دەکۆڵێتەوەو ئاڕاستەی دەکات. ئینگلیزەکان دەیانەوێ بزووتنەوەی کورد بەکاربێنن بۆ گوشار خستنەسەر دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان لەپێناوی بەرژەوەندیەکانی خۆیاندا، هەر بۆیە خەباتی کوردەکان بۆ سەربەخۆیی‌و نزیکبوونەوەی ئینگلیزەکان لەو بزوتنەوەیە بە مەبەستی پتەوکردنی جێ‌پێی خۆیان بووە لە ئێران.

* * *

## سەبارەت بە تێکهەڵچوونی کوردەکان‌و دەوڵەتی ئێران

(کورتکراوە)

کوردەکان، پاش وەدەرنانی ڕەزا شا، بەکردەوە ناوچەکانی خۆیان گرتەدەست‌و خۆیان دەیانبرد بەڕێوە. پاش ڕاگەیاندنی کۆمارەکەشیان بە هیچ شێوەیەك ئامادە نەبوون بخرێنەسەر ئازەربایجان‌و چالاکییەکی زۆریان نواند لەناو دانیشتوانی شارەکانی ڕەزائیە، شاپوور، خۆی، ماکۆو

www.zheen.org

میاندواودا بۆ ئەوەی ئەم شارانە لەژێر دەسەڵاتی ئازەربایجان دەربێنن‌و ناوە کۆنەکانی ئەم شارانە کە پێشتر کوردی بوون بگەڕێندرێتەوە.

لەناو سەرکردە کوردەکاندا کەسانێك وەك عەمەرخان‌و نووری بەگ‌و قوتاس‌و ... بەکردەوەو ئاشکرا هەوڵیان دەدا بۆ ئەوەی ئەم شارانە سەر بە کۆماری کوردستان بن. هێزە چەکدارەکانی کورد لە نیوەی دووهەمی مانگی ئەپریلی ١٩٤٦دا، بە نیازی گرتنی ئەم شارانە دوای دەرچوونی هێزەکانی سوپای سوور لەم ناوچەیە، شارە ناوبراوەکانی سەرەوەیان گەمارۆ داو تەنیا پاش دەستێوەردانی هێزەکانی ئێمە چەکدارەکانی کورد گەڕانەوە ناوچەکانی خۆیان.

دەسەڵاتدارانی کۆنە پەرستی ئێرانیش بە کەڵك وەرگرتن لەم ڕووداوە هێزێکی سوپایی زۆریان ناردە پشت بەرەکانی ئازەربایجان‌و کوردستان، ئەوە بوو لە نیوەی مانگی مارتدا بە نیازی گرتنەوەی بۆکان‌و شاهیندژو مەهاباد بەرەو ئەم ناوچانە کەوتنە ڕێ‌و تەنیا لە بەرەی سەقز سێ هەزار سوارەو پێنج تانك‌و شەش فڕۆکەو شەش تۆپیان کۆکردبوەوەو بۆ هێرش‌و بەگشتی لە بەرەی کوردستاندا دە هەزار نەفەریان مۆڵ دابوو بۆ پەلاماردان. ژەنراڵ هۆشمەندو سەرهەنگ موختاری‌و سەرتیپ موقەدەم بۆ بەسەرکردنەوەو دڵنیابوون لە ئامادەیی هێزەکانی ئێران لە ٢٤ی مارتی ١٩٤٦دا سەردانی بەرەی سەقزیان کردو لە ٢٩ی ئەو مانگەدا، دووسەد نەفەر سوارەی سوپای ئێران گوندی ئاڵتون کە تەنیا دە کیلۆمەتر لە سەقزەوە دوورە لەگەڵ چەند شوێنی خاڵی تر لە ناوچەی شاهیندژ داگیر دەکەن‌و کوردەکان بەرەو مەهاباد پاشەکشە دەکەن (لەبەر زۆربوونی هێزی ئێران‌و هێرشی ئاسمانی). سوپای ئێران لە بەرزاییەکانی سەردەشت‌و سەقز جێگیر دەبن لە چەند هێرشێکدا دژی کوردەکان چەکی قورس‌و

www.zheen.org

بۆمبارانی بێبەزەییانەی دانیشتوانی بێدەسەڵاتی ناوچەکەیان کرد بە تایبەت گوندەکانی سەروو ڕەبەت. هەر لە ڕۆژی ٢٩ی ئەپریلدا بەیانی زوو شەششسەد نەفەری تر لە هێزەکانی ئێران دەستیان دایە هێرشێکی ترو قادرئاواو سلێمان کەندیو سەراویان گرت. بەڵام شەوی ٣٠ی ئەپریل چەکدارەکانی بارزانی هێزەکانی سوپای ئێرانیان لە سەرگاو، تەفروتونا کردو ١٠٠ نەفەریان لێ کوشتنو ٣٨ نەفەریان بەدیل گرت لەگەڵ چەكو تەقەمەنییەکی زۆردا.

بۆ بەرگریکردنی هاوبەش لە ڕۆژی حەڤدەی ئەپریلدا قازی محەمەد لەلایەن کاربەدەستانی ئازەربایجانەوە بانگ کرا بۆ تەورێزو هەردوولا ڕێك کەوتن لەسەر ئەوەی کە جاریٚ کێشەی سنووری نێوانیانو شارەکان سەر بە کام لایان بن باس نەکرێ، بەڵکوو گرنگی بدرێ بە پارێزگاریکردن لە دەسکەوتەکانی هەردوولایانو لە ئەنجامدا پەیمانێکی دووقۆڵی بەسترا لەنێوانیاندا کە دوانزە نەفەر لە هەردوولا مۆریان کرد.

لە ١٩٤٦/٥/١٠دا چەکدارانی ئەم هۆزو خێڵانە هاتنە مەهاباد:

نوری بەگ هۆزی بەگزادە- ٣٤٠ چەکدار

کاك محەمەد ئەمین هۆزی مامەش-٣٨٠ چەکدار

عەمەر خان هۆزی شوکاك-٧٤٠ چەکدار

عەباس خان هۆزی فەناك-٢٠٠ چەکدار

موسی خان هۆزی زەرزا- ١٥٠ چەکدار

عەبدوڵڵا ئاغا هۆزی مەنگوڕ- ٤٠٠ چەکدار

(عەمەر ئاغا- حەسەن عبدالله) لە کوردەکانی ماکۆ- ٥٠٠ چەکدار

تەها ئاغا هۆزی هەرکی- ٢١٧ چەکدار

ڕەشید بەگ هۆزی هەرکی-٤٤٠ چەکدار

بنکەی ژین
www.zheen.org

**قوتاس مەمەدی  هۆزی مەمەدی-١٨٠ چەکدار**
**مەلا مستەفا هۆزی بارزان-١٠٠٠ چەکدار**
**تاهیر خانی سمکۆ-٥٥٠ چەکدار**
**زیرۆ بەگو کەسانی تر- ٤٠٠٠ چەکدار**

**فەرماندەی هەموو هێزەکان بە محەمەد حوسەینی سەیفی قازی سپێردرا، بەڵام لە بەرەکانی شەڕدا فەرماندەیی هێزەکان لەژێر دەستی سەرکردەی هۆزەکان خۆیاندا بوو، لەوانە مەلا مستەفا بارزانی، عەمەر ئاغا، تاهیر خانی سمکۆ، حەمەڕشید خانی بانە زیرۆ بەگو ڕەشید بەگو چەند کەسێکی تر.**

**ورەی کوردەکان لەبەرەکانی شەڕدا زۆر بەرز بوو، بەڵام لەبارەی چەکو تەقەمەنیو دەرمانەوە ناتەواویان هەبوو. سەرکونسوڵی ئێمە لە ڕەزائییە لە درێژەی ڕاپۆرتو ڕووداوەکاندا دەنووسێ: ڕۆژی ١٥ی ئایاری ١٩٤٦ سوپای ئێران کە ژمارەیان دوو هەزار نەفەر دەبێ، بە تۆپخانەو پشتیوانی هێزی هەوایی، هێرش دەکەنە سەر گوندی (میردێ) کە یەك کیلۆمەترو نیو دوورە لە سەقزەوە، بە مەبەستی ڕزگارکردنی هێزە گەمارۆدراوەکانیان. بەڵام هێرشەکەیان تێك دەشکێو لە ئەنجامدا دووسەدو پەنجا نەفەریان لێ دەکوژرێو هیچ زیانێك بە کوردەکان ناکەوێ. سوپای ئێران لە هێرشی دووهەمیشدا سەرناکەون، کوردەکان کە هێزی یارمەتیدەریان بۆ دێ، داو دەنێنەوە بۆ ئێرانییەکانو چالاکانە دەکەونە ڕاوکردنیان، لە ئەنجامدا سێ سەد نەفەر لە سوپای ئێران دەکوژنو دووسەد نەفەریان لێ دەگرن لەگەڵ دوو تانكو چوارسەد چەكو تەقەمەنییەکی زۆر.**

له هێرشی سێهەمیاندا کە لە نۆزدەی (ئایار)دا دەبێ، دووسەدو پەنجا نەفەر لە سوپای ئێران دەکوژرێن‌و چوار نەفەریش لە کوردەکان، بە دوای ئەمەدا کوردەکان گەمارۆی سوپای ئێران دەدەن لە گوندەکانی میرەدێی لای سەقزو سەردەشت‌و ڕەبەت‌و بانە.

ڕژێمی ئێران پاش ئەم شکستانە، داوای وتوویێژ دەکا لە کوردەکان کە وتوویێژی تەورێزو سەقزو تارانی بەدوادا هات، لەم سێ وتوویێژەدا قازی محەمەد سەرکردایەتی دەکردو لە تاران جگە لە داخوازی خودموختاری، خوازیاری ئەوە دەبێ کە بانەو سەقز سەر بە ناوچەی خودموختار بن. فەیروز، لە تەورێز پێی دەڵێ: دەبێ بانەو سەقز لە یەك بەڕێوەبەرێتی جیاوازدا بن‌و بە پێشنیاری ئەو کوردستان دەبێ بکرێ بە سێ فەرمانداری (واتە سێ ئوستانداری– هەورامی) کە سەقزو بانە پێکەوەو سنە بەجیاو مەهابادیش بەجیا. فەیروز نوێنەری قوامی سەرۆك وەزیران بە قازی محەمەد دەڵێ: لەبەر کەمی هێزەکانی ئێران لە بانەو سەقزو سەردەشت پێویستە هێزەکانی کورد بەشداری پاراستنی سنوورو ناوچەکە بکەن لەگەڵیاندا. هەروەها پێی ڕادەگەیەنێ کە دەسەڵاتی ئەو تەنیا لە ناوچەی مەهاباد دەبێ‌و قازی ڕازی نابێ‌و وتوویێژەکان بێ ئەنجام کۆتاییان پێ دێت.

[هیوادارم لە دەرفەتێکی تردا دەقی ئەم بابەتە بەتەواوی بخەمەبەر دیدی خوێنەران، ئـ. هەورامی]

* * *

بنکەی ژین
www.zheen.org

## باكۆ
## لەلایەن هاوڕێیان باقرۆف و ماسلانینکۆف
## بۆ هاوڕێیان ستالین و مۆلۆتۆف

ڕێبەری بزووتنەوەی دیموکراتی کوردستان، قازی محەمەد لە تەورێز بە هاوڕێیانی ئێمەی ڕاگەیاندووە سەرلەشکری ئێران جیهانبانی لە ناوچەی سەقزە بەیاننامەیەکی بڵاوکردووەتەوە، تێیدا داوا لە کوردەکان دەکات لە ماوەی یەك مانگدا هەموو چەکەکانی خۆیان تەسلیم بکەنەوەو گوێڕایەڵی دەسەڵاتدارانی ئێران بن. جیهانبانی لەم بەیاننامەیەدا هەڕەشەی لە کوردەکان کردووە کە ئەگەر بێتو ئەم دەستوورە جێبەجێ نەکەن، ژمارەیەکی زۆر لە سوپای ئێران بەرەو لایان پێشڕەوی دەکات.

هەروەها فەرماندەی سەربازخانەی سوپای ئێران لە شاری سەردەشت سەرگورد کەشاوەرز، ئاگادارییەکی بڵاوکردووەتەوە لەنێوان دانیشتوانی کوردا داوای ئەوەی کردووە کە پێویستە لە ناوچەی سەردەشت منداڵ و پیرەکان دووربخرێنەوە بۆ ئەوەی لە بۆمبارانی هێزی هەوایی ئێراندا تووشی زیان نەبن.

هەڕەشەی جیهانبانی و کەشاوەرز بووەتە هۆی هێندی مەترسی بۆ دانیشتوانی ناوچەکەو لەم بارەوە ناوەندی کوردییان لە مەهاباد ئاگادار کردووە تەواو داوای یارمەتییان کردووە. لە پەیوەندی لەگەڵ ئەم ڕووداوەدا، قازی محەمەد بە نوێنەری ئێمەی ڕاگەیاند: کورد بەبێ هیچ یارمەتییەك هەمیشە دژی دەوڵەتی ئێران خەباتی کردووەو لەکاتی (شۆڕشی ئارارات)یشدا خەباتێکی مەردانەیان کرد، چونکە پیاوانە مردن چاکترە لە سەرشۆڕی. ئێمە دژی تانك و فڕۆکەی ئێران هیچ شتێکمان

نییە، ئێرانییەکان دەتوانن مەهاباد وێران بکەن، بەڵام هیچ کاتێك ناتوانن بڕیارمان بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی تێك بشکێنن. ئەمە تەنها بیروڕای سەرکردەکانی کورد نییە، بەڵکوو هی هەموو گەلی کوردە، ئێمە لە خەباتی خۆماندا ئامادەین بە هەموو تواناماونەوە یارمەتی ئازەربایجانییەکان بدەین.

– ڕێبەری کوردەکانی ناوچەی ماکۆ "شێخ عادل"، بە نامەیەك قازی محەمەدی ئاگادار کردووە، کە سەرکردەی یەکێك لە خێڵە کوردەکان بەناوی عەبدولباقی ڕای گەیاندووە کە ئامادەن هاوکاری کوردەکانی ئێران بکەن و داوای وەڵامی قازی محەمەدی کردووە لەم بارەوە، بەڵام قازی تا ئێستا هیچ وەڵامێکی عەبدولباقی نەداوەتەوە.

– هاوڕێیانی ئێمە جارێکی‌تر قازی محەمەدیان ئاگادار کردووەتەوە کە پێویستە بەپێی ئەو دەستورانە بجوڵێتەوە کە پێشتر پێی دراوەو دژی سوپای ئێران هیچ هەنگاوێك هەڵنەگرێ، بۆ ئەوەی بیانوو نەدرێتە سوپای ئێران تا هێرش بکاتە سەر کوردەکان.

– لەم ماوەیەدا قازی محەمەد بەنیازە گەشتێك بکات بۆ ناوچەکانی خۆی، ڕەزائییە، ئەشنۆ، ماکۆ، شاپوور کە دانیشتوانیان تێکەڵن لە ئازەربایجانی‌و کورد، بۆ ئەوەی پێشگیریی بکا لە تێکچوون‌و بەیەکدادان لەنێوان کوردو ئازەرییەکاندا پاش دەرچوونی سوپای سوور لە ئێران.

– قازی محەمەد جارێکی‌تر داوای پارەی ئەو توتنەی کرد کە فرۆشتبوویان بە ئێمە.

– سەرەڕای ئەوەی کە سوپای ئێمە هێشتا لە شاری (ڕەشت)دایە، لە ڕۆژی نۆی نیساندا سیانزە ماشینی ژاندارم کە ژمارەیان دەگاتە ۳۰۰ نەفەر بە سەرکردایەتی سەرگورد جەوادی هاتوونەتە ئەو شارە. ژاندارمەکان بە شەست‌ودوو مسەلسەلەی دەستی‌و تفەنگ‌و دەتیری

بنکەی ژین www.zheen.org

چەكدار كراون. فەرمانداری ڕەشت ئەنساری پۆلیسی ئاگادار كردبووەو لە هاتنی ئەم ژاندرمانەو داوای لیٚ كردبوون كە دەبیٚ خەڵك بهیٚنریٚنە سەر شەقامەكان بۆ پیٚشوازیكردنی گەرموگوڕ لیٚیان. بەهۆی گوشار خستنەسەر دانیشتوانی شار لەلایەن كاربەدەستانی خۆجیٚییەوە، خەڵكەكە پیٚشوازییان كرد لە ژاندرمەكانو بەناو هەموو شاردا وەك (ڕزگاركەر) گەڕاندیانن، هەروەها بۆ دەرخستنی پیٚشوازی گەرم لە ژاندرمەكان ئەنساری فەرمانداری ڕەشت هەموو سەرۆكو كاربەدەستانی شاری كۆكردبوەوەو بەبۆنەی (سەركەوتنەوە) پیرۆزبایی لیٚكردن. ١١ی ئەپریلی ١٩٤٦.

م. د. باقرۆف

ی. ی. ماسلانینكۆف

ویٚنەی ئەم ڕاپۆرتە نیٚردراوە بۆ:

- ستالین
- مۆلۆتۆف
- بیٚریا
- فیشنسكی
- دیكانرۆف
- سیلین
- ژدانۆف
- میكۆیان
- مالینكۆف
- بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

بنكەی ژین
www.zheen.org

ئەم بەڵگەیە گەلێك شتمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، لەوانە:

١- سەرەڕای ئەو هەموو زوڵمو زۆرەی کە فەرماندەکانی سوپایی وەك سەرلەشکر جیهانبانی لە ناوچەی سەقزو سەرگورد پزیکشیان لە سەردەشت دژی خەڵك کردوویانەو هەڕەشەیان لە خەڵك کردووەو تەنانەت پزیکشیانو ئەفسەرانی تر لە پادگانی سەردەشت دەستدرێژییان کردووەتە سەر خەڵكو دەستیان کردووە بە گرتنو کوشتنی خەڵك، دەسەڵاتدارانی مەهاباد لەجیاتی ئەوەی لەم بارەوە هەنگاوێك هەڵبگرن، پرس بە کاربەدەستانی سۆڤێتیو ئازەری دەکەنو ئەمەش یەکەمجار نەبوە. ئەم وابەستەییەی سەرکردەکانی مەهاباد بە سۆڤێتیەکانەوە بە جۆرێك بووە کە بێپرسکردنو پەسندکردنی ئەوان هیچ هەنگاوێکیان نەناوەو ئەمەش مانای نەبوونی ئیرادەو سەربەخۆیی ئەوانە. ئەم هەڕەشەو هێرشانە بۆ جاری یەکەم نەبوە.

لەلایەکەوە کاربەدەستانی سۆڤێتی هیچ بیانوویەکیان بەدەستەوە نەمابوو تا نەهێڵن کورد بەرچی ئێرانیەکان بداتەوە، چونکە ئەگەر جاران بە بیانووی ئەوەوە بوو کە شەڕی جیهانی بەردەوامەو لەبەر ئەوەی کە سوپای سۆڤێت لە ناوچەکەدایە نابێ کوردەکان دەست پێشخەری یا وەڵامدانەوەی هێرشو ئاژاوەکانی کاربەدەستانی ئێران بدەنەوەو دەبێ حاڵەتی دیفاعییان هەبێ، بەڵام خۆ شەڕی جیهانی تەواو بووبوو و سوپای سۆڤێتیش لە ناوچەکەدا نەمابوو، تا وەك جاران کاربەدەستانی ئێرانی سۆڤێت تاوانبار بکەن. لەلایەکی ترەوە کاربەدەستانی ئێرانی دەستووری هێرشو پەلاماریان داوە بۆ سەر کوردەکان.

٢- باقرۆف سەرۆکی ئازەربایجانی سۆڤێتیو ماسلانینکۆف فەرماندەی گشتی سوپای سۆڤێت لە ئێران، سکاڵاکەی قازی محەمەد دەنێرن



www.zheen.org

بۆستالین‌و مۆلۆتۆف‌و پرسیاریان لیٚ دەکەن، پیٚش ئەوەی وەڵامی مۆسکۆ، واتە بیروڕای ستالین یا مۆلۆتۆف لەم بارەوە وەربگرن بۆ خۆیان بڕیار ئەدەن‌و دەڵێن (هاوڕێیان ئێمە جارێکی تر قازی محەمەدمان ئاگادار کردووەتەوە کە پێویستە بەپێی ئەو فەرمانە کە پێشتر پێی دراوە بجووڵێتەوەو دژی سوپای ئێران هیچ هەنگاوێك هەڵنەگریٚ، تاکوو بیانوو نەدریٚ بە سوپای ئێران هێرش بکاتە سەر کوردەکان. واتە پێشتر ئەو چەشنە دەستوورانەیان بە قازی داوەو تا ڕۆژی هەرەس پیٚهێنانی کۆمار، قازی هەر پابەندی ئەم دەستوورەی سۆڤێتەکان یا باقرۆف بووە. قازی محەمەدیش هیچ وەڵامێکی بۆ فەرماندەکانی بەرەو دانیشتوانی سەقزو سەردەشت بەگشتی‌و بۆ گەلی کورد نەبوە. بۆ دەبیٚ ئەو شارانەیش ئازاد نەکریٚن ؟ بۆ دەبیٚ بەرپەرچی هەڕەشەو هێرشی سوپای ئاژاوەگێڕی ئێران نەدرێتەوە ؟ بۆ هەمیشە دەبیٚ هێزی کورد هەر لە حاڵەتی بەرگریکردندا بیٚ لە خۆی ؟ خۆ جاری یەکەم‌و دووهەم‌و سیٚهەم نەبوو کە لەو چەشنە هێرش‌و هەڕەشانە نەکرێتە سەر کورد.

جگە لەوە، کە بە قازی محەمەد دەگوتریٚ دژی سوپای ئێران نابیٚ هیچ هەنگاوێك هەڵگریٚ تا بیانوو نەدرێتە دەست سوپای ئێران هێرش بکەنە سەر کوردەکان، قازی پێیان دەڵیٚ واتە سوپای ئێران هەڕەشەو هێرش دەکەنە سەر کوردەکان بەبیٚ بیانوو. ئیتر باسی بەڵگەکانی تر ناکەم کە کاربەدەستانی سوپایی دیپلۆماسی سۆڤێتی هەموویان باس لە ئاژاوەگێڕی‌و دەست پێشخەری سوپای ئێران بۆ هێرشبردنە سەر کوردەکان دەکەن. بۆ دەبیٚ قازی یەکسەر وەڵامی باقرۆف و ماسلانینکۆف نەداتەوە کە ئەوانە بەبیٚ بیانوو هەڕەشەو هێرش دەکەن‌و تەنانەت جارێکیش کە قازی لە تاران دەبیٚ‌و گوایە خەریکی وتووێژ دەبیٚ لەگەڵ

**کاربەدەستانی ئێران، سوپای ئێران لە بەرەی سەقزو سەردەشتەوە دووجار هێرش دەکەن، بەڵام سەرناکەون. ئەی بۆ قازی محەمەد وەڵامێکی بۆباقرۆف و مسلانینکۆف و ئەوانەی تر نەبێ کە ئێوە بۆ ئیجازەتان داوە تەواوی ئازەربایجان لە هێزی سوپایی و پۆلیسی و ئیداری ئێران پاك بکەنەوە، بەڵام ناهێڵن دوو شاری کوردستان ئازاد بکرێن و کورد دەبێ هەر مەهابادو دووسێ گوندی بەدەستەوە بێ ؟! دەبێ وەڵامی قازی محەمەد بۆ دانیشتوانی سەقزو سەردەشت و بانەو شوێنەکانی تر کە هاناو سکاڵایان بۆ مەهاباد بردووە، چی بووبێ ؟ دەبێ وەڵامی قازی بۆ بارزانی و حەمەڕەشید خان و عەمەر خانی شکاك و دەیان فەرماندەو سەرکردەی تری بەرەکانی شەڕ چی بووبێ[17] ؟ ئەو هێزەی دوژمن کە لە ئوردوگاکانی**

---

[17] پێشەوا ڕای وابوو تا دەکرێ ئاشتیخوازانە سەبارەت بە مەسەلەی کوردستان و ڕووداوەکانی مەهاباد نیشانی جیهان و ڕای گشتی ئێرانی بدرێو ئەو وێنە دزێوە بسڕێتەوە کە دەسەڵاتدارانی ئێرانی و دەزگا تەبلیغاتیەکانی دەوڵەتەکانی ناوچەکە لەمەر جوولانەوەی نەتەوایەتی گەلی کورد بلاویان دەکردەوە: گوایە کۆمەڵێك هەوڵی ڕێگری و چەتەگەری سەرانی عەشیرتە یاخیبووەکانی سەر سنوورە. لەلایەکی دییەوە، پێشەوا بڕوایەکی پتەوی بەوە هەبوو هەوڵ بدرێ بە پاڵپشتی بەڵێنەکانی هاوپەیمانان و پەیمانی ئەتلەنتیك سەبارەت بە مافی گەلانی چەوساوەو کۆلۆنیکراو، لە ڕێگای ئازەربایجان و سوودوەرگرتن لە ململانێی شورەوی– ئیران لە ناوچەکەدا، ڕێگەیەك ببینێتەوە بۆ وەدیهێنانی لانی کەمی مافە ڕەواکانی گەلی کورد. هەر بۆیە ئەم بۆچوونەی ڕێگای ئەوەی نەدەدا حکوومەتی کوردستان ستراتیژێکی هێرشبەرانەی توندوتیژ بگرێتەبەرو کارێکی وابکات هەڕەشە لە بەرژەوەندی زلهێزەکان یان دەوڵەتەکانی دراوسێی ئێران بکات کە چوونە حاڵەتی ئامادەباشییەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەر هەڕەشەیەك لەسەر مەسەلەی کورد لە ئێران. ئەو بۆچوونەی پێشەوا بەڕوونی لە نامەکەیدا دەردەکەوێ کە بۆ حەمەڕەشید خانی بانە فەرماندەی گشتی جەبهەی سەقز

سەقزو بانەو سەردەشت خواخوایان بوو هێرش نەکرێتە سەریان‌و خواردنیان بۆ بچی‌و چوار ساڵی ڕەبەق خەویان لێ حەرام کرابوو، دەترسان ئەوانیش وەك سوپای شارەکانی تری ئازەربایجان چەك بکرێن‌و بەدیل بگیرێن، کەچی ئەو ئوردوگاو هێزانە بەهێز کران‌و خواردن‌و چەك‌و تەقەمەنیشیان بۆ نێردرا.

٣- باسی سەفەرکردنی قازی محەمەد دەکات بۆ ناوچەکانی ڕەزائیە، شنۆ، خۆی، ماکۆ، شاپور کە دانیشتوانی ئەو شارانە ئازەری‌و کوردن، بۆ ڕێگرتن لە تێکهەڵچوون، کە لەوانەیە دوای دەرچوونی سوپای سوور لە ئێران ڕووبدات.

دیارە باقرۆف‌و ماسلانینکۆف لەگەڵ کاربەدەستانی تەورێز هەستیان بەو مەترسییە کردووە کە کوردەکانی ئەو ناوچانە لە هەموو شتێك بێبەش کراون‌و خراونەتە ژێردەستی ئازەربایجان بێ هەڵوێست نابن‌و داوای مافی زەوتکراوی خۆیان دەکەن. کە لەوانەیە ببێتە شەڕ لەنێوان کوردەکان‌و دەسەڵاتدارانی ئازەربایجان، بۆیە دوور نییە هەر لەسەر ڕاسپاردەی ئەوان قازی محەمەد ئەو گەشتەی کردبێ بۆ ئەو ناوچانە،

---

نێردراوە. پێشەوا لە وەڵامێکی حەمەڕەشید خاندا سەبارەت بە مەسەلەی هورووژم بردن‌و پەلاماری لەشکری شاهەنشاهی لە ناوچەکەو پاکژکردنەوەی ناوچەکانی ناوەندو باشووری کوردستان، نووسیویە: ((هەر کارێکی جوزئی ئەلئان دەبێ لەگەڵ ئەوضاعی بەینەلمیلەلی تەطبیق بکرێ، چە جای کاری مە کە کوللیە لەبەر ئەوەی ئەمە مەجبوورین لەڕێی صووکەوە تا مومکین بێ ناتوانین بە ڕێی دیدا بڕۆین ... دەنا ئەمن لە تو بەپەلەترم)) (بڕوانە: مەحموود مەلا عیززت، دەوڵەتی جمهوری کوردستان، نامەو دۆکیومێنت، بەرگی یەکەم، سوید، ١٩٩٢، نامەی ژمارە ١٣٢، مێژوو: ١٣٢٥/٣/١٣، ل١٩٤).

ئەگەرنا بۆ پێشتر دانیشتوانی ئەو شارانە داوای یارمەتییان لە مەهاباد کردبوو، کەچی هیچ وەڵامێکیان نەداوە ؟ بۆ مەهاباد هەڵوێستێکی وەرنەگرتو ناڕازیبوونی خۆی بەرامبەر بە دەست بەسەراگرتنی ئەو شارانە لەلایەن ئازەریەکانەوە نیشان نەدا[١٨] ؟

٤- قازی محەمەد داوای هێندێ پارەی ئەو تووتنەی کرد کە بە ئێمەی فرۆشتووە. چەند بەڵگەو سەرچاوەیەکی تر لەم بارەیەوە هەیە کە فەرمانبەرانی سۆڤێت پارەی تووتنیان لایە. من هەوڵی زۆرم دا لە ئارشیڤ سۆراخی ئەم کێشەیە بکەم، بەڵام بەڵگەیەکم دەست نەکەوت کە ئەم (هێندە) پارەیەی تووتنی چەند ساڵە دراوە یا نا ؟ لەلایەکی ترەوە، کورد تەنیا توتنی بە سۆڤێت نەفرۆشتووە، بەڵکو گۆشتو ڕۆنو خوریو پێستو گەنمو دانەوێڵەی زۆری پێ فرۆشتوون، چونکە ناوچەکە لەو سەردەمەدا لەلایەن ڕژێمی ئێرانەوە گەمارۆی ئابووری خرابووە سەرو بەرهەمی ناوچەکەیان نە دەکڕیو هەمووی بەرەو تەورێزو سۆڤێت ڕۆیشتووە.

---

[١٨] سەرچاوە بایەخدارەکان ئەوە دەسەلمێنن کە لێپرسراوانی حکوومەتی کوردستان لە مەهاباد دەستەپاچە نەوەستاون لەبەرامبەر هەوڵەکانی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجاندا بۆ پەراوێزخستنی کوردستان لە شارەکانی ورمێو خۆیو شاپوورو ماکۆو میاندواوو چەسپاندنی نفووزی خۆیان لەو ناوچانەدا. ئەوەش فاکتەرێکی سەرەکی ئاڵۆزبوونی پەیوەندییەکانی نێوان حکوومەتی ئازەربایجانو کوردستان بوو کە تا دوای بەستنی پەیماننامەی برایەتی ئازەربایجانو کوردستان بە تەواوی بنبڕ نەکرا (بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: ریچارد ئەی. مۆبلی، پێوەندییەکانی کۆماری کوردستانو کۆماری ئازەربایجان، وەرگێڕانی حەسەنی قازی، واشینگتون دی سی، ١٩٧٩، ل٨٣-٩٠؛ ئەنوەری سولتانی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦٧-٢٧٦).

سەرەڕای ئەوەی کورد لەو سەردەمەدا ڕێکخراوێکی سیاسی هەبوە، وەك ڕێکخراوی (ژ. ك) کە ڕێکخراوێکی سیاسیو نیشتیمانیو خاوەن بەرنامەو تاکتیكو ستراتیژییەتێکی ڕوونو ئاشکرا بووە[19]. کەچی دەسەڵاتدارانی ئێران یا سۆڤێت یا پاشتر سەرکردەکانی ئازەربایجان خۆیان لەم هێزە سیاسییە نزیك نەکردووەتەوە. نەك هەر ئەوە، بەڵکوو هەوڵی لەناوبردنیشیان داوە. بۆچی نوێنەرانی ئەم هێزە بۆ هیچ شوێنێك بانگ نەکراوە کە خواستەکانی گەلی کوردی بە ڕوونیو ئاشکرا لە ماوەی چەند ساڵەی تەمەنیدا دەربڕیبوو ؟ سەرۆك وەزیرانی ئێران، یا خودی شا، یا هەر وەزیرێکی تری ئێرانی، بۆ بانگەوازی نوێنەرانی کۆمەڵەی (ژ. ك)یان نەکردووە، کەچی تاقم یا کەسانێکیان بانگ کردووەو بە ناوی ناوچە یا شارێکەوە وتووێژیان لەگەڵ کردووە ،نەك لە ئاستی کێشەی کورد یا کوردستاندا[20]. قازی محەمەد لە هەموو وتوێژەکانیدا لەگەڵ

---

[19] ڕاستە کۆمەڵەی ژ. ك، ڕۆڵێکی بەرچاوی لە بووژاندنەوەی سۆزی نەتەوایەتی کوردەواریدا دی لە هەرێمی موکریاندا لە ساڵانی جەنگی دووەمی جیهانیدا. بەڵام لەڕووی فیکریو بەرنامەو ستراتیژییەتەوە بێ کەموکورتی نەبوو، جگە لە نەبوونی پەیڕەوو پرۆگرامو بەرنامەیەکی تێروتەسەل. ڕەخنەگرتنی لە ستراکچەری کۆمەڵی کوردەواری تەنیا ڕەخنەیەکی مۆراڵی بوو، باوەڕیان بە هێزی لەبنەنەهاتووی کۆمەڵ نەبوو، شێوازێکی دیارو ڕوونیان بۆ سەربەخۆییو ڕزگاری کوردستان نەگرتۆتە بەر (بڕوانە: جەمال نەبەز، کوردستان و شۆڕشەکەی، وەرگێرانی کوردۆ عەلی، بنکەی چاپەمەنی ئازاد، ستۆکهۆڵم، ١٩٨٥، ل ١٢٧).

[20] دیارە ئەندامانو ڕێبەرانی کۆمەڵەی (ژ. ك) لە ژمارەیەك لاوانو کارمەندانو کاسبکاران پێك هاتبوون، کە شوێنێکی دیاری کۆمەڵایەتیان نەبوو؛ بە نهێنیش هەڵدەسووڕان لەلایەن حکوومەتی ئێرانەوە نەدەناسران. بانگێشتی حکوومەتی ئێران بۆ ئەو کەسایەتیانە بوو کە لە مەهابادو دەوروبەریدا دەسەڵاتی فیعلییان لەدەستدا بوو.

کاربەدەستانی تارانو تەوریزو سۆڤیێت، نەك هەر بەرپرسی بە (ژ. ك) نەکردووەو خواستەکانی (ژ. ك)ی ئاڕاستەی هیچ لایەنێك نەکردووە، بەڵکوو ناوی ئەم ڕێکخراوە سیاسییەشی نەهێناوە[21].

قازی محەمەد لە هەموو وتووێژو چاوپێکەوتنەکانیدا، خۆی لەجیاتی هەموو هێزو کەسایەتیەکان داناوەو خۆی لە (ژ. ك) دابڕیوەو لەپشت سەرەوە بەنهێنی وتووێژی کردووە. واتە قازی محەمەد بەم کردەوانەی بە هاوکاری ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆی سۆڤیێتو تارانو تەوریزو حزبی (توودە) بۆ لەناوبردنی کۆمەڵەی (ژ. ك) دەستی سەرەکی هەبووەو ئەوە بوو پاشان حیزبی دیموکراتی کوردستانی دامەزراند. دووریش نییە قازی

---

کێشەی کوردیش لەلایەن حکوومەتەوە نەك هەر جێگای بایەخ نەبوو، بگرە دانیشی پێدا نەنرابوو.

[21] کۆمەڵەی ژ. ك، سەرەتای ساڵی ١٩٤٥و کاتی سەردانی ئاغای فەهیمی، وەزیری ڕاوێژکاری حکوومەتی ئێران بۆ شاری مەهاباد، یاداشتێکی بە ناوی دانیشتوانی شارەوە پێشکەش بە ئاغای فەهیمی کرد کە داواکردنی مافەکانی گەلی کورد بوو بە شێوەی خودموختاری. هەروەها کاتێك ناوی ژ. ك لە تاران بیسترا، وەك کۆمەڵەیەکی جیاخواز باسی لێوە دەکرا. ئاغای سەدری قازی بۆ چەواشەکردنی سیاسەتبازانی ئێران لە مەجلیسدا گوتی: ((ئەوە چ درۆیەکی گەورەیە دەدرێتە پاڵ خەڵکی کوردستان، بۆ نموونە دەڵێن کورد ئەنجومەنێکی بۆ جیابوونەوە پێك هێناوە بە ناوی کۆمەڵەی کۆمۆنیستی کورد، برایان (ك. ك. ك.) مانای کۆمەڵەی کۆمەنیستی ناگەیەنێ، بەڵکوو ئەوە یەکەم کۆمەڵەی گەنجانی کوردەو دووەمیش ناوەندەکەی لە عیراقە، بە هیچ جۆرێك پەیوەندی بە کوردەکانی ئێرانەوە نییە)) (بڕوانە: کەریمی حیسامی، کۆماری دیموکراتی کوردستانی خودموختاری، بنکەی چاپەمەنی ئازاد، چاپی دووەم، ستوکهۆڵم، ١٩٨٦. ل٦٢-٦٣. کوهستان "روزنامه"، شماره ٣٦، ٥ آذار ١٣٢٥).

**محەمەد بەهۆی ئەم کردەوانەیەوە لە (ژ. ك) دوور خرابێتەوە، یا لای کەمی بۆ خۆی لە (ژ . ك) کشابێتەوە.**

**هەڵس‌وکەوتی قازی محەمەد نەك هەر لەگەڵ ڕێبازو سیاسەتی گشتی کۆمەڵەی (ژ. ك)دا نەدەگونجا، بەڵکوو بە پێچەوانەیشی بوو. هەروەها لە وتوێژەکاندا هیچ ئەندامێکی سەرکردایەتی کۆمەڵەی (ژ. ك)ی لەگەڵدا نەبوە.**

**پرسیارێکی تر دێتە پێشەوە: ئەوەیە ئەگەر تاران ویستوویەتی هەندێك داخوازی گەلی کورد بهێنێتە دی (باسی کێشەی کورد هەر ناکرێ) بۆچی پیاوماقووڵو کەسایەتی تری لە شارەکانی تری کوردستان بانگ نەدەکردو تەنیا لە مەهاباد خەڵکی بانگ کردووە ؟**

**قازی محەمەد پێش ڕۆیشتنەکانی بۆ تاران هیچ وتووێژو پرسێکی بە پیاوماقووڵو خاوەن ڕۆڵی تەنانەت ناوچەی موکریانیش نەکردووە کە چ داواکارییەك ئاڕاستەی دەوڵەتی تاران بکات، لە گەڕانەوەشیدا ئەنجامی گفتوگۆکانی خۆی لەگەڵ کاربەدەستانی دەوڵەتی تاران لە هیچ کۆڕو کۆبوونەوەیەك یا وتارێکدا بۆ خەڵك باس نەکردووە[٢٢]، کەچی دەبوا**

---

**[٢٢] چ لە ڕۆژنامەی کوردستان، ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستانو چ لە چاوپێکەتنەکانی پێشەوا قازی محەمەددا لەگەڵ ڕۆژنامەی "رهبر"ی حیزبی توودەو دواتر وتاری پێشەوا بۆ کۆمەڵانی خەڵك لە مەهاباد، باسی داواکارییەکانی کورد کراونو ئەو داواکاریانە بەتەواوی شاراوە نیین. پێشەوا دەڵێ: ((ئەگەر ئێمە ئەمڕۆ پێ دائەگرین لەسەر داوای ئۆتۆنومییەکی جوزئی بۆ وڵاتەکەمان، گوناحی حکوومەتی ناوەندییە کە هیچی نەکردووە بۆ باشکردنی وەزعی ئێمە. ئێمە بەڕاستی حەز ئەکەین ڕێگای پێشکەوتن بگرین. ئێمە حەز ناکەین لاسایی ئەمریکا یا ڕوسیا بکەینەوە، بەڵام ئەوەش ڕەت ئەکەینەوە کە وەکوو ئاژەڵی وڵاتانی شارستانی بژین)). هەروەها لە**

**خواستەکانی گەلی کورد یا ناوچەی موکریان لە بەڵگەو نوسراوەیەکدا یا لە چاپەمەنییەکاندا بڵاوکرابانەوە، لەلایەکی ترەوە دەبوا دەستەی نوێنەرایەتی کورد بۆ وتوویژ لەگەڵ تاران دیاری کرابا، هیچ بەڵگەیەکیش بەدەستەوە نییە کە قازی محەمەد لەگەڵ هاوڕێکانی هەڵبژاردەی خەڵك یا نوێنەرانی خەڵك بووبن. لە هەمووی خراپتر کە بۆ خۆی تراژیدیایەکی گەورەیە، ئەوەیە کە قازی محەمەد تا ناوەڕاستی ١٩٤٥ خواستەکانی هەر زۆر سادەو ساکارو هیچ قورساییەکی سیاسییان نەبووەو گەلانی ژێردەستو ئازادیخواز لەو سەردەمەدا داوای سەربەخۆییان کردووە کەچی دەبینین خواستەکانی قازی محەمەد ناوچەییو تەنانەت مافی کولتووریو بەڕێوەبردنیشیان تێدا نییە[٢٣].**

---

شوێنێکی دیکەدا دەڵێ: ((بەهیچ جۆرێك داوای تەجزییەی ئێرانمان نەکردووەو تەنیا مەبەستمان ئازادی خۆمانو دیموکراتی بوو. بەڵام لەپێشدا کاربەدەستانی ئێران بێجگە لەوەی جوابیان نەداینەوە، شوۆخیشیان بە داوای ئێمە کردو ناچار بووین حکوومەتی میللیمان دامەزراندو هێزی خۆمان لەبەرامبەر ئەواندا تاقی کردەوە. ئەوان کە ویستیان لەمە بینە پێش، ئێمەش لەوان چووینە پێش. ئێستایش ئەوان حازر بوون پاشەکشە بکەن، ئێمەش ئامادە بووین بکشێینەوە. ئەمن بەبێ تەصویبی کومیتەی مەرکەزی هیچ کاریکی ناکەم، چونکە دیموکرات ئەوەیە کە شەخص ناتوانێ مەصڵەحەتی میللەتی بێمشاوەرە بگرێتە دەستی خۆی)) (بڕوانە: کوردستان "ڕۆژنامە"، ١٣٢٥/٣/٢٢، ١٣٢٥/٥/٨؛ نەوشیروان مستەفا ئەمین، حکومەتی کوردستان: کورد لەگەمەی سۆڤێتیدا، ڕێبەردانی ١٣٢٤– سەرماوەزی ١٣٢٥، چاپی دووەم، هەولێر، ١٩٩٣، ل٢٢٠–٢٢٥، ٢٢٨–٢٣٩).

[٢٣] بەدواداچوونی مەسەلەی گفتوگۆی نێوان کوردو ئازەرییەکانو حکوومەتی تاران، تا ڕادەیەك ئاڵۆزەو پێویستی بە وردبوونەوەیەو ناتوانرێ بەتەنیا بە پشت بەستن بە بەشێك لە دۆکیۆمینتی وڵاتێکی وەك شورەوی دوا بڕیاری لەسەر بدرێ، وەك وەڵامدانەوەیەکی ڕیاکارانە بە بەندی سێهەمی ڕێکەوتنەکەی قەوام– سادجیکۆڤ لە ٤ی

نیسانی ١٩٤٦دا سەبارەت بە چارەسەرکردنی ئاشتیخوازانەی مەسەلەی ئازەربایجان، حکوومەتی قوام لە بەیاننامەیەکی حەوت بەندیدا بێ ئەوەی ناوی کورد بهێنێ، ئازەربایجانیەکانی بۆ برایەتیو یەکگرتوویی بانگ کرد. ئەوەش کاتی خۆی بەتەواوی هەستی پێ کراو بووە جێگای ڕەخنە لە بلاوکراوەکانی ئەودەمی ئێراندا. پاشتر وەفدی کوردی لەگەڵ ئازەریەکاندا بە هاوبەشی چوونە تاران لە ٢٨ی نیسانی ١٩٤٦دا خودموختاری داوای سەرەکییان بوو، بێ ئەوەی لەگەڵ حکوومەتدا بگەنە هیچ ئەنجامێكو پاش ١٥ ڕۆژ لە ١٣ی مایسی ١٩٤٦ گەرانەوە.

پاش ئەوە حکوومەتی ئێرانی لەگەڵ ئازەریەکاندا بە تەنیا تێهەڵچوو و "موزەفەری فەیروز" جێگری سیاسی قەوامول سەڵتەنە لە ١١ی حوزەیرانی ١٩٤٦دا بۆ گفتوگۆ سەردانی تەبریزی کردو لەگەڵ سەرکردایەتی ئازەردا ڕێککەوتنێکی ١٥ ماددەییان ئیمزا کرد لە ١٣ی حوزەیرانی ١٩٤٦دا کە بۆ کورد تەنیا خوێندنی بە زمانی کوردی تا پۆلی پێنجەمی سەرەتایی تێدا بوو. ئەم مەسەلەیە سەرکردایەتی کوردی تووڕە کرد لەوەی کە ئازەریەکان خیانەتیان لێ کردوون. هەر بۆیە ناچار بوون بە تەنیا ڕوو بکەنە تاران‌و هەوڵی گفتوگۆ لەسەر داواکاریەکانی گەلی کورد لەگەڵ قەوامدا بدەن، کە هەر جارەی بە بیانوویەك خۆی لە مەسەلەکە ئەدزییەوە. لەڕاستیدا ئازەرییەکان دەیانویست کوردستان‌و ناوچە کوردیەکان لەڕووی بەڕێوەبردنەوە خودموختار بێ. نە قەوام و نە تارانیش ئامادە بوون بە جیدی باسێك لە کێشەی کورد لەگەڵ سەرانی کۆماردا بکەن. پێشەوا قازی محەمەد لە چاوپێکەوتنەکانی خۆیدا لەگەڵ دیپلۆماتە ئەمەریکاییەکان خوازیاری ئێرانێکی فیدراڵ بووە. "رۆزفێلت"، جێگری وابەستەی سوپایی ئەودەمی سەفارەتی ئەمریکا لە تاران لەوبارەیەوە دەنووسێ: قازی محەممەد خۆی هەڵسا چووە تاران تا ناڕەزایی بەرامبەر ئەم ڕێککەوتنە (ڕێککەوتنی فەیرووز- پیشەوەری) ڕابگەیەنێ، ئەو داوای کرد بکرێتە ئوستانداری ئوستانێکی نوێ کە ناوچە کوردنشینەکانی ئازەربایجان‌و ئەو ناوچە کوردییانەی تر بگرێتەوە کە هێشتا لەژێر کۆنترۆڵی حکوومەتی ئێراندان، ناوچەیەك لە سنووری ڕووسیاوە درێژ ئەبێتەوە تا خالێکی نیوە ڕێگای کرماشان‌و سنە، ئەم هەرێمە نوێیە جۆرە خودموختارییەکی خۆی هەبێو کارمەندو هێزی سوپایی لە خەڵکی ناوچەکە خۆی پێك بهێنرێ. سەرەك

* * *

بەپێی ڕاپۆرتی قولیێف، جێگری کونسوڵی سۆڤێت لە تەورێز لە ١٩٤٥/٣/٣ ژمارە (١٠٤)، ئەم تێبینیانە بەدی دەکرێن.

١-قازی محەمەد، نزیکەی چوار مانگ لە تاران بوو کە ماوەیەکی یەکجار زۆرە، پێشتریش چەند سەفەرو چاوپێکەوتنی لەگەڵ کاربەدەستانی ئێران هەبوە کە زیاتر پەیوەندی بە وەرگرتنی مووچەی پاسەوان‌و ژاندارمری‌و گۆڕینی کاربەدەستانی خۆجێیی مەهابادو بایەخدان بە کاروباری پەروەردەو تەندروستی و هتد ... هەبوو کە دواتر ئاماژەیان پێ دەکەین.

٢- جێی داخ‌و کەسەرە کە قازی محەمەد بەرامبەر بە شای شیعەی مەزەبی ئێران باسی سوننی مەزهەبی خۆی یا کورد دەکات کە بەپێی بۆچوونەکەی هەمیشە وەفادارو سەر بە شاهەنشای خاوەن شکۆ بوون. ئەمە جگە لەوەی لە چاوپێکەوتنیشیدا لەگەڵ ڕەزم ئارا، دیسانەوە لەسەر موسڵمانبوون‌و ئێرانیبوونی خۆی پێ دادەگرێ. قازی محەمەد بەم چەشنە لە لایەك هەست‌و قینی دەسەڵاتدارانی شیعەی بەرامبەر بە سوننە

---

وەزیرانی فیڵبازی ئێرانی لاری لە مەسەلەیەکی وا نەبوو، بەڵام بە مەرجێك قازی ڕەزامەندی دکتۆر جاوید، حاکمی دیموکراتی ئازەربایجان بە دەست بهێنێ، دیارە جگە لە ڕۆزفێڵت سەفیری عیراق لە تاران، هەروەها "نەجەف قولی پەسیان"، پەیامنێری ڕۆژنامەی "اطلاعات"ی تارانی هەمان گوتەیان ڕاگەیاندووە کە قازی محەممەد خوازیاری دەسەڵاتێکی خودموختاری یەکخستنی ناوچە کوردنیشینەکان بووە لە ئوستانێکدا، ئەو داوایەی هیچ لایەك ئاوڕیان لێ نەدایەوە (بڕوانە: طاهر خلف البكاء، التطورات الداخلية في ايران (١٩٤١-١٩٥١)، رسالة دكتوراه ، كلية الآداب، جامعة بغداد، ١٩٩٧، ص٢٤٣؛ نجفقولی پسیان، مرگ بود بازگشت هم بود، شرکت سهامی، تهران، ١٣٢٦، ص١٧٤؛ ROSSVELT, ARCHI, JAR; THE KURDISH REPUBLIC OF MAHABAD, in: PEOPLE WITHOUT A COUNTRY, Kurds and Kurdistan, London, zeed Press, ١٩٨٠, p. ١٠٧-١٠٨..

زیندوو کردووەتەوە[٢٤]. لەلایەکی ترەوە، خۆ کێشەی کورد کێشەیەکی ئاینی نەبوە، بەڵکوو کێشەیەکی نەتەوایەتی بووە، ئیتر واز لەوە دێنین کە ئەگەر نەڵێم زۆربەی دانیشتوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان شیعە مەزەبن بەلای کەمەوە نیوەیان شیعە مەزەبن. لە کامیاران بەرەوخوار بە کرماشان‌و ئیلام‌و لوڕستان‌و شوێنەکانی ترەوە شیعەن.

ئەم بۆچوون‌و وتانەی قازی محەمەد زیاتر لە هی کەسێکی ئایینی یا ئیمام جومعەیەك دەچێ تا کەسێکی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی. پاشان کەی کورد شانازی کردووە بە ئێرانی‌بوونی خۆیەوە یا وەفاداری شاکانی ئێران بووە بە درێژایی مێژوو. کورد دژی ڕژێمی پاشایەتی بووەو خۆی لە چوارچێوەی ئێراندا بە بێگانە زانیوە[٢٥] ؟

---

[٢٤] لەڕاستیدا نە خودی محەمەد ڕەزا شاو نە ڕەزم ئارا ئەوەندە مەزهەبگەرا نەبوون‌و بایەخیان بە ئایین نەداوە تا قینی مەزهەبیان بەو قسەیەی قازی محەمەد ببزوێ. شاهەنشا وەك تەشەر لێدان لە قازی‌و لەکاتی نیشانە هەڵواسین بە ئەفسەراندا، پێی دەڵێ وەك ئێرانییەکی دڵسۆز شان بەشانی ئەفسەران خزمەتی ئێران بکە. قازیش بەو وەڵامەی هەم ڕەسەنی خۆی ڕادەگەێنیێ‌و هەم وەك باوەڕدلرێکی سوونی بەپێی ئایەتی (واطیعوا اللّه ورسوله وأولی الامر منکم)، باس لەوە دەکات کە مەسەلەکە یاخیبوون نییە، بەڵکوو هەڵەی مامەڵەو ستەمی سیستەمێکی میلتاریستی دڕندەیە کە کورد ناچار دەکات لە ئێران دوور بکەوێتەوە. بەمەش قازی تۆپەکە هەڵدەداتەوە حەوشی شاهەنشا کە نموونەیە لە لێهاتوویی قازی محەمەد لە وەڵامدانەوەی بەتوێکڵدا.

[٢٥] بە پێچەوانەوە هەمیشە ڕاستییەکی تاڵ هەبوە کە کەسایەتییە ڕۆشنبیرو خوێندەوارەکانی کوردی ئێران لە زۆر وەختدا مێشکیان بە بیری ئێرانچێتی سواغ دراوەو زیاتر خۆیان بە ئێرانی زانیوە ئینجا بە کورد. لەم بارەیەوە نموونەی زۆرمان هەن، هەر لە کەریم خانی زەندەوە تا کەریم سنجابی‌و تەنانەت ئایەتوڵڵا مەردۆخیش‌و هەموو ئەو کەسایەتییانەی کە لە ڕێکخراوە سەرتاسەرییە ئێرانیەکاندا بۆ پایەداری‌و

**٣- قازی محەمەد، دژی جێگیربوونو مانەوەی هێزەکانی سوپای ئێرانو کاربەدەستانی نەبوە، بەڵکو تەنیا دژی ژەنراڵ هۆشمەندی ئەفشارەو پاکانە بۆ ئەوە دەکات کە هیچ پەیوەندییەکی بە ڕاپەڕینو بەرەنگاربوونەوەکەی حەمەڕەشید خانی بانەوە نییە[٢٦].**

**٤-ئەو فەسلانەی کە قازی محەمەد توانیوییەتی لەگەڵ کاربەدەستانی ئێران لە تاران جێبەجێیان بکات، گۆڕینی فەرمانداری مەهاباد بووە. ئەویش بە هۆی ئەو ڕابردووە ڕەشەی خۆیەوە کە لە ڕاپۆرتەکەی قازیدا باس کراوە، ئیتر بەبێ ئەوەی داوا بکرێ یەکێکی کورد لە جێی ناوبراو دابنرێ، ئەی فەرماندارو کاربەدەستانی تری کوردستان چی ؟ لەم بارەوە هیچ پێشنیارێکی نەخستووەتە ڕوو.**

**٥-قازی محەمەد، توانیویەتی لەبارەی پەروەردەو بارهێنانەوە مەهاباد ڕاستەوخۆ ببەستێتەوە بە تارانەوەو بودجەکەشی لە تارانەوە بۆ بێ و محەمەد موکریش بکاتە بەرپرسی (کە بەڵگەیەکیش بەدەستەوە نییە**

---

مەزنی ئێران یان لەپێناوی چینی کرێکاری ئێرانیدا چالاکی خۆیان بە خەرج داوەو ئاوڕیان لە کوردایەتی نەداوەتەوە.

[٢٦] ئەوەی وتارەکانی قازی محەمەد لە ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بخوێنێتەوە، بۆی دەردەکەوێ تا چەند قازی دژی ملیاتاریکردنی کۆمەڵ بووە، هەر لە چاوپێکەوتنەکەی قازی محەمەدو ڕەزا شا پێی گوتووە لەجیاتی تانکو تۆپو کوشتار با دەوڵەت خزمەت بە گەلی کوردستانو زانستو لەشساخییان لەنێودا بڵاوبکاتەوە. سەبارەت بە حەمەڕەشید خانیش زۆر هەڵدەگرێ قسەی لەسەر بکرێ، بەڵام جووڵانەوەکەی حەمەڕەشید خان ڕێکخراو نەبوو، ململانێی خێڵەکی بوژاندبووەوە، شاری بانەی ئاگر تێبەرداو سووتاندیو تووشی چەندین هەڵە بوو. پاشتریش بەرەی لە کۆمار چۆڵ کردو گەڕایەوە بۆ عیراق. هەر بۆیە قازی بۆ چەواشەکاری پەیوەندی خۆی لەگەڵ حەمەڕەشید خاندا لە سەرەتای جەنگ ڕەت نەکردۆتەوەو بەڕاستی هاتۆتە گۆ.

ناوبراو هاتبێ بۆ مەهاباد)[٢٧]. دەبینین داواو داخوازیەکانی هەر لە دەوروبەری مەهاباد دەخولێنەوە. بەستنەوەی مەهاباد بە تارانەوە، واتە وازهێنان یا پشتگوێ خستنی شارەکانی تر، واتە وازهێنان لە ورمێ وەك ناوەندی پارێزگا کە سەر بە کوردستان نییە. مەهاباد ئەو سەردەمە تائێستاش سەر بە پارێزگای بەناو ئازەربایجانی ڕۆژاوایە، ئەی سنەو کرماشان و سەقزو شارەکانی تر چی ؟!

ئەو پەروەردەیەی کە قازی محەمەد داوای دەکات، بە زمانی فارسییە نەك خوێندن بە زمانی کوردی کە لە هەموو کوردستاندا پەیڕەو بکرێ. هەر بە وتەی قازی محەمەد خۆی دەسەلاّتدارانی تاران تەنانەت ئامادەش نین مەهاباد ڕاستەوخۆ سەر بە تاران بێ و نەیتوانیوە جگە لە باری پەروەردەوە ببەسترێتەوە بە تارانەوە. ئیتر لە باری بەڕێوەبردنەوە یا تەرخانکردنی بودجەیەکی تایبەت بۆ پێداویستیەکانی ناوچەی موکریان، ئەوە هەر لەئارادا نییە. قازی محەمەد، چەند جار پارەی بۆ ڕاگرتنی پاسەوان و کاروباری پەروەردەو چی ترو دەڵێ بۆ ئێمەی کورد لە باری سیاسی و ئابوورییەوە بە قازانجمان تەواو دەبێ کە ببینە ناوچەیەکی

---

[٢٧] بەڵێ بەڵگە بەدەستەوەیە ئاغای محەمەدی موکری لساڵی ١٩٤٤ لە شوێنی ئاغای ڕەحیم لەشکری بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەو بارهێنانی لە مەهاباد گرتە ئەستۆ بە ناوی کەیوان پوورو ئەو بەرێوەبەرایەتیەی ڕاستەوخۆ بە تارانەوە بەستەوە. لەسەردەمی ئەودا دەبیرستان بووە چوار پۆل و ئاغای سەریعول قەلەم کرایە بەرێوبەری. هەروەها دەبستانی (خیام) کە لە دەرەوەی مەهاباد بوو هاتە نێو مەهاباد. پاش یەك ساڵ ئاغای محەمەدی موکری مەهابادی بەجێهێشت و شوێنی خۆی بۆ ئاغای "عەلی خەسرەوی" چۆڵ کرد (بڕوانە: سید محمدی صمدی، نگاهی به تاریخ مهاباد، انتشارات رهرو، چاپ میلان، ١٣٧٧ ش، ص٤٠١).

سەربەخۆو ڕاستەوخۆی سەر بە تاران‌و نامانەوێ سەر بە ئوستانی چوار (ئازەربایجانی ڕۆژاوا) بین. واتە شارەکانی تری ئەم پارێزگایە، وەك ماکۆ، خۆی، سەڵماس‌و سەردەشت‌و ... دراونەتە دەستی قەزاو قەدەرو هەر ئەم بۆچوونەش دواتر بووە هۆی ئەوەی ئازەریەکان دەست بگرن بەسەر ئەو شارانەدا کە لە جێگایەکی تردا بە وردی باسیان دەکەین.

ئەمە ئاستی سیاسی‌و چالاکی کەسایەتییەکە، کە بە ناوی سەرکردەیەکی کوردەوە، ڕووبەرووی دەسەلأتدارانی ئێران بووەتەوە. دەبێ شای ئێران‌و ڕژێمەکەی بە چ گرنگی پێدان یا چ ترس‌و پەرۆشییەکەوە ڕووبەڕووی بووبنەوە[٢٨]. ئاشکرایە بۆ ئەوان کێشەی کورد مەترسییەکی بە دواوە نەبوەو هیچ پرۆژیەك سەبارەت بە کێشەی کورد نەخراوەتە بەر دەستیان.

خواست‌و داواکارییەکانی قازی محەمەد خواستێکی کەم بەهابوون‌و تایبەت بوون بە شار یا ناوچەیەکی بچووك‌و هەموو شارو ناوچەیەکی تری ئێران دەیانتوانی‌و بۆیان هەبوو داوای ئەم خواستانە لە دەوڵەتی

---

[٢٨] کاربەدەستانی ئێرانی، بەتایبەتی بەرپرسانی باڵای ئەو کاتەش چ کاتێك ترس‌و دڵەراوکێی خۆیان لە بیری ئازادیخوازی‌و نەتەوایەتی ڕەسەنی پێشەوا نەشاردۆتەوە، یەك لەوانە سەرۆکی ستادی ئەرتەش سەرلەشکر حەسەن ئەرفەعە، کە لە کتێبەکەیدا بە ڕاشکاوی ئاماژە بەو مەسەلەیە دەدات‌و باس لە چاوپێکەوتنەکەی نێوان هەردوو لایان دەکات‌و دەنووسێ: ((لەگەڵ ئەو هەموو درێژدادڕی‌و ڕاوە ڕێوییەی بۆم هێنایەوە، تەماشام کرد کە قازی محەمەد بییەك نییە بەم بایە بلەرزێ، بێگومان لە ئایندەدا تەنگمان پێ هەڵدەچنێ)) (بڕوانە: حسن ارفع، کردها یك بررسی تأریخی سیاسی، ترجمەو از متن انگلیس، لندن، ١٩٦٦، ص٧٦).

**ئێران بکەن، بۆیە لە وتووێژەکانی تری قازی محەمەددا لەگەڵ تاران‌و کاربەدەستانی تری ئێراندا هیچ بایەخێکیان پێنەدراوە[٢٩].**

**زۆر سەیرە هەندێ لایەن قازی محەمەد بە غاندی کوردستان دادەنێن، هەر لەو سەردەمەدا غاندی خەباتی دەکرد بۆ سەربەخۆیی وڵاتەکەی، کەچی قازی محەمەد هەندێ داخوازی بۆ مەهابادو دواتریش بینیمان ئەو ئۆتۆنۆمییەی کە داوای دەکرد بۆ کورد چۆن بوو و بەکوێ گەیشت !**

**قازی محەمەد، لە چاوپێکەوتنەکانیدا لەگەڵ شاو سەرۆك وەزیران‌و کاربەدەستانی تر، نەك هەر پرۆژەیەکی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد پێشکەش نەکردووە، بەڵکوو سنووری کوردستانیشی دیاری نەکردووە کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کام پارێزگاو ناوچە دەگرێتەوە. قازی محەمەد داوای نەکردووە چەند وەزیرێکی کورد یا پارێزگاو کاربەدەستی تری کوردستان کورد بن‌و نوێنەرانی کوردستان لە مەجلیسی ئێران زیاد بکرێن.**

**سەبارەت بەو داخوازییانەی کە قازی محەمەد پێشکەشی کردووە بە باڵوێزی سۆڤێت دەبێ بگوترێ کە: کردنەوە یا ڕێکخستنی بەشی**

---

[٢٩] **بایەخ‌پێنەدان‌و خۆدزینەوەی دەسەڵاتدارانی تاران‌و حکوومەتەکەی قەوامول سەلتەنە پەیوەندی بە کەم بەهابوونی داواکارییەکانی کوردەوە نەبوە، ئەوەندەی ترس‌و دڵەراوکێیان بوو سەبارەت بەوەی کە خوتێوەگلان لە باشترین کێشەی نەتەوەی کورد تەنیا بە مەهابادەوە نەدەوەستا، بگرە بە تەواوی کوردستانی ڕۆژهەلاتیشەوە نەدەوەستاو کاریگەری لەسەر دەوڵەتە هاوسێ‌و بەرژەوەندی زلهێزەکان بەتایبەتی بەریتانیا هەبوو لەو وەختەدا. دواتر هەموو کاتێك دەوڵەتی ئێران لەوە ترساوە کە بە دابینکردنی مافی نەتەوایەتی کورد، نەتەوە غەیرە فارسەکانی دیکەی ئێران لێ ڕادەپەرێ.**

کۆمەڵەی پەیوەندییە کلتوورییەکانی سۆڤێت لەگەڵ ئێران لە شاری مەهاباد، ئەم داخوازییە کە کۆمەڵەی (ژ. ک) چەند جار خستوویەتیە بەردەم کاربەدەستانی سۆڤێتی، بەڵام هەر پشتگوێ خرابوو و ئەنجامەکەی ئەوە دەبێ کە (ژ. ک) داوا دەکات ناوی کۆمەڵە کە (کۆمەڵەی پەیوەندییە کلتوورییەکانی سۆڤێت لەگەڵ کوردستان) بێ نەك لەگەڵ ئێران، کەچی سۆڤێتەکان بەوە ڕازی نابن ناوی کوردستانی لەسەر دابنێن.

من لە جێگایەکی تردا بەوردی باسی ئەم بابەتەم کردووە، لێرەدا تەنیا ئاماژەیەکی کورت دەکەم بۆ بابەتەکە. بەشی کۆمەڵەی پەیوەندییە کولتورییەکانی سۆڤێت لەگەڵ ئێران، لە زۆر شاردا لە مێژەوە کرابووەوەو چالاکی دەنواند، بەڵام لە کوردستان نا بڤە بوو. سەرەڕای ئەوەی کە خەڵکەکە داوای دەکردو بەم چەشنە هەستو خۆشەویستیو نزیکبوونەوەی کوردیان لە سۆڤێت نیشان دەداو پێیان خۆش بوو فێری زمانی ڕووسیو ئاشنای فەرهەنگو کەلتووری سۆڤێتی بن. بەڵام سۆڤێتیەکان لێرەشدا لە ئاستی کورد بێمەیل بوون، خۆی دەبوو پێش پێنج ساڵ ئەم ناوەندە کەلتوورییەیان کردبایەوە، چونکە ناوچەکە ئازاد بوو و دەسەڵاتی ئێرانی لێ نەبوو و لەژێر کۆنترۆڵو چاودێری، یا بە واتایەکی تر ناوچەی ژێر نفووزی سۆڤێتی بوو.

لەسەر داخوازییەکانی تریش وەك کردنەوەی ناوەندێکی بازرگانی سۆڤێتی کوردیو هەروەها دەزگایەکی چاپخانە، ئەوە چەند ساڵێك بوو کە کۆمەڵەی (ژ. ك) داوای دەکردن لەگەڵ کردنەوەی بەشێك بۆ زمانی کوردی لە ڕادیۆی مۆسکۆو ... هتد.

قازی محەمەد، لە وتووێژیکیدا لەگەڵ هەواڵنێری تاس لە تەورێز ڕێکەوتی حەڤدەی ژانویەی ساڵی ١٩٤٦، دان بەوەدا دەنیٚ کە (ژ. ك) لەلایەن ئێمەوە هەڵوەشێنراوەتەوەو لە جێگای ئەو حزبی دیموکراتی کوردستان دامەزراوە. خاڵێکی تر لە بەڵگەکاندا هاتووەو لە وتووێژی جێگری سیاسیو پارلەمانی سەرۆك وەزیرانی ئێران (موزەفەریی فەیرۆز) لەگەڵ "سادچیکۆف"ی باڵوێزی سۆڤێت لە تاران لە ڕێکەوتی ٣ی ژوئیەی ١٩٤٦ خراوەتە ڕوو، هاتووە سادچیکۆف لە موزەفەریی فەیرۆز دەپرسیٚ داخوازییە سەرەکییەکانی قازی محەمەد چین، فەیروز لە وەڵامدا دەڵیٚ قازی داوای ئەوە دەکات بانەو سەقز کە سەر بە پارێزگای سنەن بخرێنە سەر مەهابادو داوای دەرچوونی سوپای دەوڵەتی بەگشتی لە کوردستان دەکات[30].

ئەم داخوازییەی قازی محەمەد کە بانەو سەقز بخرێنە سەر مەهاباد، لاوازییەکی تری قازی محەمەدی دەرخستووە لای دەسەڵاتدارانی تاران؛ ئەم دوو شارە سەر بە پارێزگای سنە بوونو کەس گومانی نییە لەوەدا کە کوردستانینو وەك شارەکانی تری کوردستان نەبوون کە خرابوونە سەر

[30] بڕواپێکردنی بێئەملاوئەولا بە قسەی کەسایەتیەکی وەکوو موزەفەری فەریروز کە نوێنەری باڵاو دژی گفتوگۆ بە حکوومەتی ئێرانە، لەڕووی مێژووییەوە دروست نییە. دیارە موزەفەری فەیروز بۆ کاڵکردنەوەو بێبەهاکردنی داواکانی کورد هەر ئەوەی لیٚ دەوەشێتەوە کە لەبەرامبەر سەفیری دەوڵەتی شوورەوی بەو شێوەیە باس لە داواکاری کورد بکات. نەك هەر ئەوە، بگرە لێپرسراوانو دیپلوماتەکانی شورەوی تارادەیەکی زۆر لە ڕاپۆرتو نووسراوەکانیاندا کە ڕەوانەی لێپرسراوانی باڵای دەوڵەتەکەی خۆیان کردووە تا توانیویانە ڕاستیەکانیان شێواندووە. ئەوەی کە خودی وەرگێری بەلگەنامەکان بە ئاشکرا لەم نووسراوانەدا ئاماژەی پیٚداوە.

پارێزگایەك بە ناوی ئازەربایجانی ڕۆژاواوەو ناوەندەکەی ورمێ یا ڕەزائییە بوو. ئەمە لەبری ئەوەی داوای شارەکانی ورمێ، خۆی، ماکۆ، سەڵماس‌و ... بکات بگەڕێنەوە سەر جوگرافیاو دەسەڵاتی کوردستان‌و داوای گۆڕینی ناوی ئەم پارێزگایە بکات کە دوژمن بەشێکی کوردستانی کردووە بە ئازەربایجانی ڕۆژاوا.

لەلایەکی ترەوە، ئەم دوو شارە ئوردووگاو هێزی سوپای ئێرانی لێ بوو کە خودی قازی محەمەد پەیمان‌و بەڵێنی مانەوەی ئەم هێزانەی لەو دوو شارەو سەردەشت هەم لەگەڵ تاران‌و هەم لەگەڵ تەورێز مۆرکردبوو. جگە لەوە، ڕۆژانە پێشنیار کراوە بۆ قازی محەمەد کە با ئەو دوو شارەو سەردەشت ئازاد بکرێن‌و بەرەو سنەو کرماشان پێشڕەوی بکرێ. قازی محەمەد سۆزو وەفاداری خۆی بەرامبەر بە تاران‌و تەورێز ناشکێنێ، تەنانەت بەپێی ڕێککەوتنەکانی لەگەڵ کاربەدەستەکانی تاراندا خواردەمەنی‌و چەك‌و تەقەمەنیشیان بۆ دەنێردرێ[٣١] و بەهێزیش دەکرێن.

---

[٣١] بە پێچەوانەوە، ڕێککەوتننامەی سەربازی ٢٦ی مایسی ١٩٤٦ کە لەنێوان وەفدی کوردی بە سەرۆکایەتی عیززەت عەبدولعەزیزو وەفدی ئێرانی بە سەرکردایەتی سەرۆکی ستادی ئەرتەش سەرلەشکر ڕەزم ئارا لە شاری سەقز بەسترا، مەرجی ئەوەی تێدا بووە کە لایەنی ئێرانی پادگاکانی بانەو سەردەشت‌و سەقز بە چەك‌و تەقەمەنی بەهێز نەکات‌و فڕۆکەی ئێرانیش بەسەر ناوچەکەدا نەفرن‌و هێزەکانیان وەك هێزی پێشمەرکە ٤ کم پاشەکشە بکەن. حکوومەتی کوردستان "عەبدڕڕەحمان زەبیحی"ی وەك چاودێری جێبەجێکردنی ئەو ڕێککەتنامەیە لە بەرە دانابوو. دیارە کاتێك ئێرانیەکان بە پێچەوانەی ئەو ڕێککەوتننامەیەوە ڕەفتاریان کردو تەقەمەنی‌و چەکیان ناردە پادگاکانیان، هێزەکانی کورد بەرەنگاریان بوونەوەو چەندین سەربازی ئێرانی لەو پێکدادانەدا کوژراون. زەبیحیش بە ڕاپۆرت سەرەوەی لەو پێشلکارییەی ئێرانیەکان ئاگادار کردۆتەوە، ئەو زەبیحییەی کە نووسەر وای بۆ دەچێ گوایە قازی محەممەد

هەر ئەو هێزانەی دوژمن بوون لەو سێ شارەدا کە مەترسی ڕۆژانەیان هەبوو بۆ سەر مەهاباد.

ئازادکردنی ئەو شارانە زۆر ئاسان بوو، لێرەدا بە وردی لەسەریان ناڕۆمو لە جێگایەکی تردا باسم کردووە. واتە کورد بۆ خۆی دەیتوانی ئازادیان بکاتو بڕیار لە دەستی خودی کورددا بوو. پاشان تۆ ئەمڕۆ داوای ئەو دوو شارە دەکەی (لەبری ئەوەی گەلاڵەی جوگرافیای کوردستان بخرێتە مەیدان)و ڕژێم ئامادە نییە دوو شارت بداتێ. ئەی سبەی چۆن شارو پارێزگاکانی ترت دەداتێ، تەنانەت ڕژێمی ئێران ئامادە نابێ لە باری ئیدارییەوە بخرێتە سەر مەهاباد بە مەرجی مانەوەی هێزەکانیشیان لە ئوردووگاکانی سەقزو بانە.

گریمان بانەو سەقزیش خرانە سەر مەهاباد، مەهابادیش ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە تارانەوە هەبێ، ئەی سنەیش سەر بە مەهاباد بێ یا وەك پارێزگارێکی سەربەخۆ بێ ؟ ئایا سنە یا سنەییەکان ئامادە یا ئاگادار بوون چ بڕیارێك لەسەریان وەردەگیرێ؛ لەکاتێکدا یەك نوێنەریان نییە نە لە سەرکردایەتی حیزبیو نە دەوڵەتیو نە لە ڕیزی دەستەی نوێنەرایەتی کورددا لەگەڵ ڕژێمی تاران، هاوکات ئاگاداری ڕووداوەکانی مەهاباد نەبوونو هیچ بەشداری یا ڕۆڵێکیان لە ژیانی سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابووریو سەربازیو ئیداری کۆماری مەهابادا نەبوە.

---

بەگرتی دابێ!! (بڕوانە: کوهستان "هەفتەنامە"، شمارە ٥٧، ٦ خرداد ١٣٢٥؛ مەحموود مەلا عیززەت، سەرچاوەی پێشوو، بەشی یەکەم، نامەی ژمارە ١٧٣، مێژوو: ١٣٢٥/٣/٢٤، ل٢٤١).

بنکەی ژین
www.zheen.org

فەیرووز کە پێشنیار دەکات لە کوردستان سێ پارێزگا یا فەرمانداری دروست بکرێت واتە سنە، مەهاباد، بانە- سەقزو هەموویان سەر بە تاران بن، واتە نە ناوەندی ئوتونۆمییەو نە فیدراڵییەتە. جگە لەوە، باسی کرماشان و ئازەربایجانی ڕۆژاواو ئیلام و لوڕستان هەر لەگۆڕیدا نەبوە.

خاڵێکی تر کە لە گفتوگۆکانی فەیروزو سادچیکۆفدا هاتووە، ئەوەیە کە فەیروز، پێشنیاری ئوستانداری تەورێزو ئەندامی سەرکردایەتی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجانی ئێران واتە (دکتور جاوید) پەسەند ئەکات لە چوارچێوەی پەیماننامەی تاران و تەورێز کە لەسەری پێکهاتوون هێزی سوپای ئێران لە ناوچەکەدا (سەردەشت، سەقز، بانە) بۆ پاراستنی سنوورەکان بمێننەوەو ژمارەیان هێندەی ئەوە بێ کە لە سەردەمی ڕەزا شادا پێش شەهریوەری ١٩٤١ بوون. جاوید لەکاتێکدا داوای مانەوەی ئەو هێزانە دەکات لە ئازەربایجان، کە شوێنەواریان نەماوە، واتە لە ئازەربایجان نابێ سوپای ئێران هەبێ، بەڵام لە کوردستان دەبێ بمێنێتەوە؛ تەنانەت شارە سەر سنووریەکانی ورمێ، خۆی، ماکۆو ئەو شارانەی تر کە کەوتبوونە ژێر دەسەڵاتی ئازەریەکانەوە سوپای هیچ سوپای ئێرانی تێدا نەمابوو. ئەم نوێنەرە درۆزنەی کوردان، واتە جاوید جگە لەوەی کە لە ڕوانگەیەکی شۆڤینستانەوە بەرامبەر بە کورد هەڵوێستی وەرگرتووە، ویستوویەتی لەسەر حیسابی کوردیش بۆ بەرژەوەندی دەسەڵاتی ئازەربایجان کەڵك وەربگرێ، تا کورد نەگاتە هیچ ئامانجێك؛ ویستووشیەتی خزمەتێك بە ڕژێمی تاران بکات.

بە وتەی فەیروز، بۆ مەهاباد جیاوازییەکی تایبەتیان داناوە، دەڵێ: دەبێ قازی محەمەد ئێستا قەناعەت بە مەهاباد بکات کە ڕێککەوتننامەی دەوڵەت لەگەڵ ئازەربایجان ئەویش دەگرێتەوە. واتە قازی محەمەد بۆی نییە دەسەڵاتی بەسەر شوێنێکی ترەوە هەبێ، یا داوای ناوچە یا شاری

www.zheen.org

تر بکاتو مافی کوردیش-یا ڕاستر بڵێین- مەهابادیش هەر ئەوەندەیە کە لە چوارچێوەی پەیماننامەی دەوڵەتی ئێران لەگەڵ نوێنەرایەتی ئازەربایجان لە تەورێزدا هاتووەو مەهاباد بەشێکە لە پارێزگای چوار، واتە ئازەربایجانی ڕۆژاوا. هەروەها فەیروز دەڵێ: مەهاباد دەبێ لە باری ئابووریو پەروەردەییو تەندروستییەوە یارمەتی بدرێ. ئیتر باس لە ئوتونۆمیو خودگەردانی یا ئیداری یا مافی کەلتووریو سیاسی نە کوردو نە شارەکانی تری کوردستان نەکرێ.

فەیرووز، بە سادچیکۆف دەڵێ هێنانە کایەی کێشەی کورد بەگشتی دەبێ قۆناغ بە قۆناغ بێو کەسایەتی بۆ قازی محەمەد دروست بکرێ، تا لە ڕێگای ئەوەوە لەناو کوردەکانی تورکیاو عیراقدا پروپاگەندە بکرێو ئەوەیان بۆ ڕوون بکرێتەوە کە ڕەگەزیان ئێرانییە. ئیتر نازانین لەکاتێکدا ئێرانی ئاریایی هیچ شتێکی بۆ کوردە ئاریەکان یا ئێرانیەکان نەکردبێو ئامادەش نەبێ بیکات، چۆن دەتوانێ کوردی پارچەکانی تری کوردستان ڕاکێشێ بەلای خۆیدا، ئەویش لە ڕێگای قازی محەمەدەوە. ئەم تەپڵو زورنا کۆنو نوێیە تائێستاش لەلایەن پانئێرانیستەکانەوە لێ دەدرێ.

لەم بەڵگەیەو چەند بەڵگەیەکی تردا هاتووە کە باڵوێزی سۆڤێت وەك نوێنەری وڵاتەکەی گوزارش لە سیاسەتی وڵاتەکەی دەکاو لەگەڵ ئەوەدایە پاراستنی سنوورەکان لە ئەستۆی سوپای ئێراندا بێ، واتە مانەوەی سوپای ئێران لە سەقزو بانەو سەردەشت هەر ئەو بۆچوونەیە کە ڕێگای بە قازی محەمەد نەدەدا سنووری دەسەلاتی فراوان بکاتو شارەکانی تر ڕزگار بکات.

لە زۆر بەڵگەو دیکۆمێنتو گوزارشدا هاتووە کە سەرکردەکانی کوردستانو ئازەربایجان باسی نیازپاکی "قەوامول سەڵتەنە"یان کردووە،

www.zheen.org

گوایە ناوبراو بۆ چارەسەری کێشەکان ئامادەیە بە ڕێگایەکی ئاشتییانە بجووڵێتەوەو تەنیا فەرماندەکانی سوپای ئێران بە هەڵگیرساندنی شەڕو بە ئەنجام نەگەیشتنی وتوێژەکان تاوانبار دەکەن. ئەم هەڵوێستەش لە ڕێنوێنیو پەیامەکانی سەرانی سۆڤێتدا بۆ پێشەوەریو قازی محەمەد سەرچاوە دەگرێ کە دەبێ پشتی قوام بگرنو بەرامبەر بە کۆنەپەرستان بەهێز بکرێ، چونکە قەوام پێشکەوتووخوازەو گوایە دژی شاو سەرانی سوپای ئێرانەو حیزبی توودەیش لەسەر ڕاسپاردەی سۆڤێتەکان لەم بارەوە تەپڵو زورناشیان بۆ قەوام لێ دەدا. بەگشتی، هەڵوێستی چەوتی ئەم هێزە سیاسیانە بوو بەهۆی ئەوەی کە قەوام دیسانەوە بە سەرۆك وەزیرانی ئێران هەڵبژێردرێتەوە.

قەوام کە خۆی داوای پشتگیریی لە سۆڤێت کردبوو، لەبەرامبەردا بەڵێنی بەستنی پەیمانی دەرهێنانی نەوتی باکووری ئێرانی بە سۆڤێت دابوو، ئەگەرنا ڕابوردووی قەوام بەرامبەر بە هێزە دیموکراتو ئازادیخوازەکانی ئێرانو تەنانەت هەڵوێستی دژی سۆڤێت، لای هەموان ئاشکرا بوو. یەکێکی وەك پێشەوەری لە وەڵامی نامەکەی ستالینو نامەی سەرکردە ئازەربایجانیەکاندا بۆ ڕێبەرایەتی سۆڤێت، دەڵێ ئێمە بە پێچەوانەی خواستو هەڵوێستی خۆمانو لایەنگرەکانمان لەسەر ڕاسپاردەی ئێوە قەوامی کۆنەپەرستمان بە پێشکەوتووخواز داناو... .

* * *

بنکەی ژین
www.zheen.org

## دەربارەی ڕاپۆرتی ئارام مورادیان کونسوڵی سۆڤێت لە ماکۆ

## ١٢ی ئۆکتۆبەری ١٩٤٦

ئەم کابرایە سۆڤێتیی و ڕەگەزپەرستە، تا پێی کرابێ دریغی نەکردووە لە بەدناوکردنی کورد. دانانی کەسێکی وا، بە کونسوڵ و بەڕێوەبەری سیاسەتی سۆڤێت لە ناوچەکەدا، بە ڕێکەوت نەبوەو بێگومان لەسەر ڕاسپاردەی باقرۆف و هاوڕێکانی ئەم کابرایە لە شوێنێکی وا دانراوە. کونسوڵ دەیەوی نیشان بدات کوردەکان جگە لە ئاژاوەنانەوەو دزیو وێرانکاریو زوڵم‌وزۆر لە ئازەربایجانیەکان و هتد ... . هیچ کارێکی تریان پێ ناکرێ و شیاوی هیچ شتێك نین. با وا دابنێین کە ئەو کوردانەی ناوبراو لە ڕاپۆرتەکەیدا باسیان دەکات، بە ڕاستی ئەو کارانەیان کردووە. بەڵام ئایا بۆ خەڵکی ئاسایی ناوچەکەو گەلی کورد بەگشتی نابێ ڕێگاچارەیەك بدۆزرێتەوە ؟ خۆ کونسوڵی سۆڤێت و کاربەدەستانی تری سۆڤێتی ئاگاداری بەستنی پەیمانی نێوان کوردستان و ئازەربایجان بوون و ڕۆژی یەکەم ئازەریەکان دەستیان بەسەر تەواوی ئازەربایجانی ڕۆژاوادا گرت و تەواوی کاربەدەستانی ئەوێیان لە ئازەریەکان دانا، هەنگاویان بۆ شێواندنی بارودۆخەکە هەڵنەگرت. واتە کارێکیان نەکرد کە کوردیش لە بەڕێوەبردنی ناوچەکەدا بەشدار بن و کوردیان پەراوێز کرد. دیارە کوردیش لەوبارەوە بێ‌هەڵوێست نابێ، کوردی ماکۆ، خۆی، سەڵماس، ورمێ، نەك هەر داوای بەشداریکردنیان دەکرد لە دەسەڵاتی ناوچەکەدا، بەڵکوو داوای ئەوەیان دەکرد ئەم شارانە بخرێنە سەر کوردستان و ئازەریش وەك دانیشتوانی ئەو شارانە بەپێی پەیمانی دووقۆڵی نێوان تەورێزو مەهاباد لە دەسەلاتدا بەشدار بن و وەك کورد لە چوارچێوەی کوردستاندا پەرە بدەن بە کەلتوورو زمان و ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ... هتد.

لێرەدا پرسیارێك ئاڕاستەی كونسولو فەرمانبەرانی تری سۆڤێتیو هەروەها سەركردایەتی ئازەربایجان دەكرێ، بۆ ڕۆژی یەكەم بەبێ پرسكردن بە مەهابادو بێ لەبەرچاوگرتنی هەڵوێستی كوردەكان یەك لایەنە بڕیاری ئەوەیان دا ناوچەكان سەر بە ئازەربایجان بێو كورد هیچ دەورێكی نەبێ لە بەڕێوەبردنی ئەو ناوچانەدا ؟ سەرەڕای ئەوەی كە دانیشتوانی ئەو ناوچانە چەند جار داوایان كردووە هەم لە كاربەدەستانی سۆڤێتیو هەم تەورێزو مەهاباد كە چارەسەری ئەم كێشەیە بكەنو هەموو لایەنێكیش پێشبینی ئاڵۆزبوونی بارودۆخەكەیان كردبوو.

وا دیارە موورادیان بۆ پاكانەكردن لە سیاسەتی چەوتو تاوانبارانەیان بەم شێوەیە، كوردەكان بەدناو دەكاتو ئەم تۆمەتانە دەداتە پاڵیان. ئەم ڕاپۆرتە دوو مانگ پێش ڕووخانی كۆماری مەهابادو ئازەربایجان نووسراوە، واتە نزیكەی ساڵێك دەسەڵاتدارانی ئازەربایجان بەوچاوەوە سەیری كوردیان كردووەو بەوپێیە ڕەفتاریان كردووە لەگەڵ كوردەكانی ناوچەكەدا. ئایا ئەمە لاوازیو بێدەسەڵاتی كوردەكان ناگەیەنێ ؟ ئەی بۆ لەسەرەتاوە سەركردەكانی كورد هەڵوێستیان وەرنەگرتووەو پێشگیری ئەم كارەساتانەیان نەگرتووە، تا ئاخیریش هەر نەیانتوانیوە ئەم كێشەیە چارەسەر بكەن. هەر لەبەر ئەوەش بوو كوردەكانی ئەو شوێنانە بەرامبەر بە سەركردایەتی كۆماری مەهاباد دڵسارد بوونو لێی دوور دەكەوتنەوەو ئەو هێزانەی ناردبوویان بۆ هێڵی پاراستنی سەقزو سەردەشتو شوێنەكانی تر پاك دەكرێنەوەو ئومێدێكیان بە مەهاباد نامێنێو زۆر جار دەیانگوت ئەگەر بڕیار بێ ئێمە سەر بە ئازەربایجان بین باشترە سەر بە تاران بین یا دەیانگوت ئێمە لە نێوان تارانو تەورێزدا تاران هەڵدەبژێرین.

بۆ سەرکردایەتی کورد لەمەهاباد، هەر لە سەرەتاوە بە ڕێگای وتووێژ لەگەڵ کاربەدەستانی تەورێزو سۆڤێتیەکان ئەم کێشەیەی چارەسەر نەکرد ؟ یا بۆ لەم بارەوە بەیاننامەیەکی ڕەخنەو نیگەرانی خۆی دەرنەکرد، وەك بەڵگەیەکی مێژوویی لەم بارەیەوە دەمایەوە. پرسیارێکی تر دێتە پێش بۆ لەکاتی سەردانەکانی قازی محەمەد بۆ تەورێز ئەم کێشەیەی چارەسەر نەکردووە[٣٢] ؟ بۆ بەشێك لەو ماوەیەی قازی محەمەد لە تاران خەریکی وتووێژی بێئەنجام بوو، خۆی یا دەستەیەکی نوێنەرایەتی تەرخان نەکرد بۆ کۆتاییهێنان بە کێشەی کوردەکانی ماکۆ، خۆی، ورمێو .... هتد ؟ بۆ هەمیشە باس لە برایەتیو هاوپەیمانیەتی کوردو ئازەری کراوە کە بەکردەوە لایەنی ئازەری بەپێچەوانەوە ڕەفتاریان کردووە ؟

بەڵام هەرچۆنێك بێ لەم ڕاپۆرتەو ڕاپۆرتەکانی تردا، ئاڵۆزی پەیوەندییەکانی ئازەربایجانو کوردستان ئاشکرایە، تەنانەت قازی محەمەد نیگەرانی خۆی لە پیشەوەری لای کونسوڵی سۆڤێت لە ماکۆ دەربڕیبوو، گوایا پیشەوەری خۆی لە کوردەکان ناگەیەنێو چاودێریو ئاگادارییان ناکات کونسوڵ لە لاپەڕەی کۆتایی ڕاپۆرتەکەیدا دان بەوەدا

---

[٣٢] نووسەر هەر لەو پەرەگرافەی خوارەوەیدا وەڵامی خۆی دەداتەوە، ئایا نیگەرانیو گلەییەکانی قازی محەمەد لە خەمساردی پیشرەوی سەبارەت بە کوردەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستانو بایەخپێنەدانیان لەلای کۆنسوڵ سوڤیت لە ماکۆ بە بەڵگە مێژوویی حساب ناکرێ. دواتر چۆن دەبێ چاوەڕێی ئەوە بکرێ کە کێشەی ناکۆکی لەمێژینەی کوردو عەجەم لەو ناوچانەدا بە سەردانێکی قازی بۆ تەورێز چارەسەر بکرێ. لەکاتێکدا ئەو کێشەیە چەندین ڕەهەندی ئاڵۆزیی نەتەوەییو مەزهەبیو سیاسیو جوگرافیو خێڵەکی جیاوازیی هەبوو کە ئێستاش لەگەڵدا بێ بە چارەسەرنەکراوی ماوەتەوە !

دەنێ کە دەسەڵاتدارانی ئازەری زۆر جار گوێیان نەداوەتە کوردەکان. بۆیە لای کوردەکان ناڕەزایی دروست بووە، هەروەها دەڵێ لە ناوچەی خۆیو ماکۆ هیچ کەس لە کوردەکان لە ئەنجومەنە خۆجێییو ناوچەییەکان هەڵنەبژێردراونو یەك کورد لە کاروباری دەوڵەتیدا بەشدار نەکراوە.

با بزانین کونسوڵ چ پێشنیارێك بۆ بارودۆخەکە دەکات:

١- ڕاکێشانی هەندێ کوردی بەناوبانگو دیموکرات بۆ ئیشکردن لە دامودەزگاکانی دەسەڵاتی ناوچەکە. ئەمە ئەوە دەگەیەنێ وەك کونسوڵ خۆی ئاماژەی پێدەکات، تەنانەت یەك کوردیش لە دامودەزگاکانی ناوچەکە دانەمەزراوە. بەڵام ئایا نەدەکرا لە سەرەتادا یا زووتر ئەم کارە بکرێ ؟ ئایا ئەمە بێبناغەیی پەیمانی نێوان ئازەربایجانو کوردستان ناگەیەنێ ؟

ئەگەر دەسەڵاتدارانی ئازەری ئەم کارەیان کردووە، بۆ سۆڤێتەکان یا بە واتایەکی تر کونسوڵ هێشتوویەتی ئەم تاوانە بکرێ ؟ خۆ کاربەدەستانی ئازەربایجان بەبێپرسو ئامۆژگاری سۆڤێتەکان هەنگاوێکیان نەدەنا. با وا دابنێین ئازەرییەکان لەم بارەوە پرسیان بە سۆڤێتەکان نەکردووە، بەڵام خۆ کونسوڵ لە ژیانی ڕۆژانەی ناوچەکە ئاگادار بووەو کوردەکان چەند جار لەم بارەوە ئاگاداریان کردبووەوە.

٢- دانیشتووانی کوردی ناوچەکە لە باری بەڕێوەبردنەوە (دەسەڵاتداریو ئیداری) بەتەواوی بخرێتە بەردەستی دەسەڵاتدارانی ناوچەکە، واتە ئازەرییەکانو کاتێك ناوچەکە لەلایەن ئازەرییەکانەوە خراوەتە سەر ئازەربایجانو بووە بە بەشێك لە ئازەربایجانو کورد هیچ دەورێکی لەوێدا نییە، ئاشکرایە کوردەکان هەر لەژێر دەسەڵاتداریەتی ئازەربایجاندا بن.

www.zheen.org

٣- پێکهێنانی دەستەی پاسەوان لە کوردەکانی ناوچەکە لەژێر سەرکردایەتی کوردە بڕواپێکراوەکاندا، بەڵام لە باری ئیدارییەوە سەر بە ئیدارەی پاسەوانی ئازەربایجان بنو لەوێوە مووچەیان بۆ دابین بکرێ. ئەوان ئەرکی سەر شانیان دابینکردنی هێمنیو ئارامی و ڕێگا گرتن بێ لە تاڵانکردن.

ئاشکرایە ئەم خاڵە تەنیا بۆ کەڵك وەرگرتنە لە کورد بۆ خزمەتی پاسەوانیو بەرەنگاربوونەوەی ئەم پاسەوانە کوردانە دژی (بەقسەی ئەوان) تاڵانکەرە کوردەکان.

٤- دوورخستنەوەی هەندێ سەرکردەی کورد کە دەستیان هەبوە لە تاڵانکردنو دزیداو زیانیان گەیاندووە بە جووتیارەکان. دەبێ بگوترێ سەرکردەی کورد واتە سەرۆك خێڵو هۆزەکان، پێویستییان بە تاڵانکردنو دزی نەبوە. دووهەم دوورخستنەوەی ئەو سەرکردانە (ئەوانەی ئامادە نەبوون گوێڕایەڵی ئازەریو سۆڤێت بنو خاوەن هەڵوێستو دژی دەسەڵاتداریەتی ناکورد بوون بەسەریانەوە) بۆ دەرەوەی ناوچەکە، تا ئاژاوەو گیروگرفت دروست نەکەن بۆ دەسەڵاتدارانی ئازەریو کونسوڵی سۆڤێتو لە کۆڵی خۆیانی بکەنەوە، لەلایەکی ترەوە کوردە ناڕازییەکانی تری پێ بترسێن.

٥-کردنەوەی چەند قوتابخانەی سەرەتایی بە زمانی کوردی، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە تا ئەو کاتە (١٢ی ئۆکتوبری ١٩٤٦) هیچ هەنگاوێك لەو بارەوە نەنراوە. وەك لەپێشەوە ئاماژەی پێکرا ئەم ڕاپۆرتە، پێش ڕووخانی کۆماری کوردستانو ئازەربایجان بە دوو مانگ نێردراوە.

شتێکی ئاساییە کاتێك کورد هیچ دەورێکی نەبێ لە ناوچەکەدا، چۆن دەتوانێ قوتابخانە بکاتەوە ئینجا با هەر کۆڵکە نووسەر لێرەولەوێ بگوترێ کۆماری مەهاباد، خۆی، ماکۆ، سەڵماس، ورمێی گرتبووەبەر.

www.zheen.org

کورد بەتەنیا هیچ پەیمانێکی لەسەر خواستە سەرەکیەکانی گەلی کوردی لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی تاران مۆر نەکردووە، ئەوە نەبێ کە لە تاران‌و سەقز کورد ناچار کراوە گەمارۆو ئابڵووقەی خۆی لەسەر هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕژێمی پاشایەتی لە ئوردووگاکانی سەقزو بانەو سەردەشت هەڵبگرێ‌و ڕێگە بدات تفاق‌و خواردەمەنییان بۆ بچێ‌و هەندێ پارە بۆ بەڕێوەبردن یا ڕاگرتنی پاسەوانەکانی مەهابادو پەروەردەی مەهاباد لەلایەن ڕژێمەوە دیاری بکرێ؟ ئەوەی کە دراوە بە کورد لە چوارچێوەی پەیمان‌و وتوێژەکانی دەستەی نوێنەرایەتی ئازەربایجان‌و دەوڵەتی ئێراندا دراوەو هەسێ لایەنەکە واتە ئێران‌و ئازەربایجان‌و سۆڤێت لەسەر ئەوە پێك هاتوون کە کورد بە وتەی خۆیان لە چوارچێوەی ئەو پەیمانەی نێوان دەوڵەتانی ئازەربایجان‌و ئێران مۆر کرابوو، مافی خۆی وەربگرێ. دیارە سەرکردایەتی کوردیشیان قەناعەت پێ کردووە، یا ناچاریان کردووە ئەو پەیمانە پەسەند بکا. هەر بۆیە جاروبار یەك یا دوو نەفەر کوردیان، بۆ بەشداریکردن لە وتووێژەکاندا لەگەڵ دەستەی نوێنەرایەتی ئازەربایجان تێکەڵ کردووە. هەرچەندە پەیمان‌و وتوێژەکان لە بەڵگەو نووسراوەکانیاندا هەر بەناوی پێکهاتن‌و وتوێژ، یا پەیمانی دەوڵەتی ئازەربایجان‌و ئێران ناوبراوە (لە بەرهەمێکی تایبەتدا ئەم کێشەیەم بە وردی باس کردووە). جگە لەوە، لەو پەیمانەدا ئاماژە بەوە کراوە کە هێزی کورد لە کوردستان هیچ جموجووڵێك نەکەن‌و هەر وەهایش بوو، تا تەسلیم بوونی سەرکردایەتی کۆمار یەك گوندیش ئازاد نەکرا.

سەرکردایەتی کورد نەیتوانی تەنانەت لەسەر خاڵێك، بۆ وێنە لەسەر خوێندن‌و ئازادبوونی زمانی کوردی، واتە مافی کەلتووری، یاخود مافی بەڕێوەبردن لەگەڵ دەوڵەتی ئێراندا پێك بێ. وەك پێشتر وترا قازی

محەمەد چەندجار پارەی بۆ ڕاگرتنی پاسەوانو کاروباری پەروەردە (ئەویش بە زمانی فارسی)و ئەویش تەنیا بۆ شاری مەهاباد وەرگرتووە.

ئەوەی بە شێوەیەکی ڕەسمی لە چوارچێوەی پەیمان یا ڕێککەوتنێك دراوە بە کورد لەو پەیمانەی نێوان دەوڵەتی ئێرانو ئازەربایجاندا، تەنیا ئەوەیە مەهاباد بە دەستی کوردەوە بێو هەرسێ لایەنی ئێرانو ئازەربایجانو سۆڤێت سوور بوون لەسەر ئەوەی کورد لە چوارچێوەی ئازەربایجاندا شتێکی بدرێتێ. پەیمانەکەی نێوان تارانو تەورێز هەر بەوناوەوە دەرچووەو بەجیا ناوی کورد نەهاتووە وەك لایەنی سێهەم یا وەك ڕێککەوتنی هاوبەشی تاران لەگەڵ ئازەربایجانو کوردستاندا. سەرکردایەتی کوردیش بە ناردنی چەند نەفەرێك لەگەڵ دەستەی نوێنەرایەتی ئازەربایجان بۆ تارانو تەورێز شەرعییەتی بەم کارە ناڕەوایە بەخشیو لەڕاستیشدا خۆی خستە داوی ئەم پیلانەوە. ئازەریەکان، بەم پەیمانە دەسکەوتێکی مێژوویان بەدەست هێناو خواستەکانی خۆیان بەسەر ئێراندا سەپاندو کردیانە فاکتێکی مێژوویی. بەڵام کورد نەیتوانی، تەنانەت دەوڵەتی ئێران ناچار بکات بە بەیاننامەیەك یا پەیمانێکی سەر کاغەزیش بێ، دان بە هەندێ داخوازی یا ماف یا سنووری کوردستاندا بنێ. سەرەڕای ئەوەی سەرکردایەتی کورد چەند قاتی ئازەریەکان لە تاران خەریکی وتووێژ بووە. کورد بە زەبری چەكو ڕاپەڕین دەسەڵاتی نەگرتبووە دەستو شارەکانی کوردستانی لە دەسەڵاتی ئێران پاك نەکردەوەو هەمیشە هەوڵی دابوو لە ڕێگای وتووێژەوە لەگەڵ ڕژێمی ئێران پێك بێ، بگرە نەیتوانی نە لە بانەو نە لە سەردەشت و نە لە سەقز قوتابخانە بکاتەوەو قەناعەت بە دەوڵەتی ئێران بکات سوپاکەی لەو شارانەدا بێ، بەڵام دەسەڵاتی ئیداریی بە دەستی کوردەکان خۆیانەوە بێ.

www.zheen.org

١- قازی محەمەد پاش شەهریوەری ١٣٢٠، واتە دوای دەرکردنی ڕەزا شاو داگیرکردنی ئێران لەلایەن هێزی هاوپەیمانانەوەو هەروەها لە ڕووداوەکانی ورمێو چالاکی کۆمەڵەی (ژ. ك)و ڕاپەڕینەکەی حەمەڕەشید خانی بانەدا هیچ دەورو چالاکییەکی نەبوە.

٢- ئەویش وەك سەرۆك هۆزەکانی تری مەهاباد دەستیکرد بە ڕێکخستنی هەندێ چەکدار بەناوی پاسەوانەوە (لە کەس‌وکارو متمانەپێکراوەکانی خۆی) بۆ پاراستنی هێمنایەتی لە شاری مەهابادو وەرگرتنی مووچە بۆ ئەم پاسەوانانە لەلایەن ئێرانەوە.

٣- قازی محەمەد وەك کەسایەتییەکی ئایینی، یا کۆمەڵایەتی، یا سیاسی لە هیچ کۆڕو کۆبوونەوە یا بڵاوکراوەو نووسراوەیەکدا، لە ماوەی ساڵانی ١٩٤١-١٩٤٥دا، هیچ پرۆژەو داخوازییەکی بۆ کێشەی کورد نەبوە.

٤- لە سەردانەکانیدا بۆ باکۆو تاران، نە بە ئاگاداری کۆمەڵەی (ژ. ك)و نە بە نوێنەرایەتی ئەم کۆمەڵە کە تاقە هێزی سیاسی بووە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، هیچ پرۆژە یا داخوازێکی بۆ کێشەی کوردو چارەسەرکردنی ئاڕاستەی دەوڵەتی ئێران نەکردووە.

٥- کورد لە سەردەمی کۆماری مەهابادا، بە تەنیا هیچ پەیمانێکی لەسەر خواست‌و داخوازیەکانی گەلی کورد لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی تاران مۆر نەکردووە. ئەوە نەبێ کە کورد چەند جارێك لەسەر هەڵگرتنی ئابلۆقەو گەمارۆدانی ئوردووگاو سەربازگاکانی دوژمن لە سەقزو بانەو سەردەشت فریوی کاربەدەستانی ئێرانیان خواردووە، بۆ ئەوەی کورد بەو پەیمان‌و وتووێژانە ببەستنەوەو سەرگەرمی بکەن‌و نەتوانێ ئەو شارانە ئازاد بکاو ناوچەی ژێردەسەڵاتی خۆی فراوان بکاو بەرەو شارەکانی تری کوردستان پێشڕەوی بکات.

قازی محەمەدو سەدری قازی‌و حەمەحوسێنی سەیفی قازی، لە تاران بەڵێنیان دابوو بە کاربەدەستانی ئێران‌و هەر لە تارانیشەوە دەستوورو فەرمانیان دابوو بەو هێزانەی پێشمەرگە لە دەوروبەری ئەو شارانە بڵاوە بکەن، تەنانەت تفاق‌و تەقەمەنیش بچێ بۆ هێزەکانی ئێران[٣٣]. زۆر جار قازییەکان بە ئامادە بوون‌و مانەوەیان لە تاران وەك بارمتە بوون لای دەوڵەتی ئێران.

* * *

## جیاوازی نێوان ئازەربایجان‌و کوردستان

ئازەریەکان لە ماوەیەکی کەمدا دەسەڵاتیان بەسەر ئازەربایجاندا گرت، وەك ئەوەی لە وڵاتێکدا ڕژێمێك بگۆڕدرێ. ئازەربایجان سەرەڕای ئەوەی وڵاتێکی پان‌و بەرینە، ژمارەی دانیشتوانیشی زۆرترو لە باری ئابووریشەوە هەمیشەو تائێستا لە کوردستان ئاوەدانترو پێشکەوتووترە. ئازەربایجانیەکان دەستێکی باڵایان هەبوە لە دەسەڵات‌و ئابووری‌و لەشکریی ئێراندا. جگە لەوەی کە ژنی محەمەد ڕەزا شا ئازەری بوو و بایەخێکی یەکجار زۆریان بە ئازەریەکان داوە. لەلایەکی ترەوە ئازەریەکان لەچاو کورددا کەمتر سەرپێچی دەوڵەتی ئێرانیان کردووەو وڵاتەکەیان وەك کوردستان تووشی وێرانی‌و پاشکەوتوویی نەبوەو بە پێچەوانەی کوردەوە خۆیان بە دەسەڵاتی دەوڵەتی ئێرانەوە نووساندووەو خاوەن دەسەڵاتیش بوون لە ئێران. ئەنجامی ئەو سیاسەتە یا خۆش خزمەتییەی ئازەریەکان بە دەوڵەتی ناوەندی ئێران، ئەوە بوو کە نەك تەنیا بایەخێکی زۆر بە ئازەربایجان بدەن، بەڵکوو بەشێکی زۆری کوردستانیش (بە ناوی

---

[٣٣] بڕوانە: پەراوێزی ٣١.

ئازەربایجانی ڕۆژاواوە) بخەنە چوارچێوەی ئازەربایجانەوە. جگە لەوە دەوڵەتی ئێران نەك تەنیا لە ناوەندا، بەڵکوو لە هەرێمو ناوچەکانیشدا، دەسەڵاتی داوە بە ئازەریەکان کە بەسەر کورددا زاڵو حوکمدارو کاربەدەستانو فەرمانبەرانی ئێرانی لە زۆر ناوچەی کوردنشیندا، ئازەری (عەجەم) بن. ئەم سیاسەتە نامرۆڤانەیە لە هەموو ئاستێکدا هەستی پێ دەکرا. ئێمە لێرە بە درێژی لەسەری ناڕۆینو باسی چەوسانەوەو ڕووتکردنەوەو زوڵموزۆری خاوەن دەسەڵاتێك بوو لە ئازاردانی خەڵکەوە بگرە تا بەرتیل خواردن لەخوارەوە تا دەگاتە پارێزگار. ئێمە لێرەدا باسی پێشینەی مێژوویی ناکەین کە چۆن ڕژێمی ئێران هەر لە سەردەمی سەفەویەکانەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کورد لە ڕاپەڕینەکاندا کەڵکیان لە عەجەم وەرگرتووە بۆ لێدانو سەرکوتکردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، نەك تەنیا لە ڕێگەی لەشکرکێشییەوە، بەڵکوو لە دابڕینی بەشێك لە کوردستانو لکاندنی بە ئازەربایجانەوەو جێگیرکردنی عەجەم لە زۆر ناوچەی هەرێمی کوردستاندا (پاش ئەوەی کوردەکانیان لە شوێنەکانی خۆیان گواستەوە، وەك هۆزو خێڵەکانی جەلالیو برادۆستو ... بە بیانووی ڕاپەڕینەکانیانەوەو ڕەوانەکردنی لەشکرێك لە کاربەدەستو مووچەخۆری عەجەم وەك مامۆستاو فەرمانبەرانی تەواوی دامودەزگاکان بۆ کوردستانو مانەوەیان لەوێو بە بەخشینی زەویوزارو ئیمتیازێکی زۆر، دیموگرافیای بەشێك لە کوردستانیان گۆڕیو ئەم بەشەی کوردستانیان خستە سەر (ئازەربایجانی ڕۆژئاوا) لە باری ئابوریو ئیداری و جوگرافییەوە.

مەبەست لەم ئاماژەپێکردنانە ئەوە بوو کە چەند نەوەیەکی ئازەری وا پەروەردەو گۆش کران کە ئەم بەشەی کوردستان ئازەربایجانەو

www.zheen.org

تائێستاش بە ئازەربایجانی ڕۆژئاوا ناسراوە. هێزە سیاسیەکانی ئازەربایجانیش (واتە فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجانی ئێران)، لەکاتی دەسەڵاتداریەتییان پاش شەڕی جیهانی دووهەم، واتە لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا هەر لەوڕوانگەوە لەگەڵ کورد مامەڵەیان دەکردو دەیانویست ئەم بەشەی کوردستان هەر لە چوارچێوەی ئازەربایجاندا بێ، بگرە کۆماری کوردستانیش چەشنە ئۆتۆنۆمیەك بێ لە چوارچێوەی ئازەربایجاندا. بەڵام ئەوەی جێی داخە، ئەوەیە سەرکردایەتی ئەو سەردەمەی کورد نەیتوانی بەرپەرچی دەسەڵاتدارانی تاران‌و تەورێز بداتەوەو سنووری کوردستان‌و ئازەربایجان دیاری بکات. ئازەریەکان ئەمڕۆیش ڕووداوەکانی سەردەمی دەسەڵاتداریەتی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجانیان کردووەتە فاکتێکی ترو پێ لەسەر ئەوەدا دەگرن کە جگە لەوەی بەپێی دابەشکردنی ئیداریی دەوڵەتی ئێران، ئەو بەشەی کوردستان ئازەربایجانی ئێرانە، ئەوان پاش شەڕی جیهانی دووهەمیش دەسەڵاتیان لەوێ هەبوە.

ئێمە لە جیاوازیەکانی ئازەربایجان‌و کوردستان دەڕوانین، لە ڕاستیدا ئەگەر ئێمە بەوردی ئەم بابەتە شی بکەینەوە، بەراورد ناکرێن. تەواوی ئازەربایجان ژمارەی دانیشتوانی سێ ملیۆن‌و نیو و لەژێر دەسەڵاتی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجاندا بوو، لەکاتێکدا ناوچەی ژێر دەسەڵاتی کۆماری کوردستان مەهابادو بۆکان‌و نەغەدەو شنۆ بوو کە کۆی دانیشتوانی لە سەدو پەنجا هەزار کەس تێنەدەپەڕی. ئەمە لەچاو دانیشتوانی ئەو سەردەمەی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا نزیکەی سێ ملیۆن کەس دەبوو، ئەوا زۆر زۆر کەم بوو. ئیتر باسی ڕووبەری ئەو شارانە لەگەڵ ڕووبەری گشتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناکرێ لەسەدا چەندی



www.zheen.org

گرتووەتەوە. مەهاباد لەو سەردەمەدا دانیشتوانی پانزە هەزار کەس بووە لە ڕیزی شارە هەرە بچووکەکانی کوردستان بووەو بۆکان‌و نەغەدەو شنۆ ئەو سەردەمە هێشتا شار نەبوون. مەبەستم ئەوەیە بچووکی ناوچەی ژێر دەسەڵاتی کۆمار لە هەموو بارێکەوە ڕەنگی داوەتەوە لەباری سیاسی، کۆمەلایەتی، لەشکرییەوە لاواز کرابوو.

١- لە باری ئابوورییەوە کۆمار زۆر لاواز بوو، وەك ئازەربایجان نەبوو شار یا ناوەندێکی ئابووری بێ، بەرهەمی کشتوکاڵ‌و کارخانەو فابریکەی هەبێ یا ناوەندێك‌و شارێکی ئازاد کردبێ کە بانکێکی لێ بووبێ، یا دەستی یارمەتی بۆ خەڵك ڕاکێشێ. ئابوونەی حیزبایەتی، گومرگ و باج‌و تفاق‌و خواردەمەنی بۆ خۆی کۆبکاتەوە، تەنانەت کارخانەی قەندی میاندواو کەرەسەکەی هەموو لەکوردستانەوە دابین دەکرا، نەیتوانی بیخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوەو کەوتە دەستی ئازەریەکان. ئیتر یارمەتیدانی هەمەلایەنەی یەکیەتی سۆڤێت بۆ ئازەربایجان باس ناکرێ.

٢- لە باری سیاسیشەوە هەر لەگەڵ ئازەرییەکان بەراورد ناکرێ‌و زۆر لاواز بوو و سەرکردایەتی کۆمار بەدەم ڕووداوەکانەوە نەدەچوو و جموجووڵ‌و چالاکی سیاسیی‌و دیبلوماسی نەبوو. بەهۆی بچووکی قەوارەی کۆمار، پێگەی کورد لاواز بوو، پێچەوانەی ئازەرییەکان کە بە دەستێکی پڕو بە قورساییەکی زۆرەوە لەگەڵ ڕژێمی تاران دەجولانەوە، چونکە ڕووبەری ناوچەی ژێر دەسەڵاتیان زۆر بوو، هەر بۆیە ڕژێمی تاران لە وتوێژەکاندا زۆرتر بایەخ‌و گرنگیان بە کێشەی ئازەربایجان دەداو ئامادە بوون وتووێژی زیاتریان لەگەڵدا بکەن و پەیمانیان لەگەلدا ببەستن بە واتایەکی تر لە ڕوانگەی هێزەوە قسەیان لەگەڵ دەکردن وتەنانەت سەرکردایەتی کوردیش حیسابێکی زۆری بۆ دەکردن‌و لە ئاستی هەندێ

www.zheen.org

ڕەفتاری کەڵەگاییاندا بێ دەنگ یا تەنازولیان بۆ دەکردن (لە گرتنی ورمێو خۆیو ماکۆ).

لە ئاستی نیونەتەوەییو دیپلۆماسیشدا، ئازەریەکان پەیوەندیان بە باڵوێزو کونسوڵخانەکانەوە دەکرد بۆ ڕوونکردنەوەی کێشەکانیانو بەدەستهێنانی پشتیوانی نامەیان بۆ دەوڵەتە زلهێزەکان دەنووسی، پەیوەندییان هەبوە لەگەڵ هێزی سیاسی ئێرانو لاتانی تر.

١- لە باری کۆمەلایەتیو ئاوەدانکردنەوەو خزمەتگوزارییەوە کۆماری کوردستان بەهۆی لاوازی ئابووریو نەبوونی داهاتێکی ئەوتۆ، هەروەها لەبەر نەبوونی یارمەتی دەرەکیو لە لایەکی ترەوە کۆماری مەهاباد لەبەر گەمارۆی ڕژێمی ئێرانو بڕینی بودجەی کۆمار، بە پێچەوانەی ئازەربایجانییەکان، کۆماری مەهاباد نەیدەتوانی خزمەتی گەلەکەی بکات، بەتایبەت لە باری تەندروستیو خزمەتگوزارییەکانی ترەوە، لە کاتێکدا ئازەربایجان بە پشتیوانی سۆڤێت، زانکۆو نەخۆشخانەو زۆر شتی تریان جێبەجێ کرد، هەروەها سۆڤێت سەدان کادرو پسپۆرو ڕاوێژکاریان لە بواری جۆراوجۆردا پێشکەش بە ئازەربایجان کرد.

لە باری لەشکرییەوە کۆمار بە پێچەوانەی ئازەربایجان دەستی بەسەر هیچ سەربازخانە یا ناوەندێکی سوپایی ئێراندا نەگرت. لە کاتێکدا ئازەربایجان چەند سەربازخانە یا ناوەندی لەشکری گەورەیان گرتو خستیانە ژێر دەستی خۆیانەوە وەك پادگانەکانی تەورێزو ورمێو بە دەیان پێگەو ناوەندی تر لە ناوچەکانی ئازەربایجانداو بەم هۆیەوە بڕبڕەی دەسەلاتی حکوومەتی تارانیان تێك شکاندو چەك تەقەمەنییەکی زۆریان کەوتەدەستو ئەو مەترسییە لەشکریو پۆلیسییەی دەوڵەتی ئێرانیان لەسەرخۆ نەهێشت، لەکاتێکدا سەرکردایەتی کورد نەك هەر نەیهێشت

www.zheen.org

ئوردوگاکانی سەقزو سەردەشت و بانە چەك بکرێن بەڵکو بە هێزیش کران و تەنانەت ژمارەی هێزی ڕژێمی تاران لەو شارانە لە هی پێش شەهریوەری ١٣٢٠، واتە پێش داگیرکردنی ئێران لە لایەن سوپای سۆڤێت و ئینگلیزو ئەمریکاوە زۆرترکران. ئازەرییەکان جگە لەو چەك و جبەخانە زۆرەی دەستیان کەوتبوو لە لایەن سۆڤێتیشەوە یارمەتی دەدران.

خاڵێکی تر کە زۆر گرنگەو پێویستە ئاماژەی پێبکرێ ئەوەیە کە لە دەستەی نوێنەرایەتی ئازەربایجان بۆ تاران بە سەرۆکایەتی پیشەوەری لە کۆی ئەندامەکان تەنیا یەك نەفەریان کورد بوو، ئەویش حەمەحوسینی سەیفی قازی بوو، چوار کەسەکەی تریان ئازەری بوون. پاش وتووێژو پێکهاتن، پەیماننامەیەکی پانزە خاڵی لەلایەن دە نەفەرەوە مۆر بکرێ. دوایی موزەفەری فەیروززی لەلایەن دەوڵەتی ئێرانەوەو پیشەوەری وەك سەرۆکی دەستەی نوێنەرایەتی ئازەربایجان مۆریان کرد. ساکاری و بێدەسەڵاتی سەرکردایەتی کورد لێرەدا بە ئاشکرا دەردەکەوێ. ئەوەی کە دەڵێن کورد دەبێ لە چوارچێوەی ئازەربایجاندا بمێنێتەوە، ڕاستەو هەر لەو چوارچێوەیە سەرکردایەتی کورد ڕەفتارو هەڵسوکەوتی کردووە. لەبەرئەوە،

١- دەستەی نوێنەرایەتی پەیمانەکە بەناوی ڕێککەوتنی ئازەربایجان و دەوڵەتی ئێرانەوە هاتووە.

٢- دەستەی نوێنەرایەتیەکە، تەنانەت ناوی دەستەی نوێنەرایەتی هاوبەشی کوردو ئازەری یا کوردستان و ئازەربایجانی لێ نەنراوە.

٣- ئەندامانی دەستەی نوێنەرایەتی یەکسان نین، یەك کورد بەرامبەر بە چوار ئەندامی ئازەرییە.

بنکەی ژین www.zheen.org

**٤– تەنانەت مۆر یا ئیمزای حەمەحوسێنی سەیفی قازی پێوە نییە[٣٤].**

**٥– گومان لەوەدا نییە کە پێش ڕۆیشتنی دەستەی نوێنەرایەتی ئازەربایجان بۆ تاران‌و بانگکردنی حەمەحوسینی سەیفی قازی بۆ تەورێزو ڕۆیشتنی بۆ تاران، سەرکردایەتی کوردو لەسەرووی هەموویانەوە قازی محەمەد ئاگاداری داخوازی‌و پڕۆژەکانی ئازەربایجان بووە کە دراوەتە دەوڵەتی ئێران.**

**٦– کەواتە بۆ تەنیا یەك نەفەر لە کورد بانگ دەکرێ.**

**٧– کەواتە کوردیش یا کوردستان لە چوارچێوەی ئازەربایجانە.**

**٨– بۆچی خواستەکانی کوردیش نەخراونەتە ناو پرۆژەکەو هەموو بەندەکانی نەگرتوەتەوەو ناوی کوردو کوردستانیان تێدا نەبردووە[٣٥].**

**٩– بۆ نوێنەری کورد بانگ نەکرایەوە بۆ مەهاباد لەباتی ئەوەی بچێ بۆ تاران.**

---

[٣٤] نەبوونی ئیمزا یا مۆری نوێنەری کوردی لەسەر ڕێککەتننامەکەی ١١ی حوزەیرانی ١٩٤٦ی نێوان فەیرووز–پێشەوەری، ناڕەزایی کورد لەو ڕێککەوتننامەیەو قبووڵنەکردنی دەگەیەنێ.

[٣٥] لە بەندی ١٣ی ڕێککەوتننامەکەدا هاتووە: ((دەوڵەت ڕەزامەندی خۆی دەردەبڕێ کە کوردەکانی ئازەربایجان کەڵك لە شتە باشەکانی ئەم ڕێککەوتنە وەربگرن‌و بەپێی بەندی ٣ی بڵاوکراوەکەی دەوڵەت تا پۆلی پێنجەمی سەرەتایی بە زمانی خۆیان بخوێنن)). دیارە داڕشتنی ئەم دەقە زۆر لێڵە. دیار نییە کەڵك وەرگرتنی کوردەکانی ئازەربایجان لە شتە باشەکانی ڕێککەوتنەکە چییە؟ ئەوەی وای لە زۆربەی کوردە ڕۆشنبیرەکانی شاری سنە کردووە کە ژمارەیان لە ٩٠ کەس زیاترە تەلگرافی دەستخۆشی بۆ قەوامول سەڵتەنە بنێرن‌و داوای ئەوەی لێ بکەن کە کوردەکانی سنەش چاوەڕێن وەك کوردەکانی باکوور سوود لە ناوەڕۆکی ئەو ڕێککەوتننامەیەببینن کە سەرەتای گۆڕانێکی دیموکراتییە (بڕوانە: کوهستان "هەفتەنامە"، شمارە ٦٠، ٢٧ خرداد ١٣٢٥; شمارە ٦٢، ١٠ تیر ١٣٢٥).

١٠- ئەم نوێنەرەی کورد بۆ لە تاران نەکشایەوەو ڕەخنەی نەگرت، یاخود پێی لەسەر ئەوە دانەگرت کە تەواوی بەندەکان دەبێ کوردو کوردستانیش بگرێتەوە.

١١- سەرئەنجام بە چ مەبەستێك نوێنەرێکی کورد تێکەڵی دەستەی نوێنەرایەتی ئازەربایجان دەبێ‌و بۆ خواستو داخوازیەکانی کوردی ئاڕاستەی ئامادەبوانی وتووێژەکان نەکرد.

١٢- ئازەریەکان بەم چەشنە لای کاربەدەستانی ئێران سەلماندیان کە کێشەی کورد لە چوارچێوەی ئازەربایجاندا چارەسەر دەکرێ‌و بەڵگەکەشیان ئەوە دەبێ کە ئەوەتا کوردێکیشمان لەگەڵەو جێگرو نوێنەری قازی محەمەدی سەرۆکی کوردستانە.

١٣- بۆ کورد بەجیا پەیمانێکی لەوچەشنەی لەگەڵ تاران نەبەست ؟

١٤- بۆ کورد هەر لە ڕێگای تەورێز یا ئازەربایجانەوە لەگەڵ تاران کەوتووەتە وتووێژ ؟

١٥- بۆ کورد نەیتوانی وتووێژەکان یەك جار بهێنێتە مەهاباد لەبری تەورێز ؟

١٦- کورد بۆ نەیتوانی وەك ئازەرییەکان بودجەیەك لە دەوڵەتی ناوەندی وەرگرێ ؟

١٧- بۆ کورد نەیتوانی وەك ئازەربایجان پارێزگارێك بگۆڕێ ؟

١٨- بۆ سەرکردایەتی کورد نەیتوانی وەك ئازەریەکان سنووری ناوچەی ژێردەسەڵاتی (کوردستان) دیاری بکات. ئازەریەکان سنووری وڵاتەکەیان بە ئوستانەکانی ٣ و ٤ دانا بوو. ڕژێمی تارانیش بە ئامادەبوونی حەمەحوسینی سەیفی قازی، دانی نابوو بەو سنوورەداو دەیان پرسیاری تر.

١٩- سەرانی کورد، لە وتووێژەکانیاندا لەگەڵ دەوڵەتی ئێران هەرگیز داوای ئەوەیان نەکردووە سوپای ئێران لە سەقزو بانەو سەردەشتو شارەکانی تر بکشێتەوەو چۆڵیان بکا. کەچی سەرانی ئازەربایجان بەرامبەر بە داخوازی ئێران بۆ چۆڵکردنی زنجان لەلایەن هێزەکانی ئازەربایجانەوە، داوای ئەوەیان لە ئێران کردبوو کە ئەوانیش شارەکانی سەقزو بانەو سەردەشت چۆڵ بکەن. واتە لێرەیش سەرانی ئازەربایجان خۆیان بە خاوەنی کێشەی ئەو ناوچەیە داناوە. ئەم داخوازییەی ئازەریەکان لەبەر ئەوە بوو کە بوونی هێزی ئێران لەو شارانەدا مەترسی هەیە بۆ سەر ئازەربایجان لە دواڕۆژدا، چونکە ئەگەر سوپای ئێران هێرش بکاتە سەر ئازەربایجان ئەو هێزانەی سوپا کە لەو شارانەدایە لە هێرشەکەدا بەکار دەهێنرێن. لێرەدا دەردەکەوێ کە سەرانی ئازەربایجان زۆر زیرەکانە لە مامەڵەکردنیاندا لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی سەودایان لەسەر خاکی کورد کردووە. ئەگەر سەرانی ئازەربایجان بەراستی هاوپەیمانو دۆستی کورد بوونایەو نیازیان پاك بوایە، هانی سەرانی کوردیان دەداو یارمەتییان دەدان بۆ ئازادکردنی ئەو شارانە، وەك چۆن شارەکانی خۆیان ڕزگار کردو پێشمەرگەکانی کوردیش شان بەشانی فیدائیەکانی ئازەربایجان لە ڕزگارکردنی ورمێو خۆیو ماکۆو شوێنەکانی تردا دەوریان دەبینی.

ناردنی سی تانكو تۆپو زیاتر لە هەزار فیدائی ئازەری لەلایەن سەرکردایەتی ئازەربایجانەوە بۆ بەرەی میاندواو، لەڕاستیدا بۆ یارمەتی کوردەکان نەبوە، یا وەك هەندێك دەڵێن بۆ گرتنەوە یا ئازادکردنی شارەکانی سەقزو بانەو سەردەشت نەبوە، بەڵکوو بۆ بەرگری لە هێرشی هێزەکانی ئێران لەو شارانەدا بەرەو ئازەربایجان بووە؛ بەپێی ئەو

ڕێککەوتنەی نێوان تاران‌و تەورێز بوو کە پاش ئەوەی ئازەریەکان (زەنجان)یان چۆڵ کرد بۆ دڵنیایی سەرکردایەتی ئازەربایجان سوپای ئێران لە بەرەی سەقزو میاندواوەوە هێرش ناکات، ئەو هێزەی خۆیان بنێرنە ئەوێ.

لەلایەکی ترەوە، دوور نییە دەسەلاّتدارانی ئێرانی ئەوەیان مسۆگەر کردبێ لای سەرانی ئازەربایجان کە ئەو هێزەی ئەوان نەهێڵێ کوردەکان ئەو شارانە ئازاد بکەن یا هێرشیان بکەنە سەر. (هەروەك چۆن لە پێکهاتنی نهێنی‌و ڕاگەیاندراودا، سەرانی سۆڤێت‌و ئێران‌و ئازەربایجان بڕیاریان دابوو کێشەی کورد لە چوارچێوەی ئازەربایجاندا بمێنێتەوە. پێشتریش باس ئەوەمان دەکرد کە قازی محەمەد بەڵێنی ئەوەی دابوو کە هێرش نەکرێتە سەر هێزەکانی ئێران لە سەقزو بانەو سەردەشت تفاق‌و خواردەمەنییان بۆ بچێ.

٢٠- پەسندکردنی پەیمانی نێوان ئازەربایجان‌و دەوڵەتی ئێران لەلایەن سەرانی کوردەوە. (پێشتر ئاماژەمان بەوەکرد کە حەمەحوسینی سەیفی قازی لەکاتی بەستنی ئەم پەیمانەدا ئامادە بووەو گوتمان هیچ ڕەخنەو ناڕەزاییەکیش دژی ئەم پەیمانە نەکرا، چونکە نوێنەری کورد بەشدار بووەو نەیان‌دەتوانی پەسندی نەکەن. بێدەنگیش وەك دەڵێن نیشانەی ڕازیبوون‌و پەسندکردنە)[٣٦]. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە مەهابادو

---

[٣٦] هەموو کاتێك بێدەنگی نیشانەی ڕازیبوون نییە، ئەو بێدەنگییەی حەمەحوسێن سەیفی قازی نیشانەی ناڕەزاییە. حەمەحوسێنی سەیفی قازی لە کۆبوونەوەیەکی جەماوەریدا هێرشی توندی کردۆتە سەر دەسەلاّتدارانی تاران. هەروەها پاشتر قازی محەممەد لە ڕۆژی ٢٦ی حوزەیرانی ١٩٤٦دا سەردانی تارنی کرد تا سەربەخۆ لەگەڵ حکوومەو سەرەك وەزیران قەوامول سەڵتەنەدا سەبارەت بە مافی نەتەوەی کورد بکەوێتە

www.zheen.org

ناوچەکانی تری کوردستان سەر بە مەهاباد دەبن‌و سەروکاریان لەگەڵ تەورێزدا دەبێ نەك تاران. سوپاکەی کۆماری مەهاباد دەبوو بە نیگەهبان یا پاسەوان‌و پۆستی سەرۆك کۆماری نەدەماو قازی محەمەد دەبوو بە سەرۆکی ئەنجومەنی ویلایەتی موکریان‌و وەزارەتەکان نەدەمان‌و دەبوون بە ئیدارە.

ئازەربایجان بەپێی پەیمانەکە سنووری دیاری کرابوو و لە دوو ئوستان یا دوو پارێزگا پێك هاتبوو کە بریتین لە ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات‌و ناوەندەکەی تەورێز بوو، بە ئوستانی سێ ناسرابوو، لەگەڵ ئوستانی چوار واتە ئازەربایجانی ڕۆژاوا کە ناوەندەکەی ورمێ بوو. بەڵام هیچ سنوورێك بۆ کوردستان دیاری نەکرابوو.

خۆبەدەستەوەدانی سەرکردایەتی کوردو پێشوازیکردنی قازی محەمەد لە سوپا سەرکوتکەرەکەی ئێران، لەڕاستیدا بڕیارێکی کوردی نەبوە، بەڵکوو بڕیارێکی سۆڤێتی بووە کە لە چەند کەناڵەوەو پێش هێرشی سوپای ئێران بۆ سەر ئازەربایجان‌و کوردستان لە ڕێگای تاران‌و تەورێزەوە بە سەرکردایەتی ئازەری‌و کورد ڕاگەیانرابوو کە نابێ بەربەرەکانی‌و بەرەنگاری سوپای ئێران بکرێ. نەك ئەوەی کە دەگوترێ لە

---

گفتوگۆ. هەفتەنامەی "کوهستان" لەژێر سەردێڕی "قاضی محمد رهبر فرقەی دمکرات در تهران"، پاش ئەوەی باسی لەو چوونەی قازی‌و نیشتنەوەی تەیارەکەی لە فڕۆکەخانەی میهرئابادو پێشوازی کوردەکانی تاران بۆ ناوبراو دەکات، دەنووسێ: ((یەکەمین چاوپێکەوتن لەگەڵ سەرۆکی دەوڵەتدا لە کەش‌وهەوایەکی خۆش‌و پڕڕاستگۆییدا ئەنجام درا. گفتوگۆی سەرەکی لەم هەفتەیەدا دەستی پێکردووەو ئومێد هەیە بەو نیازپاکییەی کە هەردوولا هەیانە، مەسەلەی کوردستان بە شێوەیەکی ڕەزامەندبەخش‌و پێویست کۆتایی پێ بهێنرێ)) (بڕوانە: "کوهستان "هەفتەنامە"، شمارە ٦٢، ١٠ تیر ١٣٢٥).

کۆبوونەوەکەدا بڕیار دراوە، یاخود قازی وتوویەتی خۆی دەکاتە قوربانی خەڵکی مەهاباد، یاخود دەڵێن زۆربەی ئەو عەشایرو دەرەبەگانەی کە لەگەڵ کۆمار بوون لەژێرەوە پەیوەندییان هەبوە بە ڕژێمی ئێرانەوە، یا دەڵێن کۆمار کەسی لەگەڵدا نەبوە بۆیە بڕیاری تەسلیم بوون درا.

* * *

**هەندێ تێبینی:**

١- پێشتر باسی ئەوەمان کرد قازی داوا دەکات مەهاباد ڕاستەوخۆ سەر بە تاران بێ و لەژێر دەسەڵاتی ئوستانی چوار (ئازەربایجانی غەربی یا ڕۆژهەلات) بێتە دەرێ. وەك ئاشکرایە ئازەربایجانی ڕۆژاوا، شارەکانی ورمێ، خۆی، ماکۆ، سەڵماس، سەردەشت، خانە- پیرانشەهر، سوڵدوز (نەغەدە)، مەهابادو... دەگرێتەوە. زۆربەی دانیشتوانی ئەم ئوستانی چوارە کە لەمێژ نییە ناوی ئازەربایجانی غەربی لێ نراوە، کوردن و بەشێکی جیانەکراوی کوردستانەو ناوێکی دەستکردیان بۆ دروست کردووە. مەڵبەندی قەڵای دم دم، ڕاپەڕینی هۆزەکانی جەلالی، میلان و زیلان و شکاك، (جەعفەر ئاغای شکاك سمایل ئاغاو عەمەر خانی شەریفی و ...) سوێسنی و گەورك و مەنگوڕو دێبوکری و ... بووە. کوردەکانی ئەو ناوچانە، نەك تەنیا دژی دەسەڵاتدارانی ئێرانی بوون، بەڵکوو دژی بەتورککردن (کردن بە بەشێك لە ئازەربایجان)ی هێندێ ناوچەو شاری کوردستان بوون؛ جیاوازییان نەکردووە لە سنووردا، لە شۆڕشەکانی کوردستانی باکوورو باشووردا بەشداری چالاکانەیان کردووە. هەر لەبەر ئەوەش هەموو جارێك هەوڵی گواستنەوەو گرتن و کوشتنیان داون و بەزۆر توانییان شارەکانی ورمێ (ڕەزائیە)، خۆی، ماکۆ، سەڵماس لە زەمانی ڕەزا شاو ماوەیەکی زۆریش لە سەردەمی دەسەڵاتی حەمەڕەزا شای کوڕیدا بە ڕووی کوردەکاندا دابخەن. هەروەها تەنگیان بە

ئاسووریو ئەو ناوچانەهەڵچنیو ئاوارەی هەندەرانیان کردن. ڕژێمە شۆڤێنییەکانی ئێران، هەموو کاتێك تورکە ئازەرییەکان دەورێکی باڵایان تێدا هەبوە، ویستوویانە وا پیشان بدەن کە کوردستان تەنیا یەك ئوستانەو ئەویش ناوەندەکەی سنەیە.

ماوەیەکی زۆر ئەو ئازەربایجانە غەربییە لەژێر دەسەڵاتی سمکۆدا بووەو ورمێش (ڕەزائیە) کرا بە پایتەختی کوردستان. پاش مانگی شەهریوەری ١٣٢٠، واتە ساڵی ١٩٤١، چەند جار کوردەکان گەمارۆیان داو ویستیان بیگرن، بەڵام سۆڤێتەکان نەیانهێشت. کەچی کە ئازەرییەکان ویستییان داگیری بکەن، هیچ ڕێگایان لێ نەگرتن. هەرچەندە شارەکانی خۆی، ماکۆ، میاندواو، ورمێ، بە هێزو بازووی پێشمەرگەکانی کوردو فیدائییە ئاسووریو ئەرمەنەکان لەگەڵ ژمارەیەکی کەم لە ئازەربایجانیەکاندا ئازاد کران، بەڵام دەسەڵاتی کوردییان تێدا ڕانەگەیاندرا.

لێرەدا مەبەستم شیکردنەوەی وتەکانی قازی محەمەدە، وەك بڵێی هەست نەکردن بێ بەرامبەر بە بەشێکی کوردستانو کێشەی کورد خستنە سنوورێکی تەسکی چوارچێوەی سەقزو بانەو بۆکانو چەند ناوچەی تر. ئەویش پاش چوار ساڵ داخوازی یارمەتی بۆ بواری تەندروستیو پەروەردەو بەس. ئەمە لە مانگی مارتی ١٩٤٥دا کە هێشتا فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان دانەمەزرابوو و هێشتا ئازەرییەکان نیازی ئەوەیان نەبوو داوای خودموختاریش بکەن تا بڵێن ڕەزائییە لەژێر دەسەڵاتی ئازەرییەکاندا بووە.

هەرچەندە قازی محەمەد لەگەڵ پەیامنێری ئاژانسی تاسدا ڕێکەوتی ١٧ی یانوری ١٩٤٦ ئەم ڕاستییەی دەرخستووە کە کوردەکانی ئوستانی چوار (ئازەربایجانی غەربی) شۆڕشیان کردووەو ناوچەکەیان خستووەتە

بنکەی ژین
www.zheen.org

ژێر کۆنترۆڵی خۆیان. هەروەها قازی محەمەد، وەك سادچیکۆف دەیگێڕێتەوە، لە وتووێژدا لەگەڵ فەیرووز داوای کوردستانی گەورە دەکات، هەر لەگەڵ فەیرووزدا داوای ئەوە دەکات کە بانەو سەقزی سەر بە سنە بخرێنە سەر مەهاباد. فەیرووز، دەڵێ کە بە قازی گوتووە باشتر وایە کوردستان لە سێ بەڕێوەبەرایەتی سەربەخۆدا جیا بکرێتەوە، کە بریتین لە سنە، بانە، سەقزو مەهاباد.

من پێم وایە پێشنیارەکانی قازی محەمەد لە هیچ حاڵێکدا مەهاباد سەر بە تاران بێ و بانەو سەقزی سەر بە سنە بخرێنە سەر مەهاباد، تاکتیکێکی بەجێ نەبوە، چونکە بانەو سەقز هەر لە سەرەتای ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٤١ـەوە بە خەڵك‌و پێشمەرگەوە لەگەڵ مەهاباددا بوون.

جیاکردنەوەی مەهابادیش لە ئوستانی چوار، مانای ئەوە بوو گرنگ نییە شوێنەکانی تری ئەو ئوستانە چ لەژێر دەستی تاران بن یا عەجەمە ئازەریەکان، واتە کوردستان ناگرێتەوەو دان‌نانە بەو سنوورە دەستکردانەی کە دوژمن لە کوردستانی دابەشکراویشدا هەوڵی گۆڕینی قەوارەو ناوو دانیشتوانی ئەدات. تەنانەت ئەگەر مەهابادیش جیا بکرایەتەوەو سەر بە تاران‌و سەقزو بانەش سەر بە مەهاباد بوایە، ئایا ئەم ناوچانە چەند بەشی کوردستانی ڕۆژهەڵاتی ئەگرتەوەو چارەنووسی گەلی کورد لە سەقزو بانە بەرەوخوار، یاخود لە مەهاباد بەرەوژوور چی لێ ئەهات ؟

لەگەڵ ئەوەدا کوردەکان هەر لە سەرتای هاتنی سوپای سوورەوە لە ساڵی ١٩٤١دا بۆ ئێران، داوای دامەزراندنی کۆمەڵەی پەیوەندی کەلتووری سۆڤێت- کوردیان کردووە. کەچی تا ساڵی ١٩٤٥ ئەو کۆمەڵەیە دامەزرا؛ هەرچەندە لە زۆر شوێنی ئێراندا بەتایبەتی لە

ئازەربایجان لەمێژ بوو ئەو کۆمەڵەیە دامەزرا بوو و بەهۆی بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەو کتێبو پیشاندانی فلیمو کردنەوەی خولی فێربوونی خوێندنو نووسینەوە دەورێکی ڕۆشنبیری باشیان لەناو خەڵکدا هەبوە. بگرە کتێبی قوتابخانەی سەرەتاییو مامۆستای ئازەرییان لە ئازەربایجانی سۆڤێتەوە دەهێنا بۆیان، بەڵام بەداخەوە وەك هەمیشە درەنگ ئاوڕیان لە کورد دایەوە.

لە نووسراوێکدا بۆ ئەو گرووپەی کە هاتن بۆ مەهاباد بۆ دامەزراندنی کۆمەڵەی باسکراو، پاش گەڕانەوەیان، هاتووە کە (نەدەبوا ئێوە ئەو ئەرکەتان ئەنجام بدایە، دەبوا کوردەکان خۆیان دەست پێشخەر بوونایە لەو ئەرکەدا).

شتێکی تر لێرەدا سەرنج ڕاکێشە، ئەوەیە کە قازی مەترسی ئەوەی هەیە بە کۆتاییهاتنی شەڕو دەرچوونی سوپای هاوپەیمانەکان، جارێکی تر سەرکوتکردنەوەی کوردەکان دەست پێبکاتەوەو کورد بەتەنیا بمێنێتەوەو هیچ لایەنێك نەچێتە ژێر باری ئەوەی کە گەرانتی بدا بە گەلی کورد جارێکی تر سەرکوت نەکرێتەوە (بڕوانە لاپەڕە ٧).

١- پارتی (ژ. ك) زۆر جار هەوڵی داوە سۆڤێتەکان وەك پارتێکی سیاسی کورد، لەگەڵ (ژ. ك)دا پەیوەندیو هەڵسوکەوت بکەن، بەڵام ئەوان (ژ. ك)یان بە ڕێکخراوێکی سەر بە ئینگلیز داناوەو ئامادە نەبوون هاوکاری لەگەڵدا بکەن، بەڵکوو هەوڵی لاوازکردنو لە ئەنجامدا لەناوبردنیان دا (ل٩-١٠).

٢- دوور نییە کە ئاشومۆف بۆ بەدناوکردنو گومان پەیداکردن لای سۆڤێتەکان، ئەمەی نووسیبێ (ل١١).

بنکەی ژین
www.zheen.org

٣- قازی محەمەد لەگەڵ پەیامنێری تاس دەڵێ: ئێمە پارتی (ژ. ك)مان هەڵوەشاندەوەو گۆڕینی ناوی (ژ. ك)ی بەدڵ نەبوە بەڵام سەپێندراوە بەسەریا (ل١٩).

٤- فەیرووز وەك جێگری قەوام، دان بەوەدا دەنێ کە کێشەی بەڕێوەبردنی مەهاباد لە چوارچێوەی ئەو پەیمانەدا چارەسەر کراوەو لەنێوان دەوڵەتی ناوەندیو ئازەربایجاندا مۆر کراوە. واتە مەهاباد لە چوارچێوەی ئازەربایجاندایەو قازی فەرمانداری دەبێ. کەواتە نابێ باسی خودموختاری کوردستانو کێشەی کوردو کوردستان بکرێ (ل٢٠).

٥- ڕژێمی ئێران، پیلانێکی کۆنی پانئێرانیەکانی زیندوو کردۆتەوە کە بەپێی ئەو پیلانە، کوردەکانی تورکیەو عیراقو سووریەی ئەمڕۆ بە ئێرانی دادەنێنو دەڵێن کورد بە ڕەچەڵەك ئێرانینو کوردستان بە هەموو پارچەکانیەوە لەکۆنەوە سەر بە ئێرانەو دەبێ قازی محەمەد بۆ ڕاکێشانی کوردەکانی ئەو پارچانەو لکاندنیان بە ئێرانەوە هەوڵ بدات. بۆ ئەم مەبەستەش دەبێ هەوڵ بدرێ قازی محەمەد زۆرتر ناو دەرکاتو وەك ڕێبەری هەموو کوردان بناسرێو گەورەتر بێ. دیارە بەپێی ئەم پیلانە لە حاڵەتێکدا کە سەرنەکەوت، تورکیاو عیراقیش بۆ لەناوبردنی بزووتنەوەی کورد لەگەڵ ئێران هاوکاری یەکتر دەکەنو زووتر لەیەکتر نزیك دەبنەوەو کێشەکە گەورەتر دەبێ (ئەوکاتە بیانوو پەیدا دەبێ بۆ هاوکاری سوپایی لەنێوان ئەو سێ دەوڵەتە ناوبراوەدا دژی کورد). خۆ ئەگەر ئەم پان ئێرانیستانە شتێکیان بۆ کوردەکانی ئێران بکردایە، ئەوا دوور نەبوو کوردەکانی عیراق و تورکیاو سوریەش داوای یەك گرتنیان بکردایە لەگەڵ ئێراندا (ل٢١).

٦- ڕاپۆرتەکەی مورادیان باسی ناکۆکی نێوان ئازەریو کورد دەکات، دیارە مەبەستی تەنیا هەر بەدناوکردنو تاوانبارکردنی کوردەکانە. ناکۆکی نێوان ئازەریو کورد پێشینەیەکی کۆنی هەیە. لێرەدا هەر باسی ئەوە دەکرێ پاش ڕوخانی ڕەزا شا زۆربەی ئەو هۆزو خێڵە کوردانەی لە سەردەمی ڕەزا شادا دوورخرابونەوە بۆ ناوچە جۆربەجۆرەکانی ئێران یا زیندان کرابوون، پاش ١٩٤١ کە لە زیندان ئازادکرانو گەڕانەوە بۆ شوێنی خۆیان، بە دەستی بەتاڵو لەوپەڕی هەژاریو نەداریدا بوون، مەڕو ماڵاتیان نەمابوو، زەوی و زاریان درابوو بە خەڵکی تر، خانووو بەرەیان ڕووخابوو، بۆ وەرگرتنەوەیان تووشی کێشەیەکی زۆر بوون. بڕیار بوو ڕژێمی ئێران قەرەبووی ئەو زیانانەیان بۆ بکاتەوە، بەڵام سەری نەگرتو لەگەڵ هەم کاربەدەستانی ئێرانو ئازەریەکانو هەم هەندێ لە کوردەکان تووشی کێشەی تر بوون. کاربەدەستانی ئازەریش دەستیان گرت بەسەر ناوچەکەداو وەك بەشێکی ئازەربایجان نلوچەکانی خۆی، ماکۆ، شاپوور، ورمێیان هێشتەوەو بواری کوردیان نەدەدا لە دەسەڵاتو بەڕێوەبردنی ئەو ناوچانەدا ڕۆڵێکیان هەبێ. تەنانەت وەك نووسەری ڕاپۆرتەکە لە لاپەڕە ٣٢دا ئەم ڕاستییە ناشارێتەوە کە دەڵێ: یەك کورد لە کاروباری دەوڵەتیدا بەشدار نەکراوە، نەك هەر ئەوە بەڵکوو وای لێ هاتبوو هاتوچۆی کوردەکان لە ناوچەکەدا بەبێ مۆڵەتی ڕەسمی کاربەدەستانی ئازەری قەدەغە بوو (وەك سەردەمی ڕەزا شا). بەڵام ئەمەیان بۆ نەدەچوە سەر چونکە کوردەکان قورساییەکیان هەبوو و چەکدار بوونو هێزێکی زۆریشیان هەیەو چەند جاریش ڕووبەرووی یەك بوونەتەوە، ئازەرییەکان تێك دەشکێنران (سەرەڕای یارمەتی سوپایی کە لەتەورێزەوە بۆیان دەهات).

پێش ئەوەی ئازەریەکان دەسەڵاتی خۆیان بەسەر ئەو ناوچانەدا ڕابگەیەنن، دەسەڵات بەدەستی کوردەکانەوە بوو، بەڵام تەنگیان بە

www.zheen.org

ئازەریەکان هەڵنەچنیبوو. بایەخنەدانی کورد لە مەهاباد، بەگوێرەی پێویست بە ناوچەکە ڕێگرتنی فەرمانبەرایەتی سۆڤێت بۆ دەست بەسەراگرتنی کوردەکان بەسەر ناوچەکەدا، پاشان یارمەتیدانیان بۆ ئازەریەکان لە دەستگرتن بەسەر ناوچەکەدا، وایان لە کوردەکان کرد کە زۆر جار بەبێ ئەوەی پرس بە ڕێبەرایەتی کورد بکەن لە مەهاباد، سەربەخۆ بجووڵێنەوە.

دیارە هەردوولاش هەوڵیان داوە ئەندام و لایەنگر بۆ پارتەکەی خۆیان وەرگرن، ئێرانیش لەگەڵ کۆنەپەرستانی ناوچەکە دەستیان هەبوو لە نانەوەی شەڕ لەنێوان هەردوولاداو لە هەردوولا پیاوخراپ و بەکرێگیراویان دەست کەوتووە بۆ ئەو مەبەستە. نەدانی سەرانەو باج کە هەردوولا ڕایانگەیاندبوو ئەوەی کە بێتە ڕیزی حیزبەکەیانەوە لە باجدان و سەربازیکردن ئازاد دەکرێن، ئەمەش بووە هۆیەکی تری ئەم ئاژاوەنانەوەیە.

مورادیان، قازی محەمەد تاوانبار دەکات بەرانبەر بە پیشەوەری و لەم بارەوە نیگەرانی دەربڕیوەو بەسەرسوڕمانەوە وا باس دەکات چۆن قازی دەیەوێ ڕەخنە لە پیشەوەری بگرێ، هەرچەندە قازی محەمەد بۆ خۆی زانیویە مورادیان پیاوی باقرۆفەو ئەو قسانەی لەوانەیە نەکردبێ. عەمەر خانی شەریفی (شکاک) لەگەڵ چەند سەرکردەی کوردی تر کە تاوانبار دەکرێن بەوەی لەگەڵ ئێران و تورکیاو ئینگلیز یا ئەمریکا پەیوەندییان هەبووەو لە هیچ شتێك بۆ بەدناوکردنی کوردەکان درێغی ناکەن.

لە لاپەڕەی ٣١دا باسی کابرایەك دەکات کە گوایە ئەندامی سەرکردایەتی جیزبی دیموکراتی کوردستان بووە، تائێستا ناوی لە هیچ بەڵگەو نووسراوێکدا نەهاتووە لە زمانی ئەوەوە تاوانی زۆر دەدرێتە پاڵ

کوردەکان. لە لاپەڕە ٣٢دا بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە لە ناوچە ناوبراوەکاندا سەریان هەڵداوە، ڕێنوێنییەکانی زۆر سەرنج ڕاکێشن‌و پێویستییان بە شیکردنەوە نییە، وەك پێشنیاری دوورخستنەوەی ئەو کوردانەی ئامادە نین ملکەچ بن بۆ کاربەدەستانی ئازەری‌و ... هتد.

**تێبینی:** سولدوز یا نەغەدە بە بۆچوونی "ڤیلچیڤیسکی" دەڵێت ئەم ناوە لە عەشیرەتێکی کوردەوە هاتووە بە ناوی شولدزو سەبارەت بە قەرەپاپاخەکان کە نیشتەجێی ئەو ناوچەیەن دەنووسێ: ئەوانە عەشیرەتێکی تورك زمانی قەفقازی‌و لە شەڕی ئێران‌و ڕوسیا یارمەتی ئێرانیان داوە دژی ڕوسیا. عەباس میرزای شای ئێرانیش بەرامبەر بەو خزمەتە، سوڵدز پێشکەش بە قەرەپاپاخەکان دەکا بەرانبەر بە دوانزە هەزار تمەن لە ساڵێکدا کە بیدەن بە شای ئێران.

قولی خانی سەرکردەی قەرەپاپاخەکان، ساڵی ١٩٤٣دا وا لە ڕووسەکان دەکا خۆی‌و عەشیرەتەکەی بگەڕێنەوە بۆ نیشتمانی خۆیان واتە قەفقاز. بۆ ئەم مەبەستەش نامەیەك دەنێرێ بۆ ئەکادیمیای گورجستان‌و خۆیشی سەردانی ئەوێ دەکات گوایە کەس‌وکارو پاشماوەی خێڵەکانیان تائێستا لە قەفقاز ماون. قولی خان کۆپیی ئەو نامەیەی ماوەو هەڵی گرتووە (بڕوانە: کتێبی کوردی ماکۆو ڕۆژئاوای ئێران، نووسینی ڤیلچیڤیسکی، تیبلیس ١٩٤٤).

قەرەپەپاخەکان نیشتەجێی ناوچەی بورجالینی سەر بە قەفقاز بوون، ئێستا ئەوانە کەم کەس لەگەڵ کوردەکان جیایان دەکاتەوە، تەنیا لە باری ئیتنیکی‌و زمانەوە نەبێ بە کوردی دەدوێن تەنیا لە دەربڕینیان دیارەو لەهجەیان هەیە.

* * *

www.zheen.org